دەروازە

## شەڕە شەڕعییەت

هەرچۆنێک بێت شەڕە شەرعییەت لەشەڕە شاپ باشترە، شەڕە دندوکیش لە شەڕ گوللە بێخەمترە، ئەنفلۆنزای باڵندەش لە ئەنفلۆنزای بەراز سەلامەتترە، بەڵام ئەنفلۆنزای مرۆڤ لە هەردووکیان خەتەرترە، ناشزانم ئەنفلۆنزای ئەسپیش چۆن دەبێت کە ئەویشیان بەڕێوەیە، برایەکی موسڵمانم دیت بەبێ ئەوەی تووشی هیچ ئەنفلۆنزایەک بووبێت دەیگۆت وەڵڵاهی وەبیڵلاهی وەتەڵلاهی کە هەرسێکی ناوی خوایە ئەوەی یەکگرتووی ئیسلامی و کۆمەڵی ئیسلامی کردویانە کە بەیەک لیست لەگەڵ زەحمەتکێشان و سۆشیالیست بەشداری هەڵبژاردن دەکەن کارێکی زۆر ناشەرعییە، لەوەش ناشەرعیتر ئەوەیە شەرعیەت بەو ناشەرعییەتەیان دەدەن .

قسەیەکی جوان هەیە دەڵێ هەوڵدان بۆ هێنانەدی هەر ئامانجێکی شەرعی بە رێگایەکی ناشەرعی ئامانجەکەش ناشەرعی دەبێت، هەرچەندە دەمێکە باوی ئەو فکرو فەلسەفە و قسە قۆڕانە نەماوە، پیاو ئەو پیاوەیە دوو لاقە کورسی زیاتر بێنێ، ئەوەش کێشە نییە بەو دوو لاقە کورسییەی گۆڕانی پێ دەکرێ یان نا، گرنگ ئەوەیە هۆڵی پەرلەمان گەرم و گوڕ بێت و چەقە چەقی باشی تێدا بکرێ، چونکە هەتا قسەی زیاتر لە پەرلەمان بکرێ، ئەوە زیاتر هەنگاو بەرەو دیموکراسییەت داوێین، ئەو دیموکراسییەتەی بە قسەی ئەو برا موسڵمانەی کاتی خۆی دەیگۆت دیموکراسییەت تا ئەو شوێنەی شەرعییە تا لێیەوە دەگەیەنە دەسەڵات، دوای ئەوە شەرعییەتی نامێنێ، بۆیە ئەگەر بە گوێرەی ئەو شەرعی و ناشەرعییەی بێت، ئەوە دەبێت وەک ئەو پیاوەی بیر بکەینەوە کە دەیگۆت کارێکی زۆر ناشەرعییە ناوی ژنی لە پێشەوەی پیاوەی دابندرێ، مشتومڕیکی زۆریش لەسەر ئەوە دروست بووە کە چۆن دەبێت لیستی پاڵێوراوان بۆ هەڵبژاردن بە ناوی ژنانەوە دەست پێبکات، ئەگەر دیقەت بدەی رۆژانە چەندین جار گوێ بیستی ئەو قەوانە دەبین و هەمووشمان لە نێوان ئەو هەموو شەرعی و ناشەرعییەدا سەرمان سوڕماوە، هەریەکە و خۆی پێ شەرعییەو بەرامبەرەکەی پێ ناشەرعییە، ئەگەر لە هەڵبژاردندا دەنگی باشت هێنا ئەوە هەڵبژاردنەکە شەرعییە، ئەگەر نەشتهێنا ناشەرعییە، کار گەیشتۆتە ئەوەی پیاوەکان لە پێناو خۆیاندا و بۆ بەدەست هێنانی شەرعییەت شەرەفی یەکدی دەشکێنن و لەو پێناوەدا تێکۆشەرەکانی دوێنێ ئامادەن پەلاماری هەموو رابردووی خۆیان بدەن .

ئەمەش جۆرێکە لە نەخۆشی ئەگەرنا کێ دوو حانە بەو جۆرە قسانە دەدات، بە هەموو قوەتی خۆی دەڵێ گرنگ ئەوەیە بچینە پەرلەمان، ئێمە هیچ کارمان بە حکومەتەوە نییە، سەیر لەوەدایە بتەوێ بەچەند کورسییەکی ئیمارەتی بابانەوە حوکمی ئیمارەتی بەهدینان بکەی .



سمکۆ عەبدولکەریم

# بەشی یەکەمی یادەوەرییەکانی مام جەلال بە "٥" زمان چاپدەکرێ

# نازم عومەر: د. کەمال فوئادو بەندەو د. فاتیحی قانیع بەگ ئامادەکاری یادەوەرییەکانی "مام جەلال"ین



سەرۆک مام جەلال

**تایبەت بە بەدرخان**

دوای تەمەنێکی دوور و درێژ لە خەبات و ماندووبوون و خزمەت کردن لە دۆزی رەوای کورد، چ لە شاخ لە سەردەمی پێشمەرگایەتی و چ لە سەردەمە جیا جیاکانی تری خەباتی سیاسی، بڕیارە لەم رۆژانە بەشی یەکەمی یادەوەرییەکانی مام جەلال بەهەر ٥ زمانی "کوردی، عەرەبی، فارسی، تورکی، ئینگلیزی" لە دوو توێی ٧٠٠ لاپەڕەدا چاپ بکرێ، کە ئەوەیان بەرگی یەکەمی یادەوەرییەکانی مام جەلالە، کە باس لە ژیان و خەباتی مام جەلال لە "١٩٣٣- ١٩٦٦" دەکات، وەکو ئاگاداریشین بەرگی دووەمی ئەم کتێبە لە ساڵی ١٩٦٦ بۆ ١٩٩١ەو بەرگی سێیەمیشی لە راپەڕینەوە تا کاتی بوونێتی بە سەرۆک کۆماری عێراق.

مامۆستا نازم عومەر دەباغ نوێنەری حکومەتی هەرێمی کوردستان و یەکێتی نیشتمانی کوردستان لە تاران سەرپەرشتی ئامادەکردن و چاپکردنی ئەو کتێبەیە، بۆیە سەبارەت بە بیرۆکەی کارکردن لەو کتێبە لە لێدوانێکی تایبەت بە بەدرخان گوتی: " دیارە ماوەیەکی زۆرە پیاو کە سەیری مێژوو و رابردووی کەسانێکی سەرکردەی گەورەی مێژووی بزووتنەوەی رزگاریخوازی گەلی کورد دەکا وەکو بەڕێز مام جەلال، بە کارێکی پێویستم زانی، بە تایبەتی وەکو پێشمەرگەیەک و کوردێک کە بۆ یەکەم جار ببێ بە سەرۆک کۆماری وڵاتێک، کە زیاتر بە وڵاتێکی عەرەبی ناسراوە، بەڵام دیارە کورد بەشێکە لە بەشە بنەڕەتییەکاندا، بۆیە دوای ئەوەی کە عیرفان قانیع بەگ مێژوونووسی ئەو سەردەمەیە لە کوردستانی ئێران، لە سەردانێکیدا بۆ لام، لە دوای چەند جار چاوپێکەوتن و دیدار لەگەڵ بەڕێز مام جەلال و بەندەش، ئەم پێشیازەی کرد، کە بۆ نەیێین کارێکی وا بکەین، بەڕاستی وەکو شتێکی خۆش و دۆزینەوەی شتێکی بەنرخ پێموابوو و واش کەوتە بەر دڵم کە کارێکی پیرۆزە و دەبێ درێغی لێ نەکەم و بێ کاری لێ نەکەم، بەڵکو بکەومە کار، بۆ ئەوەی ئەو پرۆژەیە سەرکەوێ، ئەوەبوو دوای پرس و راکردن بە بەڕێز کاک دکتۆر کەمال فوئادیش وەکو هاوڕێیەکی بەتەمەن و هاوخەبات و هاو تێکۆشانی بەڕێز مام جەلال، کە شارەزایە لە بەشێکی زۆری خەباتی سیاسی ئەو پیاوە گەورەو تێکۆشەرە، ئەوەبوو توانیم رەزامەندی ئەویش وەربگرم، بۆئەوەی پشتیوانیمان لێ بکاو هاوکاریمان بکا، دوای ئەو پرس کردن بە شەخسی مام جەلال خۆشی، ئەوەبوو دەستمان بەو پرۆژەیە کرد بۆ ئەم کارە، دیارە پرۆژەکەمان بریتی نییە لە ساڵی ١٩٣٣ تا ١٩٦٦، بەڵکو بریتییە لە مێژووی بەدەم گێڕانەوەی "٦٠" ساڵ لە تەمەنی مام جەلال، ئەو تەمەنەشمان دابەش کردووە بۆ "٣" قۆناغ، قۆناغی یەکەم لە "١٩٣٣" لە لەدایکبوونییەوە تا دەگاتە ساڵی ١٩٦٦، قۆناغی دووەمیشی تا کاتی راپەڕین، قۆناغی سێیەمیش تا بووە بە سەرۆک کۆمار، ئێمە لە سێ بەش و بەرگدا ئەم ژیاننامە و خەبات و رابردووەی بەڕێز مام جەلال باس دەکەین، کە زۆربەی زۆری گێڕانەوەی ئەو مێژووە لە دەمی هەڤاڵەکان و لێپرسراوان و سیاسەتمەداران و کەسایەتی



نازم عومەر دەباغ

ناوچەکە و دنیادایە، تا ئێستا توانیومانە دەنگی "٤٥٢" کەس لە سیاسەتمەدارانی گەورەی دنیا لە بابەتی "کیسینجەر و بوش و تۆنی بلێر و بل کلینتۆن" هەروەها پێیدا وەرە خوارەوە بۆ مێژوونووسەکان و هەروەها خۆنووسەکانی خودی مام جەلال لە کوردستان و عێراق و وڵاتە عەرەبییەکاندا، دیارە ئەم مێژووە بریتییە لە گێڕانەوەی سەر زارەکی و هەموو ئەو کەسانەی کە باسمان کرد یاخود دەنگیمان تۆمار کردووە، ئێمە ئەوەمان خستۆتە سەر لاپەڕەکانی کتێب و بەشەکانی ئەو ژیاننامەیە هەوڵمانداوە راستگۆبین لە گێڕانەوەی قسەی ئەو کەسانەی قسەیان کردووە، بۆیە دەکرێ بڵێین هەموو ئەوانەی قسەکانیان کردووە بەرپرسن لە قسەکانی خۆیان، دیارە ئەم کتێبە یەکێ لە گرنگییەکانی ئەوەیە، کە جگە لەوەی ئەمانە هەڵسەنگاندن و گێڕانەوەشیان هەیە بۆ رووداوەکان و رۆڵ و توانایی مام جەلال، باشییەکەشی ئەوەیە زۆربەی ئەوانەی قسەیان کردووە خۆشبەختانە زیندوون، بە شەخسی مام جەلال خۆشییەوە، خەڵک ئازادە و لەدواییدا بیروڕاکانی خۆی دەربڕێ لەسەر ئەم بڵاوکراوەیە، بەرپرسیاریەتی قسەکانیش لە ئەستۆی ئەوانەدایە کە قسەکان دەکەن، بەڵام ئەوەی ئێمە بە گرنگمان زانیوە، کە تا ئێستاش بەشێکی لەوە دواکەوتووە هەوڵمانداوە کە بە زمانی گوڵ و بەزمانی شیاوی گێڕانەوەی تەئلیف کە راستگۆ بین لە گێڕانەوەی قسەی ئەو کەسانەی کە قسەیان کردووە لەسەر رابردوو و تێکۆشان و توانای بەڕێز مام جەلال.

لەبەرئەوەی بەرگی یەکەمی ئەو کتێبە لەژێر چاپە، ئایا تا ئێستا هیچ کارکراوە بۆ بەرگی دووەم یان نا، لە وەڵامدا مامۆستا نازم گوتی: ئێمە کارەکانمان وا کردووە، تا ئێستا ئەوەی کارمان لەسەر کردبێ هەموو قۆناغەکانە، بەڵام قۆناغی دووەم و سێهەم بەشێکی کەمی ماوە، کە ئومێد دەکەین ئەویش تەواو کەین، بەڵام بۆ قۆناغی یەکەم بەشە فارسییەکەی ئامادەیەو سەرچاوە فارسییەکە دەکرێتە سەرچاوەی وەرگێڕانی کوردی و عەرەبی و ئینگلیزی و ئەگەر بۆمان بکرێ تورکیش، ئێستاش فارسییەکە چاپ کراوە، بۆیە رایەک هەبوو کە لە پێشانگای نێونەتەوەیی کتێب لە تاران بڵاوبکرێتەوە، بەشێک لە ئێمە وامان بە باشزانی کە تا خوێندنەوەیەکی بۆ نەکرێ و ئۆکەیەکی نەدەینێ بەشێوەیەکی بەرفراوان بڵاوی نەکەینەوە، دیارە حەقیقەتێک هەیە دەمەوێ بیزانم کە بۆ بڵاوکردنەوەی ئەم کتێبە لە کۆماری ئیسلامی ئێرانی، لەبەرئەوەی فارسییە و لەوێش ئیشەکە کراوە، کۆماری ئیسلامی ئێرانی زۆر زوو بەدەنگەوە هات بۆ ریکلام کردن بۆ ئەو کتێبە، بۆ ئەوەش رەزامەندیان نیشاندا، کە لە پێشانگای نێونەتەوەیی لە تاران ١٠ کتێب هەڵسەنگاندنی بۆ دەکرێ لە لایەن لێپرسراوانی گەورەی کۆماری ئیسلامی ئێرانی، هەروەها وەزارەتی دەرەوەی کۆماری ئیسلامی ئێرانی یەکێکە لەو کتێبانە کتێبی ماوەی خەباتی مام جەلال بێت، داواشیان کرد کە بەرنامەیەکی زیندووی بۆ بکرێ، بۆئەوەی هەم بەڕێز مام جەلال بەشداری بکا و هەم کاک دکتۆر کەمال و بەندە و دانەری کتێبەکە، بە ئامادەبوونی گەورە لێپرسراوانی کۆماری ئیسلامی ئێران، بەڵام بەداخەوە لەبەر هەندێ بارودۆخی تایبەتی و هەندێ هۆ نەمانتوانی ئەو شەرەفە مەزنە وەربگرین، کە حزورمان هەبێ لەم دانیشتن و لەم پەردە هەڵماڵینە لەسەر کتێبەکەی بەڕێز مام جەلال. کاتیشمان کەم بوو کە پێرابگەین خوێندنەوەو پێداچوونەوەی تەواو بۆ کتێبەکە بکەین، نەبادا هەڵەی چاپ یا هەندێ کاری تێدابێ، کە شایستەی بڵاوکردنەوە نەبێت. بەڵام لە هەموو کاتەکاندا پەنا بەخوا هەوڵدەدەین لە چاپی دووەم یان لە وەرگێڕانی بۆ کوردی ئەم هەڵانەی کە دەکەونە ناو کتێبەکە دووبارە نەبێتەوە و بتوانین وەرگێڕانە کوردی و عەرەبی و ئینگلیزییەکە پوختتر و باشتر بخەینە بەردەست.

لەبارەی ئەوەی ئایا مامۆستا نازم تەنها ئەو کتێبەی مام جەلال دەکا، یا بەنیازە دوای تەواوبوونی ئەو پرۆژەیە بەردەوامی بەو پرۆژەیە بداو بۆ سەرکردەکانی تریش ئەو کارە بکا، لە وەڵامدا دەباغ گوتی: من پێموایە بۆ مێژوونووسان و بۆ هەموو رۆشنبیرێکی کورد و بۆ هەموو دڵسۆزێکی کورد دەبێ بە تەنگ سەرکردە مەزنەکانی کوردەوە بێن و مام جەلال یەکێکە لەو سەرکردە مەزنانە، بۆیە سەبارەت بەمن وەکو ئەندامێکی یەکێتی نیشتمانی کوردستان و وەکو کوردێک دیارە لەوەوە دەستم پێکردووە، ئەگەر دەرفەتیش بێ و بتوانین و بکرێت پێموایە چەندین سەرکردەی مەزنی کورد هەیە، کە لە بوارە جیاجیاکان نەخشی بەرجەستە و دیاریان هەبووە لە خەباتی میللەتەکەیان و لە بزووتنەوەی رزگاری میللەتەکەیان، پێویستی بە نووسینەوەی مێژووی ئەوانە هەیە، بەڵام تا ئێستاکە بەڕێز مام جەلال و مومکینە هەندێک لەوانی تر کەم تا زۆر شتێکیان هەبووبێ، بەڵام پێموایە بۆ مام جەلال یەکەم کتێبە کە بەم شێوەیە و بەو توانایە گەورەیە دەردەچێ لە ژێر چاودێری دوو پرۆفیسۆری گەورەی دنیا لە رۆشنبیران، هەروەها لەژێر چاودێری سێ دانیشگای گەورەیە، کە ئەوانە لەژێر چاودێری ئەوانە بۆ ئەوەی بتوانین ئەم ژیاننامە و ٦٠ ساڵ لە خەبات و یادەوەرییەکانی جەنابی مام جەلال بڵاو بکەینەوە.

## کە کات دەدوێ!



مەحمود زامدار

* لە پەرەگرافێکی بەرتاشدا هاتووە:
کەسێکی وەک ئەرستۆ، کاتی بەستووەتەوە بە جوڵانەوە، یەکەم کەسیشە کە گرنگی بە بناغەی کات لە داستان و شانۆدا دەرخستووە..!
* "کات"لەنێو نەتەوەی کورد زۆر گرنگ و پڕ بایەخە، بۆیە زۆر گرنگی بە"کات"داوە، زۆر وشەو دەستەواژە و رستەو پەندو ئیدیۆم و بابەتی دیکەی "کات"بەکارهێناوەوسوودی لەزۆر لایەن و بابەتی سروشت و پەلەوەرو ئاژەڵ و زیندەوەر وەرگرتووە، هەروا لەبارەی باری چاندن و تۆکردن و شینایی و رەزبرینەوە، پابەندبووە بەو "کاتە"و هەڵهاتنی ئەستێرەو ئاوابوونی مانگ و رۆژ"کات" دیاری دەکەن، بۆ کارکردن و بەروبووم و دوورینەوەو میوە چنین و رۆیشتن و سەفەرکردن... تاد..!
* فەرهەنگێکی بەنرخی کاک وەهاب شێخانی کە رەنجی"30"ساڵەی ئەم پیاوە ماندووەیەو یەکەم فەرهەنگیشە لەم بوارە هەرە ناسکەداو پێرستەکەشی وا خۆی دەنوێنێ:"کات لە ئیدیۆم دا- کاتی بەبا هاتن- کات و کەلووی ئاسمان- کات لە بێچووبوون و هەڵهێنانی هەندێ ئاژەڵ و پەلەوەر- کات و یاری کوردەواری- کات و ئاژەڵ- کات و دژە کات- کات و جوانی- کات و ئابووری- کات و تەندروستی- کات لێتێکچوون- کات بۆ گەڤکردن- کات و سوێند خواردن- کات و مەتەڵ- کات و گۆرانیی باڵندە- کاتی خۆشەویستی و رق..."...!
* دەی دە بە چێژەوە ئەمانە لەو فەرهەنگە پڕ بەهایەدا بخوێنەوەو بزانە"کات"چ جیهانێکی جوانە:
- ئاسۆ شیخاڵ شێخاڵ بوو: سەرەتای خۆر دەرکەوتن
- بازەباران: حەفتەی کۆتایی زستان
- پەپوولە پایزە: گوڵێکی سپی و زۆر سووکە
- جەنگەی نیوەشەو: هەندە هەندی شەو
- خۆرکە زەردە: زەردەپەڕ
- ژینەنیگار: سەربردە
- شەوپەڕ: فڕینی شەوانەی نێرەکەو
- فەلەزەن: گرفتاربوون
- کۆنەساڵ: بەتەمەن
- گزنگ لە سەران: وەختی رۆژهەڵاتن
- وەختی گۆگەم و گۆرمزە: بەهار
- نیسی شۆڕ بوون: ئێوارە
- هەوارە زستان: شوێنی رواندن
- هەڵۆێشک: لەو وەختە
* دەک هەر پڕشنگدار و زیندوو بێ ئەم زمانە شیرینەی باب و باپیران..!!!

## ڕای پێش وەخت

ئەو ڕۆژەی پرۆژەی دروستکردنی باڵەخانەی بازاڕی نیشتیمانیان لە شاری هەولێر خستە بواری جێبەجێکردن، مامۆستایەکی ئابووریناس و دنیا دیتەی زانکۆی سەلاحەدین بە هێواشی دەمی لارکردەوە بۆ بناگوێچکەم و گوتی " ئەم پرۆژەیە فەشەل دەهێنێت" زۆر هەوڵمدا ئەو قسەیەی لە گوتنێکی سەرپێیەوە پێبکەمە مناقەشەیەکی گەرم و جددی، بەڵام پێدەچوو نەدەوێرا زیاتر لەسەر ئەو باسە بڕوات. ماوەیەکی پێچوو هەمان مامۆستام لە یەکێک لە کەناڵە ئاسمانییە کوردییەکان بینییەوە و باس باسی بازاڕی نیشتیمان بوو، بەس تا قورگی شلبوو مەدحی ئەو پرۆژە و بازاڕەی دەکرد؟!!!. ئینجا تێگەیشتم کە پەیوەندییەکی پتەو، لە نێوان زمان و گیرفاندا هەیە. لەم ڕۆژانەش سەرنووسەرێکم بینی " شکور بۆ خودا ئەهلی ئەهلییەکان بوو" ئەگینا حەیای ڕۆژنامە حزبییەکان دەچوو، بینیم بەسەیارەی (فەلەک) پیاسەی بە نێوشاردا دەکرد؟!!!. دەڵێن مەسئولێکی پایە بڵندی حزبی، هەمیشە دوعا دەکات ببێت بە سەرۆک. دەزانی خودا دوعاکەی گیرادەکا و دەبێت بە سەرۆکی نیقابەی بێئیشان!!. قسەیەکی شایع هەیە و دەڵێت لە دوای هەڵبژاردن پارتی و یەکێتی دەبن بە ئۆپۆزیسۆن و ئەوانی دیکەش دەبن بە دەسەڵاتدار، کەوایە لە ئێستاوە ئەوان پیاوی دەسەڵاتن و ئێمەش مەعارەزە؟!!!. برادەرێک گوتی: (شوان پەروەر) سروود بۆ هەڵەبجە دەڵێت، بەڵام حکومەت (شوهرە و شەهرام) خەڵاتدەکات؟! لاموایە لەسەر ئەو قسەیە ساڵی ئایندە حکومەت پەیکەری شوان پەروەر لە هەڵەبجە دروستدەکات. حکومەتی هەرێم 200 ملیۆن دۆلاری بۆ ئاوەدانکردنەوەی ناوچەی گەرمیان تەرخانکردووە، بەڵام


دڵزارحەسەن

ماستەر پلانیان لەگەڵ نەناردووە؟!!. پێمخۆش نییە لەسەر دەنگدان کەس نانی ببردرێ، بۆیە داوا لەگشت لایەک دەکەم، بە نهێنی دەنگ بدەن و نە هێڵن کەس بزانێ دەنگتان بە کێ داوە. بە خوا سەیرە، وادەزانن ئەوەی دەنگدەدا ئەمی بەرامبەر دەزانێ بە کێیی داوە؟!!!. ئەندام پەرلەمان هەیە ماوەیەکە فۆنەتیکی قسەکردنی گۆڕیوە و چۆتە سەر مەزهەبی بانێکە و دوو هەوا، تا ئەوە خودایە لە جەولەیەکی دیکەی پەرلەمان ببێتەوە بە پەرلەمانتارێکی ئەکتیڤ؟!!! بەڕاستی سەیرە، لەوەتەی وەزیری دارایی دەست لەکارکێشاوەی حکومەتی هەرێمی کوردستان بە بەهانەی نەخۆشییەوە لە ئەوروپا نەگەڕاوەتەوە. مەسیحییەکانی کوردستانیش باس لە ئۆتۆنۆمی ناکەن؟!!!. (ئەوە ئەرز و ئەوە گەز) ئەمە لۆژیکی، کابینە تازەکەی حکومەتی هەرێمی کورستانە. تا ئەو گەنجە داماوانەی ئێستا دەیانەوێت کۆچ بۆ هەندەران بکەن و ئیقامە وەردەگرن، کوردستان تێکەڵ بە یەکێتی ئەوروپا بووە؟!!!. "حکومەت ئەو حکومەتەیە لە ناو گیرفانە، شار ئەو شارەیە لەسەر پێیانە" (پەندێکی ئاخر زەمان). ئێستاش تێنەگەیشتین، شام شیرینترە یان وڵات؟!!. کۆمیسۆنی باڵای هەڵبژارنەکانی عێراق، ژنی بەمەرجی، یەکەم ناوی نێو لیستەکان داناوە. قەوارە سیاسییەکانیش، ڕەخنە لەمە دەگرن. کەواتە مافی ژن پارێزراوە؟!!!. دکتۆرێکی زانکۆم لە دەزگای بەدرخان بینی، زۆر بە قەناعەتەوە دەیگوت بەو دوکانە بچووکەوە ئەو کارە گەورە و باشانە دەکەن!!. لە 2009/6/22 فیستیڤاڵی بەدرخان لە وڵاتی یۆنان دەکرێ، تەوەقوع دەکەم فیستیڤاڵی ئایندە لە ئەمریکا بکات!!!. ئەدۆنیس کە چۆوە نێو ماڵباتەکەی یەک قسەی کرد گوتی:" کورد بەسەزمانە"؟!!!. پارێزگاری هەولێر خاوەن ئیمتیازی ڕۆژنامەیەکە بەناوی هەولێر، بەڵام بەڵانسەکەی پێڕاناگیرێت.

(حزبی کوردی دەبێت بگۆڕێ) ئەمە وتەی شاژنی ئینگلترایە؟!!!. دیمۆستۆرا بۆ ئەوە هاتووە ئاگرێک بەو ئاوە دابکات؟!!. ماددی 140 لە میقاتی خۆی جێبەجێناکرێت، هۆکارەکەشی بۆ (یوئێن) دەگەڕێتەوە؟!!!. تورکیا وڵاتێکی زەبەلاحە، بۆیە پێمان خۆشنییە لە گەورەیی ئەو کەم کەینەوە؟!!. ڕۆژێک دادێ، خەڵک و جەماوەر لە ڕۆژنامەنووس دەترسن؟!!.

# عەبدوڵڵا پشدەری: بیرمان لەوە کردەوە کە سەردانی ئیمام خومەینی بکەین و لە نزیکەوە خۆمانی پێ بناسێنین


عەبدوڵڵا پشدەری

ئەوە بوو ڕۆژی (١١ی شوباتی ساڵی ١٩٧٩) واتە هەر ئەو ڕۆژەی (ئینقلاب) هێرشی ڕەش و ڕووتی ناو شاری کەرەج لەگەڵ خەڵکی گوندی (زۆرئاوا) کەوتنە ڕێگا بەرەو (عزیمیە) ئەو شارۆچکەی کەوا ماڵەکانی ئێمەی پەناهەندەی تێدا نیشتەجێیە و ئەو هێرشەش دەمێک بوو، کەوا دەمانزانی لە ژێرەوە ئامادەکراوە، بە مەبەستی سووکایەتی پێکردن و تاڵان و فەرهوودی ماڵەکانمان، ئیتر ئەو ڕۆژە من تازە لەخەو هەستا بووم (هەژاری موکریانی) بە تەلەفۆنێکی تەنگەتاوی و (هاوار هاوار)ەوە ئاگاداری کردم، کەوا هێرشی ڕەش و ڕووت لەناو شاری کەرەجەوە کەوتە ڕێگا بۆ لای ئێمە لە (عزیمیە)، (هەژار) بەوپەڕی تووڕەییەوە وتی تۆ چیت کردووە؟ تۆ بەلای خۆتەوە هەموو کارەکانت جێبەجێ کردبوو؟ وا دیارە ئەوەی وتتان ڕاست دەرنەچوو، منیش خۆم پێچایەوەوجلەکانی خۆم کردەبەر، هەر لەوکاتەشدا (عەبدولوەهاب ئەتروشی و ڕەشیدی سندی و محەمەدئەمین بەگ) ئەندامانی لێژنەکەمان گەیشتنە بەر دەرگای ماڵەکەمان، ئەوانیش ئەو هەواڵەیان پێگەیشتبوو و ئەوان زۆر لە (هەژار) تەنگاوتر بوون، وتیان ئێستا بە هەزاران کەس بەو ڕێگاوەیە بۆ سەر ماڵەکانی ئێمە، ئەوەبوو ماڵەکانی ئێمە لە (عزیمیە)ی کەرەج هەر ماوەی یەک چارەگ (کاتژمێر) لە شاری کەرەج دووربوون و دەکەوتە سەرووی شارەکە، ئینجا هەر بە پەلەپەل من و ڕەشید و عەبدولوەهاب و محەمەدئەمین بەگ، بە سواری ئۆتۆمبێلەکەی خۆم کەوتینە ڕێگا بۆلای (گەوهەر دەشت) ماڵی (ئاغای دیزفولی)، کە (١٠) خولەک لە ئێمەوە دووربوو، ئێمە نەمانوێرا، کەوا لە ڕێگای (قیرتاو)ەوە بڕۆین، چوونکە ڕەش و ڕووتەکە لەوێ دەهاتن بۆ لای ئێمە، ئەگەر تووشیان بوایە بە تووشی ئێمەوە هەر یەکسەر لەناویان دەبردین، هەربۆیە ناچاربووین، کەوا لە ڕێگای (خاکی)یەوە ڕێگای گوندی (حەسەن ئاوە)وە بڕۆین، بەهەرحاڵ خۆمان گەیاندە بەر دەرگای ماڵی (ئاغای دیزفولی) و دیمان بە هەزاران کەس چەکدار و بێچەک لە چواردەوری ماڵەکەی وەستاون و هەرچی کەل و پەلی حکومی هەیە، هەر لە چەک و فیشەک و ئەوراقی دائیرەکانی (ژاندرمری) هێنابوویان و تەسلیمی ماڵی (دیزفولی)یان دەکرد، چونکە دیاربوو لێژنە پێکهاتبوو بۆ وەرگرتنی ئەو شتانە، ئیتر هەر چۆنێک بوو بە (پاڵەپەستۆ) خۆمان گەیاندە بن دەرگاکە، ئۆتۆمبێلەکەشمان لە دووری ماڵەکە بەجێهێشت، چونکە ڕێگا بۆ ئێمە نەبوو، ئینجا بۆ ئۆتۆمبێلەکە و لەوێ دیمان، کە دەرگای ماڵەکە داخرابوو، خەڵک لە کونی دەرگاکەوە دەبوایە خۆی بناسێنێ بە مەلاکانی ناو حەوشەکە و ئەوەش بەسەر (نۆبەت) ئەجامدەدرا، ئێمەش نەماندەتوانی چاوەڕوانی نۆبەکە بکەین، ئەوەبوو من پێشکەوتم و دەستی یەکترمان توند گرتبوو، خۆمان بە خشەش و شان بەشان خستە پێشەوە، لە کونی دەرگاکەوە سەیرم کرد کوڕی (ئاغای دیزفولیم) ناسییەوە، کەوا پێشتر دیبوومان لای باوکی، منیش بەناوی خۆم بانگم کرد، هاتە بەردەمی کونەکەوە، منی ناسی و هەر یەکسەر دەرگاکەی بۆکردینەوە، وتی چییە و چیتان لێقەوماوە؟ منیش مەسەلەکەم بۆ باسکرد، وتم ئەگەر هەر ئێستا فریامان نەکەون، تازە ئێمە فەوتاوین، ئەویش وتی هەر چەندە، کەوا باوکم لێرە نییە، ڕۆیشتۆتە (تاران)، بەڵام هەر ئێستا خۆم چارەتان دەکەم، ئەوەبوو کۆمەڵەیەکی زۆریش لە ئاخوندەکانی شاری کەرەج هەر لە ناو (حەوشە)کەدا هەر یەکەیان بە کارێکەوە خەریک بوون، هەرچی زووتر دوو کەسی لە ئاخوندەکان کردە ناو ئۆتۆمبێلەکەوە و ڕەوانەی کردن بۆ پێشگیری کردن لە هێرشی ڕەش و ڕووت، ئیتر خوا بە لوتفی خۆی دیاربوو ئێمەی پاراست، لە کاتێکدا (ئاخوندەکان) گەیشتن کەوا ئاپۆرەی هێرش بەران گەیشتبوونە قەراغ شارۆچکەی (عزیمیە) و ئەگەر بهاتایە (٢) خوولەکی تر دواکەوتبان و نەگەیشتبان، تازە حیسابی ئێمەی پەناهەندە تەواو ببوو، هەموو کەل و پەل و شتمان دەکەوتە بەر دەستی ئەو ڕەش و ڕووتانەوە، بە تایبەتی خەڵکی گوندی (زۆرئاوا) کە هەموویان قاچاخچی و حەشیشەفرۆش بوون، لە خوایان دەویست کەوا ڕۆژێکی وا بێتە کایەوە، بەتایبەتی ماڵی ئێمەیان بە حەڵاڵ دەزانی و دەیان وت ئەوانە (شا پەرستن) و پێشتر لە ڕۆژنامەکاندا ناوی ئێمە بە خراپ دەرچووبوو، دارودەستەکەی ئاغای (دیزفولیش) دیاربوو وەکو پێویست هەڵوێستی ئێمەیان بە تەواوەتی و هەموو کەس لە دانیشتوانی کەرەج و دەوروبەری روون نەکردبووەوە، ئیتر پاش ئەوەی کەوا مەلایەکان بڵاوەیان بە ڕەش و ڕووتەکە کرد و دڵنیابووین، کەوا هیچ جارێکی تر هێرشمان نایەتەوەسەر، ڕۆیشتینە (تەلگراف خانە) و بروسکەیەکی پیرۆزبایمان ئاراستەی (ئیمام خومەینی) کرد، ئامادەیی خۆمان نیشاندا بە هەموو جۆرە فیداکاری و گیانبازی لە ڕێگای فەرمانی (ئیمام) هەروەها بۆ سەرۆک وەزیری تازەش (مەهدی بازرگان) هەر بەهەمان شێوە، هەرچەندە کەوا کۆمەڵانی خەڵکیش زۆر دڵنیانەبوون لەوەی، کەوا شۆڕشێک لە دژی (ئینقلاب)ەکەی خومەینی ناکرێتەوە، هەر خەڵک ئەو ترسەیان هەبوو، بەڵام ئێمە ناچاربووین، کە خۆمان ساخبکەینەوە، بەلای (خومەینی)دا و ئەگەر وامان نەکردایە هەر زوو بە زوو مشووری خۆمان نەخواردایە ئەوە بێگومان دەبووینە جێگای گاڵتە و گەپی خەڵک و ناحەزان، جگە لەوەش هەر شتومەکی ناوماڵیشمان تێکرا دەبووەوە، (ئاردی ناودرک)، بەتایبەتی پارەکەی ناو ماڵی سەرۆک بارزانی، واتە ئەو پارەیەی کەوا بۆ ڕۆژی تەنگانە هەڵگیراوە، ئەویش لەکیس دەچوو، دەکەوتە ناو (گۆمی بێ بنەوە)، بەهەرحاڵ خوای گەورە بە لوتفی خۆی ئێمەی پاراست، هەزاران شوکر بۆ خوا، ئینجا پاش ئەوەی هێمنی و ئارامی باڵی خۆی بەسەر وڵاتدا کێشا و دەزگاکانی وەزارەت بەڕێوەبەرایەتییەکانی کەوتنەوە سەر ئیش و کاری ئاسایی خۆیان، ئێمەش بیرمان لەوە دەکردەوە، کە زیارەتی (ئیمام خومەینی) بکەین و لە نزیکەوە خۆمانی پێبناسێنین، ئەوەبوو دیسان هەر بەهۆی برادەرەکەمەوە (ئاغای سلمانیان) کات و وەختی دیدار لەگەڵ ئیمامدا وەربگری.

ئێمە لەکاتی دانراو (موعیدی موعین)دا گەیشتین بە نزیک بارەگای (ئیمام) ئەو شوێنەی، کەواپێشتر باسمان لێوەکرد، نزیکی مجلس شورای میللی (پەرلمان) و لەوێ دیمان، کە خەڵک وەک (گەڵای دار) وەستاون، چاوەڕوانی ئەوە دەکەن، کەوا جەنابی ئیمام بێتەسەر (تەلاری) خانووەکەی (حسینی)یە و قسەیان بۆ بکات یاخود هەر دوور بەدوور چاویان پێبکەوێت و بەپێی باوەڕی خۆیان خێر و بەرەکەتیان لە ئاسمانەوە بۆ ببارێنێت،

بەشی یانزدە

# عەلی حەسەن مستەفا: هەرگیز نەمان دەویست ڕاوەدونان و توندوتیژی بەکاربهێنین


عەلی حەسەن مستەفا

ئێمەش لە ماڵی پیاوچاک و خانەخوێی میوان (کوێخا وەسمانی ئینلجاخ) باوکی زاهیرئەفەندی ماینەوە و توانیمان لەو کۆبوونەوە گشتی و جەماوەرییەدا باری قورسی سەرشانی جەماوەر سووک بکەین و خەڵکانی ئاژاوەچی دووربخەینەوە.

بۆ ڕۆژی دووەمیش بۆ سەردانی برا مەسیحییەکان چووینە گوندی (هەرمۆتە) و کۆبوونەوەشمان لەگەڵدا کردن و پێمان ڕاگەیاندن، کەوا هاوکاریمان بکەن و ئێمەش داواکانیان قبووڵ دەکەین، مەلا عومەریش وتەیەکی بۆ خوێندنەوە لەمەڕ ئەو هەموو کارەسات و ناخۆشییانەی، کە بەسەر گەلی کورددا هاتووە. بەو وتەیەش زۆربەی پیاو ماقووڵ و سەرەک هۆزەکانیان لە هەموو ڕوویێکەوە بەڵێنی یارمەتی و هاوکارییان دایێ، هەرکەسیش دەستدرێژی بکاتە سەریان بە توندی بەرپەرچیان دەدەینەوە.

یەکەم جار بوو، کەوا بچمە گوندی هەرمۆتە و گفتوگۆ لەگەڵ برا مەسیحییەکاندا بکەین، کە جێی شانازی بوو لەو بارودۆخە ئاڵۆزەدا توانیمان بە هاوکاری هەموو لایەک سەرکەوتوانە کۆبوونەوەکە ئەنجام بدەین و لەڕووی ڕێکخستنەوە ڕێکیان بخەین، لێپرسراوی حزبی گوندەکەیان ناوی (یۆنا) بوو هەروەها قەشەکەیان ڕۆژانە دەچووە لای ئامر لیوا، کە مەسیحی بوو پێ دەگوت گوندەکان مەسووتێنن لەگەڵ پێشمەرگە کەیفی خۆتانە، هەرچەندەزۆربەیان لایەنگری شیوعی بوون، بەڵام مامە سێوەیەک هەبوو هەموو کوڕەکانی پارتی بوون، کوڕە گەورەکەی ناوی کاکل بوو، داوایان لێ کردین، کەوا چاودێرییان بکەین، ئێمەش لەبەر دڵی ئەوان چەند پێشمەرگەیەکمان گواستەوە، چونکە ئیشی ناشیاویان کردبوو دەرهەق بە خەڵکی گوندەکە.

لە زۆر شوێن قسەو باسمان بۆ دەهات، کەوا پێشمەرگەکانی بورهان ئاغا و فارس کەریم دەستدرێژی دەکەنە سەر دانیشتوانی گوندەکانی حاجی قەلا بە بیانووی ئەوەی (جەلال)ین یان لەگەڵ باڵی مەکتەبی سیاسین، سزا و هەڕەشە و لێدانیان لەگەڵدا بەکاردەهێنان، من و مەلا عومەر لەگەڵ چەند پێشمەرگەیەک سەردانی بورهان ئاغامان لە گوندی شیواشان کرد، کە زۆر دۆست و ناسیاوی ئێمە بوو، میوانداریەکی باشی بۆ کردین و ئێمەش پێمان ڕاگەیاند، کەوا لێپرسراوی ناوچەکەین و پێمان گووت:

بورهان ئاغا تۆ پیاوێکی خانەدان و ناوداری دەشتی دزەییانی هاوکاریمان بکە و با چاکە و پیاوەتییەکانت هەربمێنێ و تۆ لە پێناوی ئەم ناوچەیە و کۆمەڵانی خەڵکی کوردستان پێشمەرگەیت.

حاکم بورهان شوانی کە بە فەرمانی بارزانی تازە گواسترابۆوە ئەو ناوچەیە لە کۆبوونەوەکەماندا بەشدار بوو، لە ئەنجامدا بەڵێنی دایێ و گوتی هەرچی دەڵێن من ئامادەم و جێبەجێی دەکەم و هەردوولا داواکاری و پێشنیازمان گۆڕییەوە و ڕێک کەوتین لەسەر ئەم خاڵانە:

١- هیچ لێپرسراوێکی سەربازی بۆی نییە لەخۆیەوە بچێتە ناو گوندەکانەوە و خەڵک ئازاربدا و بیانگرێت و هەڕەشە و لێدان بەکاربهێنێت.

٢- هەرکێشەیەک ڕوودەدا دەبێ لێژنەی ناوچەی ئێمەی لێ ئاگادار بکرێتەوە.

٣- حاکم بورهان شوانی بە ڕێگای یاسایی ڕووداو و کێشەکان دادپەروەرانە دادگایی دەکات.

٤- هەردوولا لە ئاستی کێشەکاندا بەرپرسانە مامەڵەدەکەن و لێژنەی لێکۆڵینەوە لە هەردوولا پێک دەهێنرێت.

ئەوە بوو ئیتر هەردوولا ڕێکەوتننامەکەمان ئیمزاکردو بەوپەڕی سەرکەوتن و خۆشییەوە پێکهاتین و گەڕاینەوە گوندی پیرەر، دواجاریش لەبەر ستراتیژی ناوچەکە بارەگاکانمان گواستەوە بۆ گوندی ئینلجاخ. لەڕێی هەندێ هەڤاڵی پارتییەوە هەوڵماندا ڕێکخستنەکانمان لەناوشاری کۆیە ببووژێنینەوە. بەڵام بێسوود بوو، حەزیشمان بە ترس و تۆقاندن و زۆرداری نەبوو، کە بە زۆر خەڵک بهێنینە ناو ڕیزی ڕێکخستنەکانمانەوە. من شاری کۆیەم زۆر لا پیرۆز و گەورە بوو شانازیشم بەوەوە دەکرد، کەوا من وەکو کوڕە جوتیارێک کراومەتە لێپرسراوی ئەو ناوچەیە، بۆیە دەبێ لە ئاستی ئەو بەرپرسیارییەدا زۆر بە وریاییەوە مامەڵە لەگەڵ خەڵکەکەدا بکەم. چونکە شاری کۆیە و دەوروبەری هەر لەسەرەتاوە لانکەی کوردایەتی بووە و داینەمۆی شۆڕشی فکری و سیاسی و هۆشیاری بوون، پیاوی ناودارو بەرزی کورد پەروەری لێ بووە. مەڵبەندی شاعیرو ڕۆشنبیرانی کورد بووە وەک شاعیری گەورەی نەتەوەییمان حاجی قادری کۆیی و جەنابی مەلا محەمەدی گەورە، کە بەمەلای گەورەی کۆیە بەناوبانگ بووە و زۆر شاعیری تری وەک دڵزار و ئەمین ئاغاو عوسمان عەونی و پیاوی ناودار و خاوەن کۆڕ و دیوەخان و عەشایەری زۆری هەبووە و یەک لەوانەش حەمە ئاغای کۆیە و جەمیل ئاغا و کوێخا حەوێزی شاخە پیسکە.

هەروەها زۆر لە ڕۆڵەی دڵسۆزو ناودار و ڕابەری بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی کوردی لێ پەروەردە بووە، کە بەداخەوە هەندێکیان شەهید بوون و هەندێکیشیان خۆشبەختانە لەژیاندا ماون و ئێستا سەرقاڵی کاری سیاسین و دەوری کاریگەرییان لەبەڕێوەبردنی ئیدارەی شۆڕش و حکومەتی هەرێمدا هەیە وەک:

(هەڤاڵی بەڕێز (مام جەلال)ی ڕابەری گشتی نەتەوەی کورد، هەڤاڵی بەڕێز کاک کۆسرەت، خوالێخۆشبوو عومەر دەبابە، کە بە کاکە دەبابە ناسراوە، عەلی عەبدوڵڵا، هەڤاڵ د. فواد مەعصوم، شەهید دکتۆر خالید، شەهید جەعفەر عەبدولواحید)

زۆریش لە ئاغاو سەرەک هۆزەکانی هەر کوردپەروەر بوون و پشتگیرییان لە مافی ڕەوای کورد کردووە و لەگوندەکانیاندا پیاوی خانەدان و گەورە و دەست ڕۆیشتوو بوون وەک:

(عەلی مەولوودی گوندی داربەسەری، کە ئەندامی ئیقلیمی حزبی شوعی بوو، شەهید عەبدولرەزاقی گوندی ئۆمەرگومەت، کاکە زیاد حەماغا، شەهید بەکر عوسمانی گوندی گۆمەشین و شەهید شەفیق زاهیر و شەهید حەمید کەریم شانە و خوالێخۆشبوو حەمەدئەمین مەعروف و نافیز جەلال حەوێزی).

هەروەها چەندان و چەندانی تریش، کە دڵسۆزی کورد بوون لەو شارەدا گۆشکراون و لێ وەشاوە و ئازابوون.

بەشی هەژدەهەم

# تکایە خەڵک دەستخەڕۆ مەکەن



جەمال عەبدوڵڵا

* ئێمە پەیوەندیمان بەسەر حکومەتەوە نییە، ئێمە تەنها دەمانەوێت پەرلەمانێکی زیندوومان هەبێت، ئەمە بەشێکە لە قسەکانی کاک سالار عەزیز- ئەندامی ئەنجومەنی کۆمپانیای وشە لە چاوپێکەوتنێکدا کە لە هەفتەنامەی رووداو لەگەڵیدا ئەنجامدراوە.

* ئەم قسەیە چ مانایەکی هەیە؟ چی لەخۆ دەگرێت و چی لە ناواخنەکەیدا بەدی دەکرێت؟

– جەنابی کاک نەوشیروان پێش کاک سالار عەزیزو لە رۆژنامەی هاوڵاتیداو لە بەشێک لە چاوپێکەوتنەکەیدا دەڵێت: خیاری یەکەممان بەدەستهێنانی زۆرینەو دامەزراندنی حکومەتە، باشە بەقسەی کامیان بڕوا بکەین؟ جەنابی کاک نەوشیروان کە ئامانجی یەکەمی بەدەستهێنانی زۆرینەو دامەزراندنی حکومەتە یان کاک سالار عەزیز کە هەقی بەسەر حکومەتەوە نییەو تەنها دەیانەوێت پەرلەمانێکی زیندوویان هەبێت؟ باشە با واز لەم پرسیارەشیان بهێنین، بەڵام ئایا پەرلەمان چۆن زیندوو دەبێت ئەگەر هەقی بەسەر حکومەتەوە نەبێت؟ ئەی چەند ساڵە ئەوان هەر خۆیان ناڵێن ئەگەر پەرلەمانێک زیندوو بێت دەبێت چاودێری و لێپرسینەوە لە حکومەت بکات؟

ئەی چەند ساڵە ئەوان نین کە دەڵێن ئیشی پەرلەمان هەر بە تەنها یاسا دانان نییە، بەڵکو چاودێری و لێکۆڵینەوەو لێپرسینەوەی حکومەتیشە؟

ئەی ئایا ئەگەر بە قسەی کاک سالار عەزیز ئەوان هەر بە تەنها پەرلەمانێکی زیندوویان دەوێت و تەواو، ئەی چۆن پەرلەمان زیندوو دەبێت ئەگەر هەقی حکومەتەکەی نەبێت و گوێ بە حکومەت نەدات؟ خۆ ئەگەر مەبەستی کاک سالار عەزیز لەم قسەیەش ئەوەبێت کە نایانەوێت بچنە حکومەت کەواتە لەخۆیان رانابینن کە بە کردەوە بچنە پێگەو جێگایەک کە بەرپرسیارێتی گەورەی ژیان و گوزەران و ئەمنییەتی خەڵکی کوردستانی تێدابێت و دەیانەوێت تەنها لە پەرلەمانەوە، بەردەوام هێزی نەیار بن و ئەمەش کارێکی ئاسانەو لە کەش و هەوای دیموکراسیدا بە هەموو کەس دەکرێت، بەڵام حکومەت و حوکمڕانی و شان دانە بەر بەرپرسیارێتی گەورە بەهەموو کەس ناکرێت!

جا کە ناتوانن شان بدەنە بەر بەرپرسیارێتی گەورە تکایە خەڵک دەستخەڕۆو چەواشە مەکەن!

## مرۆ (١٠٨)

# هەڵبژاردن

لە دنیای مافی مرۆڤ و دیموکراسی و سیستمی پەرلەمانی، مرۆ دەتوانێ ئازادانەو لەخۆ بوردووانە، دەنگی خۆی بخاتە نێو سندوقی دەنگدان، ئینجا ئەو کەسە "تاکە، هاووڵاتییە، ئەفەندییە، وەزیرە، پیاوە پاکەکە، پیاوە خراپەکە، ژنە بە حورمەتەکە، ژنە بێ حورمەتەکە، مەلا، شێخ، سەید، هەژار، دەوڵەمەند، سەرۆک و سەرۆکەکان...تاد" هەموویان لە دەنگدان هاوبەشن و بەهیچ جۆرێ جیاوازی لەنێوانیاندا ناکرێ..

دایکم دەیگوت: "کو فەرقی نییە ئەمن دەبی ئەنگۆ بمبەن بۆ هەڵبژاردن، بەڵام ژنە مەسئول چوار پێنج پاسەوان دەیبا بۆ سەر سندوقی دەنگدان!" منیش بەدەم گریان و پێکەنین بەدایکم گوت: چۆن لە مردن جیاوازی لە نێوان مردواندا ناکرێ. باش و خراپ دەبەنە سەر قەبران و تازیەی بۆ دادەنرێت، هەڵبژاردنیش هەروایە.. بەڵام کێ شانازە لە هەڵبژاردن، ئەوانە شانازن و کوڕی رۆژی تەنگانەن کە خۆیان هەڵدەبژێرن، کە لەگەڵ:



حەمید ئەبوبەکر بەدرخان

١- خۆشی و ناخۆشییەکانی میللەتەکەیان دەژین.

٢- خاکییانە مامەڵە دەکات و رابردووی خۆیان لەبیرە.

٣- ئەوانەی بە حیکمەتەوە مامەڵە لەگەڵ رووداوەکان دەکەن.

٤- ئەوانەی سوژن لەچاوی خەڵک رادەکەن و خۆشیان هیچ.

٥- ئەوانەی ئەمڕۆیان دروستکردو پشتیان لە میللەتی خۆیان نەکرد.

٦- ئەوانەی بە ئەجێندای وڵاتانی دەرەکی کارناکەن و بەرژەوەندی باڵای گەلیان لە تێکدان لا باشترە.

پیاوێکی بەتەمەنی دنیا دیدە دەیگوت: من نازانم براکانی دوێنێ و خۆ بە ناحەزانی ئەمڕۆ بۆچی وادەکەن، خەریکە یەکتر ناشیرین دەکەن، راستە بانگەشەی هەڵبژاردن ئەو شتانەشی لێ دەکەوێتەوە، بەڵام بەمشێوەیەش نییە، چونکە گوناهێکی گەورەو زوڵمێکی گەورە لە مێژووی کوردو ئەزموونەکەی و کوردستان دەکەن.

ناشکرێ هەموو ئەو دەستکەوتانەی بەدیهاتوون باسنەکرێ، رۆبنە رۆبۆتەکان ئارەزووی خۆیانە چی دەڵێن، بەڵام ناکرێ رۆبنە کوردەکان شەلم کوێرم ناپارێزم بەقینەوە، سوێندیان خواردووە راستی نەڵێن..

مێژوو، مێژووە، مێژووش رەحم بەکەس ناکات.

چاوەڕێ بن.. پاش ٧٨ رۆژی دیکە چاوەڕوانی دەرئەنجامەکانی سندوقی دەنگدان بن.

پاش دەرئەنجامەکان دیسان قەوانی تەزویرو دەسەڵات و تۆقاندن لەلایەن حوکمڕانەوە بووقیان دەبێت.

## نووسینگەی تەفسیر و چاپکردنی تەفسیری مەلای گەورە

# حاجی موخلیس: داوا لە مام جەلال دەکەین ئێمە تەفسیری مەلای گەورە چاپ و بڵاو بکەینەوە






حاجی موخلیس یونس مستەفا - خاوەنی نووسینگەی تەفسیر بۆ چاپ و راگەیاندن

**نووسینگەی تەفسیر یەکێکە لەو نووسینگانەی لەو ماوەیەی دواییدا چەندین کتێبیان بە چاپ گەیاندووە، بە تایبەتی کتێبە ئایینی و فەرهەنگییەکان، وەک بەدرخان بە پێویستمانزانی سەبارەت بە چاپکردنی تەفسیری مەلای گەورە حاجی موخلیس خاوەنی ئەو نووسینگەیە بدوێنین..**

**ئا: بەدرخان**

*** وەک نووسینگەی تەفسیر، ئاشنایەتیتان لەگەڵ مەلای گەورە چۆن بوو؟**

– سەرەتا بەناوی خوای تاک و پاک، دیارە هەر لە منداڵییەوە ناوی مەلای گەورەم دەبیست، اویشم بە چەند نامیلکەیەکی دەکەوت لە جامخانەکەی چاپخانەی گیوی موکریانی، وەک نامیلکەی "فڕی فڕی قەل فڕی"، بەڵام وەک بیریار و زانایەکی واقیع بین دەمناسی، بەڵکو وەک مەلایەکی سادەم دەناسی.

لە سەرەتای نەوەدەکاندا، خوا ویستی وابوو، کە بەشە چاپکراوەکەی تەفسیری مەلای گەورە بخوێنمەوە، بۆم دەرکەوت لە بەرامبەر دیاردەیەکی گەورە و کاریگەر و دەگمەن و لە مێژووی هزری و رۆشنبیری کورد و ناوچەکە، کەوا پزیشکێکی پسپۆڕ و شارەزا توانیویەتی نەخۆشییە کۆمەڵایەتییەکانی میللەتی کورد بە تایبەتی و میللەتانی ئیسلام بە گشتی دەستنیشان بکات، بەڵام مەخابن واقیعی میللەتەکە چارەسەرییەکانی جەنابی مەلای گەورەی پشتگوێ خست و رەتی کردەوە، هەروەک چۆن جەستەی بێ گیان، دەرمان و چارەسەر رەت دەکاتەوە.

*** بەرنامەی پرۆژەی چاپکردنی تەفسیرەکەی مەلای گەورە، چۆن بە ئێوە سپاردرا؟**

– دوای ئەوەی نووسینگەی تەفسیر لە ساڵی ١٩٩٦ تەفسیری قورئانی پیرۆزی بە زمانی کوردی چاپکرد، بە قەڵەمی مامۆستا مەلا عوسمان عەبدولعەزیز، کە لە ١٥ بەرگ پێکهاتووە، کەسانێکی دڵسۆزو بیرتیژ و هۆشمەند، هانیاندام بۆ کارکردن لە ئەنجامدانی پرۆژەی چاپکردنی تەفسیرەکەی جەنابی مەلای گەورە.. ئەوەبوو لەگەڵ مامۆستا عەبدولقادری بەحرکەیی، کە زۆر پەرۆش بوو بۆ ئەم تەفسیرە، سەردانی مامۆستا مەسعود محەمەدمان کرد لە هەولێر بە ئامادەبوونی کوڕەکەی، داوای مۆڵەتی چاپکردنی تەفسیرەکەی باوکیمان لێکرد، ئەویش مۆڵەتی پێداین و داوای کرد، رۆژێک دیاری بکرێت، تا بەیەکەوە بچینە شاری کۆیە و دەستنووسەکەمان بداتێ.

داوام لێکرد خۆی پێداچوونەوە و شیکردنەوە بۆ لایەنە گرنگ و ئاڵۆزەکانی تەفسیرەکە بکا، بەڵام پاساوی بێ کاتی و بێ هێزی هێنایەوە.

منیش داوام لێکرد مۆڵەتم بدات و لیژنەیەک لە مامۆستا شارەزاکانی کوردستان پێک بێنم بۆ ئەو مەبەستە، گوتی: کەس وەک من بە شتە شاراوەکانی ئەم تەفسیرە ئاشنا نییە، بۆ هەر نووسینێکی، دەزانم کەی نووسراوە و بۆ نووسراوە.

لە راستیدا بە گوێبیستبوونی قسەکەی، خەمبار بووم، زانیم وا گەنجینەیەکی بە بەهام لە دەستدا.

مەخابن دوای ماوەیەک مامۆستا مەسعود محەمەدیش کۆچی دوایی کرد و دەستنووسەکانی تەفسیرەکە بەخشرایە زانکۆی کۆیێ، خۆشبەختانە ئەوانیش رادەستی نووسینگەی تەفسیریان کردو داوایان کرد، ئێمە ئامادەی بکەین بۆ چاپ لە ١٠ بەرگدا.

ئەوەبوو لە ٢٠٠٥/٧/٧ دەستکرا بەتایپکردنی دەستنووسەکان، کە تایپ کردنی کارێکی ساناو ئاسان نییە وەک تایپ کردنی دەستنووسی دیکە، چونکە رێنووسی تەفسیرەکە بە عەرەبی نووسراوە، نەک بە کوردی، کە ئەمەش وایکرد زۆر لە تایپیستان خۆیانی لێ بەدوور بگرن و نەتوانن تایپی بکەن. بۆیە کۆسپ و ئاستەنگمان هاتەڕێ بۆ تایپ کردنەکە.

هەر لەم ماوەیەدا لیژنەیەک بۆ چاپکردنی پێکهێنرا، کە دکتۆر



زانای بەناوبانگی کورد مەلای گەورە

جەواد چۆم حەیدەری سەرۆکی لیژنەکە بوو، منیش وەک ئەندامێک لەم لیژنەیە بووم. بۆیە بڕیاردرا پێشەکی بڵاوکەرەوە "نووسینگەی تەفسیر" بنووسرێ و لیژنەکەش پێشەکیەک بنووسن.

جا نزیکەی چوارساڵ عاشقانە و بە پەرۆشەوە سەرقاڵی ئەم کارە پیرۆز و ناوازە بووین.

*** گوێبیستی ئەوەبووین، کە بەڕێز مام جەلال سەرۆک کۆماری عێراق، کۆمەکی چاپکردنی ئەم تەفسیرە دەکات، ئەم قسەیە چەند راستە؟**

– بەڵێ، ئێمە لە لایەن د. جەواد چۆم حەیدەری سەرۆکی لیژنەکە پێمان راگەیانرا، کە بەڕێز مام جەلال سەرۆک کۆماری عێراق، ئەرکی چاپکردنی ئەم تەفسیرەی خستۆتە ئەستۆی خۆی. ئەم بڕیارەی سەرۆک کۆمار، زیاتر ئێمەی هانداو گڕوتینی بە ئێمە دا، کە بەردەوام بین و گوێ بە ماندووبوون و کۆسپ و تەگەرەو ئاستەنگەکان نەدەین، هەر بۆیەش رێڕەوی بەڕێوەبردنی کاری تەفسیرەکەمان فراوان کرد، کەوا کارمەند و کۆمپیوتەر و جێگای تایبەتمان دابین کرد.

جا دڵگەرمانە و شەیدایانە بەردەوام بووین لە کارکردن، شکۆداری کارەکە مەستی کردین، بە تایبەتی کارێک ئەنجام دەدەین، کە سەرۆک کۆمار پشتگیری دەکات. کاتێ تەفسیرەکەمان ئامادە سازکردو بە تەواوکردنی لە ١٠ بەرگدا، ئێمە بەڕێز د. جەواد چۆم حەیدەریمان ئاگادار کرد، کەوا تەفسیرەکە لە ١٠ بەرگدا تەواو بووە، ئەویش داوای نووسینی راپۆرتێکی لەسەر گوژمەی تێچوونی چاپکردنی تەفسیرەکە کرد.

ئێمەش راپۆرتمان نووسی دامانە دەست بەڕێز د. جەواد سەرۆکی لیژنەکە، بەڵام مخابن لە وەڵامی راپۆرتەکە پێمان راگەیاندرا، کە بەڕێز مام جەلال فەرمانی کردووە، لە چاپخانەی راگەیاندن لە کەرکوک بە ٥ بەرگ چاپ بکرێت، تا پارەی کەمی تێ بچێت.

ئەم هەواڵە بۆ ئێمە سەدمەیەک بوو، چونکە دوای ئەم هەموو ماندووبوون و هەوڵ و کۆششانە، ئێمەیان دوورە پەرێز کرد، وەک بڵێی ئێمە تەنها کرێکارێک بووین و بەرهەمی ئەم کارە ناوازەیە، خەڵکانێکی نا پسپۆڕ بیچنێتەوە، لە کاتێکدا ئێمە لە کاری تەفسیر و چاپکردن پسپۆڕ و شارەزاین.

بەهانەی گواستنەوە و لە دەستکردنەوەی ئەم تەفسیرە لە نووسینگەی تەفسیر، ئەوەیە کە گوایە گوژمەی تێچوونی بە چاپ گەیاندنی تەفسیرەکە زۆر زیاد نووسراوە و کەسانی دیکە هەن، بە نرخی کەمتر چاپی دەکەن، بەڵام دەبێ ئەوە بزانرێ، کە ئێمە ئەرکی ئامادەکردنی ئەم دەستخەتە لە ماوەی چوارساڵ بە تایپ کردن و پێداچوونەوە و دابەشکردنی دەیان نوسخەی راکێشراو بەسەر مامۆستایان بە مەبەستی راستکردنەوە و هەڵەگری و راوەرگرتن، خستۆتە ئەستۆ، دیارە هەموو ئەمانە حیسابی بۆ نەکراوە.

*** هیچ بەڵگەنامەیەکتان لەبەر دەست دایە، کە ئێوە وەک نووسینگەی تەفسیر بەچاپ و بڵاوکردنەوەی تەفسیری مەلای گەورە راسپێردرابن؟**

– بەڵێ، لە لایەن د. جەواد چۆم حەیدەری سەرۆکی لیژنەی چاپکردنی تەفسری مەلای گەورە لە ٢٠٠٧/٨/١٤ دەستنووسێک بە خەتی خۆی نووسراوە، کەوا لەگەڵ بەندە کۆبۆتەوە و بڕیاردراوە دەزگای تەفسیر لە "١٠" بەرگ تەفسیرەکە چاپ بکات.

*** وەک نووسینگەی تەفسیر بۆ بڵاوکردنەوە، کە ئەم ئەرکەیان لە ئێوە سەندۆتەوە، چ داوایەک لە مام جەلال دەکەن؟**

– هەرچەندە بڕوا ناکەین بەڕێز مام جەلال ئەرک و ماندووبوون و مافی خەڵک بەکەم بگرێ و ئەم کارە پیرۆزە لە ئێمە بسەنێتەوە و دەزگایەکی بڵاوکردنەوەی وەک نووسینگەی تەفسیر، کە تا ئێستا نزیکەی "٣٠٠" ناونیشانی کتێبی بڵاوکردۆتەوە و خزمەتی ئەم کوردە دەکات، لە بڵاوکردنەوەی ئەم تەفسیرە بێ بەش بکات، چونکە خۆی خاوەن دیدەیە و مافناسە و کۆششی کۆششکاران بە کەم ناگرێ.

یەکێ لەو بڵاوکراوانەی ئێمە، کە خزمەت بە کورد دەکات و بەم دواییە چاپکرا فەرهەنگی "مامۆستا"یە، کە "کوردی- ئینگلیزی"یە و گەورەترین فەرهەنگە لە کتێبخانەی کوردی، کە "١٦٦٥" لاپەڕەیە و لە دانانی "شەوکەتی مەلا ئیسماعیل"ە، کە دانەیەکی پێشکەشی جەنابی مام جەلال کرا.

ئێمە داوامان ئەوەیە، ئەم پرۆژەیە، نووسینگەی تەفسیر بۆ بڵاوکردنەوە لە هەولێر چاپ و بڵاوی بکاتەوە، جا بەهەر جۆرێک بێ، کە بەڕێز مام جەلال گەرەکیەتی.



# دامەزراوە یاساییەکان!

چەمکی دامەزراوە یاساییەکان چەمکێکی فراوان و فرەڕەهەندە، بۆیە ڕۆڵ و کاریگەری ئەم دامەزراوانە لەنێو هەر کۆمەڵگەیەک ڕەنگدانەوەی پۆزەتیڤی بەسەر ژیانی تاکەکانی ئەو کۆمەڵگەیە دەبێت، ئیتر هەر ئەمەشە وادەکات خودی ئەم دامەزراوانە، بەدامەزراوەیەکی ئەکتیڤ و داد پەروەر و ئەفرێنەر و وەسف و پێناسە بکرێن، شتێکی ڕوون و ئاشکرایە مەعریفە و ڕۆشنبیری لە سایەی دامەزراوەیەک دەخولقێن، کە پرنسیپ و هزری گۆڕانی تیادا بەرجەستە بێت، تاکو مەهاموو ئەرکی ئەم دامەزراوانە کاریگەری لەسەر دەسەڵات و تاکەکانی نێو کۆمەڵگە هەبێت، پەیوەندی نێوانیان ڕێکبخات و گەشەی پێبدات، ئەمەش هەم دەسەڵات لەم حاڵەتە بە دیموکراسی خواز وەسف دەکرێت، هەمیش تاکەکانی نێو کۆمەڵگە هەڵگری پەیامی یاسایی و ڕۆشنبیری یاسایی دەبن.

دەپرسین ئایا ئەم حاڵەتە لەنێو کۆمەڵگەی ئێمەدا بوونی هەیە؟

بۆ وەڵامەکی پێویستیمان بە تەئویل و تەفسیر و ڕاڤەکردن نییە، ڕێک دەڵێین ئەم حاڵەتە وەکو پێویست بوونی نییە، چونکە کۆی دامەزراوە یاساییەکان تاکو هەنوکەشی لەگەڵدابێت نەگەیشتوونەتە ئەم قۆناغە، بە پێچەوانەوە ئەم دامەزراوانە نەک هەر خاوەنی پەیامی یاسای و مەعریفی نین، بەڵکو خودی ئەم دەزگایانە خاوەنی شوناسی ڕاستەقینەی خۆیان نین، کە ئەوەش گەورەترین خەلەل لە ژیانی تاک و کۆی کۆمەڵگەی ئێمە دروست دەکات، کەواتە داهێنان و ئازادیی دامەزراوەییان تێدا مەوجودنییە، ئیتر لەچ ڕوانگەیەکەوە باسی فەراهەم بوونی مافی تاکەکان بکەین، کوا پرسی دەسەڵات کوا چاودێری و بەدوا داچوون لە ڕێی و شوێنە یاساییەکان؟، دەشێ بڵێین ئەم دامەزراوانە زۆربەی هەموو پێگەی خۆیان لەدەست داوە، تا ئەو ڕادەیەی، کە نەتوانن بەرژەوەندی خۆیان و تاکەکانی نێو کۆمەڵگە بپارێزن، ئیتر لێرەوە زۆر بەروونی بۆمان ئاشکرا دەبێت تاکەکانی ئێمە مافی شەرعی خۆیانە، گومانی ئەوەیان لا دروستبێت، لە سایەی ئەم مەزراوانە لێوانلێوبن لەدۆگماو دیماگۆجیەت، ئەمەش گەورەترین کارەساتە، کۆمەڵگەیەک دەزگا و دامەزراوەکانی بەم جۆرە بخوێنێتەوە، زیاتریش لەمە بە هی خۆی نەزانێ و خۆی لێ بێبەری بکات، بێگومان ئەمەش دەمانخاتە نێو ئەم حاڵەتەوە، کە هیچ ئینتیمایان بۆ ئەم دەزگایانە نەبێت، بۆیە، ئەوەی تا سەر ئێسقان تاکی ئێمەی توشی شۆک کردووە، نەمانی متمانەو ڕاستگۆییە، دیارە ئەمانەش قەرەبوو کردنەوەیان ئەوەندە سادە و ساکار نییە، بەڵکو دەبێت ریفۆرم و چاکسازی بەشێوەی شمولی و بابەتیانە سەرجەم ئەم دامەزراوانە بگرێتەوە، لە ڕووی پرنسیپ و سیستەمەوە.



تارق مستەفا ئەحمەد

لە دواجاردا ئاماژە بە خاڵێکی جەوهەری دەکەم، ئەویش بێ توانای دامەزراوە یاساییەکانی ئێمەیە، لە دوای ڕاپەڕینەوە تاکو ئێستا نەیانتوانیوە، خۆیان لەگەڵ تاکەکانی کۆمەڵگە ئاشت بکەنەوە، ئەم ئاشت نەبوونەوەیەش وەکو ئاشت نەبوونەوەی نێوان ڕۆح و جەستە وایە، دنیایەک کەلێن و بۆشایی دروست دەکات، دنیایەک ڕەشبینی و تێنەگەیشتن بەرهەم دەهێنێئەمەش گەورەترین بەرپرسیارێتییە، کە دەکەوێتە ئەستۆی دامەزراوە یاساییەکان.

بێگومان ئەم مۆدێلەش تەنها لەم شوێنانە بوونیان هەیە، کە دەسەڵات دامەزراوە یاسایەکان وەکو کارتێکی گوشار بەکار دەهێنێ بۆ کوشتنی ڕۆحی دیموکراسی و کۆمەڵگەی مەدەنی.

# چالاکییەکانی ڕێکخراو

**لاپەڕەی یاسایی**

* بۆ بەشداریکردن لە ئاهەنگی دەرچوانی کۆلێژی یاسای بەیانیانی زانکۆی کۆیە خولی ٢٠٠٨–٢٠٠٩، ڕۆژی ٢٠٠٩/٥/٢ سەرۆک و دەستەیەک لە ئەندامانی دەستەی کارگێڕی ڕێکخراوەکەمان ئامادەی مەراسیمی ئاهەنگگێڕانەکە بوون، شایەنی باسە ڕێکخراوەکەمان ڕۆڵی ئەکتیڤ و بەرچاوی هەبوو لەم بەشداریکردنە، کە ڕۆژێکی زێڕین و مێژوویی بوو بۆ خوێندکارانی کۆلێژەکە. ئاهەنگەکە تا ئێوارە بەردەوام بوو، بەجۆرێک کە جێگەی سەرنج و خۆشحاڵی سەرجەم ئامادەبووان بوو.

* بەمەبەستی بەشداریکردن لە فێستیڤاڵی شارستانی بۆ خەڵات بەخشین ڕۆژی ٢٠٠٩/٥/٥ دەستەیەک لە ئەندامانی دەستەی کارگێڕی بەشداری مەراسیمەکەیان کرد، لەهۆڵی شەهید سەعد عەبدوڵلا، جێگای ئاماژە پێدانە ئەم فێستیڤاڵە ساڵانە لەشاری هەولێر ئەنجامدەدرێت، ئەویش بە خەڵات بەخشین بەو کەس و ڕێکخراوانەی لەبوارێکی دیاریکراو داهێنان دەخولقێنن کە خزمەت بە کۆمەڵگەی مەدەنی دەکات.

بۆ خەڵاتی ئەمساڵ حەوت ڕێکخراو خەڵاتی فێستیڤاڵیان پێ بەخشرا.



## خوێندنەوەی لاپەڕەکان... ئەو ڕۆژو شەوانەی لەبیرم ناچنەوە

# حاجی مەمۆ: هێزە سیخوڕەکانی ڕژێم چەپ و ڕاست کەوتبوونە گرتن و ڕاونانی خەڵکانی شۆڕشگێڕو خەباتگێڕ



حاجی مەمۆ

پاش تەواوکردنی قۆناغی سەرەتایی من لە قوتابخانەی ناوەندی "کۆماری" بەرامبەر باڵەخانەی قەزای هەولێر وەرگیرام و لە هاوڕێیەکانم جیابوومەوە و ئەوان بێجگە لە (غازی) خۆشناو کەسی ترمان نەدیتەوە و ئێستاکەش نازانم چی بەسەرهاتووە، ئەوانی دیکە چوونە قوتابخانەی ناوەندی "زازا"، لە ناوەندیدا خوێندن بە زمانی عەرەبی بوو، لە قوتابخانەکەشدا، کە پۆلی یەک (٤) هۆبە بوو، لەگەڵ پۆلی دوو و سێ، کە هەریەکەیان (٢) هۆبە بوون، لەناو قوتابییەکاندا لەو ڕۆژەدا یەکێتی قوتابیانی کوردستان چالاکییەکی بەرچاوی هەبوو، بەڵام چالاکی و هەبوونی یەکێتی گشتی قوتابیان، شیوعییەکانیش لە قوتابخانە بەهێز بوون، بەتایبەت وا ڕێک کەوتبوو، بەشێکی زۆر مامۆستاکان لایانگری شیوعییەکان بوون، لەبیرمە لە وانەی وەرزشی ئێمەی ئەندامانی یەکێتی قوتابیانی کوردستان، شۆرت و فالینەی زەردمان لەبەرکرد و ئەوانیش سووریان بەکاردەهێنا، زۆرجاران مشتومڕ و ناخۆشی لەنێوانماندا پەیدا دەبوو، بەڵام بەهۆی هەبوونی مامۆستایانی وڵاتپارێز وەک (مەجید ئاسنگەر، باکووری، زوبێر بیلال) لە سزادان و سەریەشە ڕزگارمان دەبوو.

لەیەکەمساڵی خوێندنی ناوەندیدا، پۆلەکەمان لە نزیکەی (٢٤) قوتابی پێکهاتبوو، لە نمونەی (ئەکرەم مەنتک و ڕزگار گەنجۆ و خالید ڕەسول و وشیار فەتاح و جەلال تەها)، کە ناویانم بیرماوە، مامۆستا باکووری، کە چاودێری پۆلەکەی ئێمە بوو، هەمووومان بەهۆی زمانی عەرەبی ئاستی نمرەکانمان زۆر نزم بوو، ڕۆژێکیان لەدەمی پێدانەوەی کارتی نمرەکانی نیوە ساڵدا، مامۆستا باکووری هاتە ژوورەوە و کەوتە خوێندنەوەی ناوەکان بۆ پێدانی کارتەکان، سەرەتا ئەوانەی خوێندەوە، کە لە هەموو وانەکان کەوتبوون، یەکێک لەوانە کوڕێک بەناوی (ئیبراهیم)، کە لەسەر دەفتەری تاقیکردنەوەکان نووسیبووی "ئیبراهیم لەک" مامۆستا باکووریش، کە ناوەکەی خوێندەوە، لێی پرسی: ئیبراهیم تۆ لەکی نێرەی؟ یاخود لەکی مێیە؟ ئەویش زۆر بە تووڕەیی وتی مامۆستا من لەکە نێرەم.

مامۆستا باکووری لەو تووڕەتر وەڵامی دایەوە وتی: دەک عەمرت نەمێنێ، وەڵڵا تۆ لەکە مێیەی، چونکە لە هەموو وانەکان کەوتووی، لە هیچ وانەیەک نمرەکانت نەگەیشتونەتە (٣٠) نمرە لە (١٠٠)ی، هەستە کتێبەکانت بهێنەوە و بچۆرەوە گوندی، خەریکی جووتیاری بەو چیتر مەسرەفی خۆڕایی بە باوکت مەکە، ئەوەبوو برایم بەبێ دەنگی کتێبەکانی هێنایەوە بەردەم مامۆستا باکووری قوتابخانەی بەیەکجاری بەجێهێشت.

لەو قۆناغەدا لەگەڵ چەندان قوتابی بەهۆی چالاکی و بەشداریکردنی کۆبوونەوەکانی یەکێتی قوتابیانی کوردستان ئاشنابووم و بووینە هاوڕێ گیانی بە گیانی ڕۆژانی داهاتوو لە نموونەی (جەمیل ڕەنجبەر و وشیار فەتاح و جەلال تاهیر و سابیر ساڵح و سەعدی خەلیل و مەهدی کاوانی و موحسین حەمەد ئەمین و....هتد).

لەساڵی دووەمی ناوەندی بووم، لە پۆل دەرسی ئینگلیزیمان هەبوو، مامۆستا مەجید ئاسنگەر وانەی دەوتەوە، پەنجەرەی ژوورەکەمان بەسەر جادەکەوە بوو، سەیرمانکرد، دەبابەیەکی زنجیردار بە جادەکەدا دەهات و لەبەردەمی قوتابخانەکەمان ڕاوەستا، هەموومان زۆر ترساین، بەتایبەتی ئەوانەی لە ڕیزەکانی یەکێتی قوتابیانی کوردستان چالاکیمان هەبوو، تا ڕادەیەک بەهۆی سەرچلییەکانمان لەناو قوتابخانە ناسرابوو بووین، بەبێ ئەوەی هیچ دڵەڕاوکێیەکمان بەرامبەر مامۆستا مەجید ئاسنگەر هەبێت، ئێمە چەند دانەیەکمان داوامان لێکرد، کە بەڵکو ڕێگامان بدات بۆخۆمان بچینە دەرەوە، بەڵام ئەو وتی: مەترسن هیچ لەگۆڕێ نییە، لەسەر خوێندنی وانەکەی خۆمان بەردەوام دەبین، تاکو لەناکاو زۆر بەتوندی لە دەرگای پۆلەکەیان داو چەند سەربازێک و ئەفسەرێک بە هاوڕێیەتی بەڕێوەبەری قوتابخانە، کە ناوی "عەبدولمەجید" بوو هاتنە ژوورەوە، دوای هەندێ چاوسووركردنەوەی ئەفسەرەکە، مامۆستا مەجید ئاسنگەریان لەگەڵ خۆیان ڕاپێچکرد و بەڕێوەبەر لە پۆلەکەمان مایەوە و دەرگای داخست و ڕێگای جولەکردنی بە کەسمان نەدا، بەڵام لە پەنجەرەکانەوە دیتمان مامۆستا مەجیدیان سواری ئەو جێبە کرد، کە لەپێش دەبابەکە ڕاوەستابوو، کە پێشتر بەدیمان نەکردبوو...یەکسەر کەوتنە لێخوڕین و لەبەرچاوان ون بوون، ئێمە قوتابییەکان تێکڕا خڕۆشابووین، یەکسەر زۆربەمان ئەو ڕۆژە قوتابخانەی چۆڵکرد و گەڕاینەوە ماڵەوە، بەبێ ئەوەی کەس ورتەی لەدەم بێتە دەرەوە، تێکڕا شار خامۆش بووین، لە هەموو لایەکەوە بە جاش و سەرباز گەمارۆدرابوو، هێزە سیخوڕەکانی ڕژێم چەپ و ڕاست کەوتبوونە گرتن و ڕاونانی خەڵکانی شۆڕشگێڕ و خەباتگێڕ، شار تەنیا بەڕۆژ سیمای ئاوەدانی ژیانی تێدا بەدی دەکرا، دەنا بەشەو گیانی مردووی دەپۆشی و تەنیا دەنگی دەستڕێژەی ئێرەو ئەوێ و هاتووچۆی دەبابە و سەیارە سەربازییەکان دەهاتە گوێ و جاشەکان لە هەموو کوچەو کۆڵانێک مۆڵگای ئازاردانی خەڵکیان دانابوو، کە مێردەزمە بەسەر جادەی شار دەخولانەوە، ئەو ڕۆژانە هەناسەی کۆڵنەدانی لاوان و چالاکی شۆڕشگێڕانەی پێشمەرگەکانی شاخ ڕۆژ بەڕۆژ هێزو وزەی زیاتری دەدایە کۆمەڵانی خەڵک و هیوا و خۆزگەکانی گەورە و گەورەتر دەکرد، بەڵێ سەرباری هەموو جۆرە توندوتیژییەکی ڕژێم، قوتابیان لەوان ڕۆژاندا نموونە گەلێکی لەبن نەهاتووی چالاکی چاونەترسان بوون، هەموو هەفتەیەک کۆبوونەوەی شانەکان بەڕێوەدەچوون، ڕاپۆرتی هەفتانە بەرزدەکرانەوە و سەرشانە و لێژنەکانی سەرەوە برەویان بە گورج و گۆڵی خۆیان دەدا، بەڵام لەگەڵ ساڵی سێیەمی خوێندنی سەرەتایی خۆم و بەدوای کەوتبوونی شۆڕشی چەکداری و پارتی دیموکراتی کوردستان، چالاکییەکانی یەکێتی قوتابیانی کوردستانیش بەو شەپرەلێدان و پاشەگەردانی بوو، ئێمە بەشێکی هەرە دیارمان کەوتینە بەرەی هێڵی (مەکتەبی سیاسی) و هەر بەناوی یەکێتی قوتابیانی کوردستان درێژەمان بە چالاکی و خەباتی خۆماندا، بەڵام دیسانەوە وەک جاری جاران گەرم و گوڕ و بەهیمەت نەبووین، ئەمجارە کۆبوونەوە و چالاکییەکانمان لە پەنادزەییو نهێنییەکی پۆلاینەوە کەوتە باری نیمچە ئاشکرایی و سێبەری دام و دەزگای ڕژێم.

بەشی بیست و چوار



لە ڕاستەوە بۆ چەپ: حاجی مەمۆ محەمەد زادە - چۆمان ١٩٧٥

## بۆ ڕای گشتی لەناوەوەو دەرەوەی هەرێمی کوردستان

بۆ بەڕێز مام جەلال سەرۆک کۆماری عێراق
بەڕێز مەسعود بارزانی سەرۆکی هەرێمی کوردستان
بەڕێز عەدنان موفتی سەرۆکی پەرلەمانی کوردستان
بەڕێز نێچیرڤان بارزانی سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستان

ئێمە بەناوی جوتیارانی گوندی کوستەی بان/ بەکرەجۆ کە خاوەن زەوییەکانی (م/٩ قلیاسانی ژووروربن) کە هەموویان(١٠٠٠ دۆنم)دەبێت لەساڵی ٢٠٠٢ تەرخان کرا، کە بدرێت بە هاووڵاتیان لەوکاتەشدا کێڵرابوو و تۆ کرابوو گەنم و قەرسیل بوو، بەو شێوەیە مایەوە تا"٢٠٠٥" و نەهێڵرا لەو چەند ساڵەدا سوودی لێ ببینین. لەساڵی "٢٠٠٥"یشدا بۆ"زانکۆی ئەمریکی" تەرخانکرا، کە چەندین کەس بژێو و ژیانی لەسەر ئەو زەویانە بوو، چەند ساڵە داوای حەقی زەوییەکانی خۆمان دەکەین لەشوێنێ، کە شیاوی زەوییەکانی خۆمان بێت وەک نرخ.

داواکارین ڕای گشتی لە ناوەوە و دەرەوەی هەرێمی کوردستان ئاگاداری ئەو کێشەیە بن و نەخوازەڵڵا ناچار نەبین پەنا ببەینە بەر دادگای فیدراڵی عێراق.

هیواداریـن دەرگایەکی خێر بۆ جووتیارانی ئەو دەڤەرە بکەنەوە.

لەگەڵ ڕێز و سوپاسی سێ جوتیاری گوندی کوستەی بان/ بەکرەجۆ

**عەبدولوەفا قادر ئەحمەد**
٠٧٧٠١٥٢٦٤٦٩
**نەوزاد حەمە ساڵح کوێخا ئەحمەد**
٠٧٧٠١٥٦٦٣٩١
**ئەحمە محەمەد ئەحمەد**
٠٧٧٠١٩٤٣٦٧٧

## ڕوونکردنەوەیەک لە دەزگای بەدرخانەوە

دوای ئەوەی هەڵەت هەمەوەندی ڕۆژنامەنووس و خاوەن بڕوانامەی ماستەر لە فەلسەفە و بواری ڕۆژنامەنووسی کوردی کە لە لەندەن بڕوانامەکەی وەرگرتووە، نووسەر لە بابەت و لێکۆڵینەوەکەیدا کە لەژێر ناوی "پۆلێنی ڕۆژنامەنووسی لە کوردستاندا" لە ڕێککەوتی "٢٦، ٢٣، ٢٠٠٩/٤/٢٢" لە ڕۆژنامەی کوردستانی نوێ بە ژمارەی "٤٨٥٤، ٤٨٥٢، ٤٨٥١" بڵاوی کردۆتەوە، تێیدا نووسەر بە شێوەیەکی زۆر جوان پۆلێنی ڕۆژنامەنووسان و ڕۆژنامکانی کردووە و بەسەر ڕۆژنامە و ڕۆژنامەوانی حزبی و ئازاد "ئەهلی" دابەشی کردووە، لە بەشی سێیەم و کۆتایی نووسینەکەیدا نووسەر باس لە ڕاگەیاندنی ئازاد لە دوای ڕاپەڕین لە کوردستان دەکا، لە بڕگەیەکدا نووسەر باسی ڕۆژنامەی هاوڵاتی و مانگنامەی بەدرخان دەکا، کە بە بۆچوونی ئەو هاوڵاتی لە مانگی مایس بڵاوکراوەتەوە و بەدرخانیش لە ٢٠٠٠/١٠/٢٢ یەکەم ژمارەی دەرچووە وەکو مانگنامەیەکی ئازاد. لێرەدا وەک دەزگای بەدرخان و هەفتەنامەی بەدرخان بە پێویستی دەزانین ڕوونکردنەوەیەک بۆ هەموو خوێنەران و ڕۆژنامەنووسانی کورد بدەین، بەوەی بەدرخان لە ٢٠٠٠/١٠/٢٢ ژمارە سفری خۆی دەرکردووە، بەڵام هەفتەنامەی هاوڵاتی لە "٢٠٠٠/١١/٥" یەکەم ژمارەی لێ دەرچووە، تکایە خوێنەران ئاگاداری ئەو ڕوونکردنەوەیە بن.

مەبەستیشمان لەو ڕوونکردنەوەیە کەمکردنەوە نییە لە نووسینەکەی برای نووسەر هەڵەت هەمەوەندی، بەڵکو وێڕای ئەوەی ئەو هەوڵەی بە کارێکی پیرۆز دەزانین، لە بەرامبەر ئەوەشدا بوونی ئەو ڕوونکردنەوەیە بە کارێکی لەو پیرۆزتر و گرنگتر دەزانین.

**دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی بەدرخان**

## تەنز

## عەیب نەبی

چی بچینی ئەوە دەدوورییەوە، هیچ شتێک لە نەبوونی ناخۆشتر نییە، نەبوونی ڕەگێکی لە هارییەوەیە، پیاو، کە نەبوون بوو، پەلاماری ئەم و ئەو دەدا، خۆی بە دار و دیواردا دەدا و چشتێک خوا پێی ناخۆشە، ئەو دەیکا، بەیانییەکیان تازە شەبەقی دابوو، لە ماڵەوە نان نەبوو بیخۆین، منداڵەکان لە برسان زیرەیان ڕۆژە ڕێیەک دەڕۆیی، قەرز و قۆش تا ئەندازەیەک خۆشە، کە بێتام بوو، ڕەزات قوڕس دەبێت و کەس ڕێی حەمامت نیشان نادا، دەمانچەیەکم لە هاوڕێیەکم وەرگرت، چەند نامە سەر تەوێڵی نەوچەوانم و خۆم بکوژم، شەیتانم بە نەعلەت دەکرد، دەموت بە کوشتنی خۆم کێشەکان قووڵتر دەبنەوە، واباشە ورە بەرنەدەم، خوێن بەری چاوی گرتم، یان دەبێ یەکێک بکوژم یان شتێک بە دەست بێنم، خۆم گۆڕی و چوومە دەرەوە، لە چۆڵەوانییەکی سەر جادەی سەرەکی ڕاوەستام، تەکسییەک بەرەو رووم هات و دەستم لێی ڕاگرت، وردە وردە هێواشی کردەوە، تا لە جادە قیرەکە چووە سەر خۆڵەکە و ڕایگرت، بە بەری دیوی شۆفێرەکە سوڕامەوە، یەکسەر دەمانچەی بەر پشتم دەرکرد و ڕامکێشاو لێم ڕاخوڕی: (دەی وەرە خوارێ تا نەمکشتووی). کابرا وەک پەلکە پیاز زەرد هەڵگەڕا و ترس جێی پێ لەقکرد، بە هێواشی هاتە خوارێ و تاسا، منیش سواری تەکسییەکە بووم و تێم تەقاند، شەش سەد، حەوسەد، مەتر ڕۆیشتم و نەڕۆیشتم، لە ناخەوە ویژدانم ئازاری دام، بەخۆم بڵێم: (ئەوە چی دەکەی؟ کێ دەڵی ژیانی خێزانێک لەسەر ئەو تەکسییە نییە؟) پەشیمان بوومەوە، پێچم پێدایەوە ڕێو ڕێ گەڕامەوە لای خاوەنەکەی، کاتێک دابەزیم بە دەم فرمێسک ڕشتنەوە سویچەکەیم دایەوە دەست و وتم: (فەرموو قوربان داوای لێبوردن دەکەم). کابرا چاو ئەبلەق بوو، بە پەرۆشەوە پرسی:(ئەوە چی وای لێکردی، کە بگەڕێیتەوە؟) ئاهێکی قووڵم هەڵکێشا و وتم:(ویژدانم ڕێگەی پێنەدام، تۆش وامەزانە من دزبم، من لە نەبوونی و نەداریدا ئەو دەمانچەیەم هەڵگرتووە، کەتنێکی پێبکەم، چەند جار ویستم خۆم بکوژم، دەستم نەچویێ).

کابراکە دەستی بردە باغەڵی و شەدەیەک پارەی دەرهێنا و بێ ژماردن بۆی ڕاگرتم: (فەرموو گەردەنت خۆش و ئازابێ)، نەمزانی چۆنی لێوەربگرم، بەشەرمەوە:(ئاخر)، وتی:(ئاخر و ماخری ناوێ، من تا مردن مەمنوونتم، ئەگەر ئاو و ئاو بچوبایە، ئەو کاتە چیم پێدەکرا)، پارەکەم بەدەستێکی لەرزۆکەوە وەرگرت و سوپاسم کرد، بەو بەیانییە خواردنم کڕی و بە دڵخۆشی گەڕامەوە ماڵ، بەو پارەیە کەوتمە ئیشکردنێکی سەرپێیی، خۆم گرتەوە، لەڕێی برادەرێکەوە، شتم بە قاچاخ، لەودیوی ئێران بۆ ئەو دیو دەهێنا، بەمە دوای چوار ساڵ و پاشکەوتێکی باش، چ جای دانانی هەندێ وشکە پارە بەدوو دەفتەر دۆلار تەکسییەکم کڕی، تا ئیشی پێبکەم،



شاخەوان عەلی حەمەد

ئەفسووس ئەوەی چاوەڕوانم نەدەکرد ڕوویدا، بەیانییەکیان، تازە شەبەقی دابوو، چوومە دەرەوە کاسبییەک بکەم، ڕێک لەو شوێنەی کاتی خۆی دەمانچەم لە کابرا ڕاگرت، کابرایەک دەستی لێڕاگرتم، تەکسییەکەم هێواش کردەوە، لە جادە قیرەکە لامدایە سەر خۆڵەکە و بۆیم ڕاگرت، کابراکە بە لای مندا سوڕایەوە، یەکسەر دەمانچەی بەر پشتی دەرکرد و لێی ڕاخوڕیم: (دەی وەرە خوارێ تا نەمکوشتووی) ڕەنگ و رووم وەکو پەلکە پیاز زەرد هەڵگەڕا، ترس جێی پێ لەقکردم، بە هێواشی هاتمە خوارێ و تاسام، ئەویش سواری تەکسییەکەم بوو تێی تەقاند، چۆن ڕۆیشت نەمدییەوە، سەری دنیام لێک و وێک هاتەوە، هەر چاوەڕوانکە، تا سەیارەیەک هات بە پەلە سوار بووم، خۆم گەیاندە نزیکترین بنکەی پۆلیس و لە دزینی تەکسییەکەم ئاگادار کردنەوە، بەڵام هیچیان پێنەکرا، ئەو تەکسییەم چۆن ڕۆیشت، ئێستاش چاوم پێی نەکەوتەوە، لە خەم و خەفەتان هەفتەیەک ئاگر لە ماڵمان هەڵنەکرا، دەتوت بەسەر دنیاوە نەماوم، هیچ لەوە ناخۆشتر نییە، پارەو پولێکی زۆر بەگەرماو سەرماو شەونخوونی پێکەوەنێی، کەچی لەچاوتروکانێک ڕەنجت بەبادا بڕوا، سەرەڕای ئەوەش هەمیشە دەموت:(ئەوە تاقیکردنەوەیە، خوا دەتداتێ و هەر ئەویش لێت دەسێنێتەوە) ئەو بڕە پارەی لە ماڵەوە هەبوو، دەستم دایێ و ژیانێکی ئاساییم پێ بەرێ دەکرد، قەت ساتێک ئەو سەیارەیەم لە دڵ و دەروون دەرنەدەچوو، دوای چوار ساڵ ئەوەی بە خەیاڵمدا نەدەهات ڕوویدا، ڕۆژێکیان کابرایەک خۆی کرد بە ماڵمان و دوای چاک و چۆنی، دانیشت وتی: (هەفتەیەکە بەدوای ماڵتان و تۆدا دەگەڕێم، هاوڕێیەکم بەناوی "کاروان" منی لە هەندەرانەوە ڕاسپاردووە، ئەو ئەمانەتیەت بەدەست بگەینم، فەرموو) منیش زەرفەکەم هەڵپچڕی چوار دەفتەر دۆلار و نامەیەکی تێدابوو، نامەکەم کردەوە، ناسنامەی من و کاغەزێکی تێدا بوو، کاغەزەکەم خوێندەوە نووسیبووی: (برای بەڕێزم، گەردەنم ئازاد بکە، کاتی خۆی زۆر بە پەرۆشی ئەوەوە بووم، چۆن بچمە هەندەران و دینارێکم شک نەدەبرد، ئەوەی کردم، بەلێسەندنی تەکسییەکەی تۆ بە داوای لێبوردنەوە، هەر ئەوکاتە بەگۆترە بە دەفتەرەک و نیوم فرۆشت، بۆ ئەو هەموو ساڵە، لەگەڵ ئەو نامەیە (4) دەفتەری لەگەڵە بۆ تۆ، مەمنوونت دەبم گەردەنم ئازاد بکەی)، لە خوارەوە ناو و واژووی خۆی لەسەر کردبوو...دەمم بەش بووەوە!!!چاو ئەبلەق وەک باوەڕ بەچاوەکانم نەکەم، چەند جارێ هەڵمگلۆفت و وتم: (ئاخر من دەستم لەو سەیارە شوشتبوو، هەرچەند بەردەوام خەفەتم لێی دەخوارد) ئەویش لە وەڵامدا وتی: (کاروانیش لەو ساوەی گەیشتۆتە ئەوروپا، تا بە ئەمڕۆ دەگات، ئەویش هەمیشە خەفەت لەوە دەخوا چۆن ئەو زیانەت بۆ قەرەبوو بکاتەوە، بەردەوام دوعای ئەوەتی بۆ دەکرد، هیچت بەسەر نەهاتبی و لەژیاندا مابیت).

دەتوت لە دەریادا دوڕ و گەوهەرم دۆزیوەتەوە، کۆڵێ کەیفساز بووم، ئەو ڕۆژە نەمهێشت ئەو کابرایە بەهیچ لایەک بڕوا و خزمەتێکی زۆریم کرد، پێش ڕۆیشتنی ژمارەی مۆبایلەکەی کاروانم لێوەرگرت، پەیوەندیم پێو کرد، لەو ڕۆژەوە بەردەوام پەیوەندیمان هەیە، لە هاتنەوەی بۆ کوردستان پێش ئەوەی بچێتەوە هەر ماڵێک، سەردانی کردم و ئەو سەردانە بەوە گەیشت، داخوازی شانازی کچەم لێکرا و منیش دەرهەق بەو دەستپاکییەی، کچەکەمی پێشکەش کرد.

# سەرەتای هاتنە کایەی سەندیکای کرێکاری لە جیهاندا و رۆژی (١)ی ئایار





ئا: یاسین قادر مستەفا*

**پێشەکی:**
سەندیکای کرێکاران یەکێتییەکی پیشەیی کرێکارانە، هەندێ خواستی بە کۆمەڵ زیاتر پێکەوە ڕیزبەندییان دەکات بۆ بەدەست هێنانی مافە ئابووری و کۆمەڵایەتییەکان لە ڕێگای گوشار خستنە سەر دەسەڵات و خاوەن کارگەکان.
سەرەتای دیرۆکی سەندیکای کرێکاران لە چەرخی ناوەڕاست لە ئەوروپا دەستی پێ کردووە، ئەویش بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی هەندێ ئاستەنگ، کە هەڕەشەی لە ژیانی خۆیان و خێزانەکانیان دەکرد، لە شێوەی دەستەو کۆمەڵی هاوکاری و چاکەخوازی پەیدابوون. کە خۆیان لە کۆمەڵی پیشەگەری کرێکاری و خاوەن پیشە دەدیتەوە، بەڵام خاوەن پیشەکان هەمیشە سەرپشکی ڕێکخستن و بڕیاردان بوون.
سەرەتای سەندیکای کرێکاران بچووک و ساکار بوو، لە بازنەی هەندێ داواکاری ڕۆژانە زیاتر پەلهاوێژیان نەدەکرد، بەڵام لەگەڵ پێشکەوتنی پیشەسازی و زیاتر قووڵ بوونی کێشەکانی نێوان کرێکاران و سەرمایەداران و بەرزبوونی ئاستی هۆشیاری کرێکاران، داخوازییەکانیان لەوە تێپەڕی کرد بۆ دابین کردنی خواردن و جل و بەرگ و چاککردنی هەلومەرجی کار، بەڵکو هەوڵی بەدەست هێنانی مافی تریاندا، وەک ئازادی ڕێکخراو بوون و مانگرتن و کۆبوونەوەو بەربەستی کردنی هێرشی سەرمایەداران، تا دەگاتە ئەوەی حزبی سیاسییان پێک هێنا و هەوڵی ڕووخانی ڕژێمی سەرمایەداریشیان دا.
لە هەموو شوێنێک سەرەتا سەرمایەداران دژایەتی پێکهێنانی سەندیکای کرێکاران دەکەن، بەڵام کاتێ بزووتنەوەی کرێکاران پەرە دەسێنێ. بوونی سەندیکا لای سەرمایەداران گرنگ نابێت بە مەرجێ لە ژێر سایەی پارتە کۆنەپەرست و ڕاستڕەوەکان دەرنەچێت و هێڵی داواکارییەکان نەبەزێنێ.

**چوونە ناوباس**
لە ساڵی ١٥٣٩ کرێکارانی چاپخانە لە فەڕەنسا یەکەم مانگرتنیان تۆمار کرد و ماوەی چوار مانگی خایاند، کە داوای چاککردنی هەلومەرجی کاریان دەکرد، لەساڵی ١٧٢٠ لە لەندەن کرێکارانی کارگەی دوورمان مانیان گرت. لەساڵی ١٧٣٥ لە ئەمریکا کرێکارانی چاپخانەی فیلادلفیا مانیان گرت.
بۆیە ساڵی ١٨٦٦ ئەڵمانیا لە رووی یاسایی دانی بە سەندیکای کرێکاران نا. لە بەریتانیا ساڵی ١٨٧١ بوو، لە فەڕەنساش ساڵی ١٨٨٤ بوو.
لە ئەنجامی چەوسانەوەی بێ سنووری کرێکاران لە لایەن سەرمایەداران و نزمی ئاستی هۆشیاری کرێکاران. لە سەرەتا بەهیوای رزگاربوون لە ژیانی کولەمەرگی کرێکاران لە دژی سەرمایەداران هەندێ کارو چالاکییان ئەنجامدا بۆ بەرژەوەندی خۆیان، وەک لە ئینگلتەرا ڕەوتێکی کرێکاری پەیدابوو. ئامێرەکانیان لە کارگەکان تێک شکاند، چونکە وایان هەست دەکرد، کە سەرچاوەی نالەباری ژیانی ئەوان ئەو ئامێرانەیە. بێ ئەوەی بیر بکەنەوە کە نالەبارەکانی ژیانیان مولکیەتی تایبەت و سەرمایەدارییە. پێشڕەوی ئەم بزووتنەوەیە (ندلوود) ناوێک بوو کە بە (ندلوویەکان)ناسران. کە لە لایەن کرێکارانی بیناسازی و رستن و چنین و کانە بەردینەکان و هەتا سەربازەکانیش پشتگیریان لێ دەکرا. لە ساڵی ١٨١١-١٨١٢ لە راپەڕینێکدا زۆر لە ئامێرەکانی کارگەی رستن و چنینی لەندەن تێکشکا، بەڵام حکومەتی ئینگلتەرا بە درندانەترین شێوە بەر بووە گیانی ئەو کرێکارانە لە ئەنجامدا (ندلوود) کوژرا و بزووتنەوەکەش تێک شکا، بەڵام کرێکارانی ئینگلترا کۆڵیان نەدا و هەر بەردەوام بوون لە خەباتی خۆیان دژی خاوەن کارگەکان. بۆ نموونە هەندێ داواکارییان بە دەست هێنا، وەک داواکردنی مافی هەڵبژاردن، چونکە لە کۆی ١٦ ملیۆن کەس تەنها ١٦٥ هەزار کەس مافی هەڵبژاردنیان هەبوو، بۆ ئەم مەبەستە حکومەت لە ژێر گوشاری کرێکاران و ڕەنجدەران ناچار بوو یاسایەکی تر دەربکات، بەڵام کەسانی خاوەن مافی هەڵبژاردن تەنها دوو ئەوەندە زیادی کرد، لە ساڵی ١٨٤٧ لە لایەن حکومەتەوە یاسایەک دەرچوو ماوەی کارکردن لە ١٥ کاتژمێر ڕۆژانە بۆ ١٠ کاتژمێر کەم کرایەوە، لە دوای (ندلوود)یەکان بزووتنەوەیەکی تری کرێکاری لە ئینگلتەرا بە سەرکردایەتی (رۆبەرت ئویت)هاتە کایەوە. کە خاوەن فەلسەفەیەکی سۆسیالیستی خەیاڵی بوو خاوەن کارگەی رستنی لۆکە بوو لە (شوتلاند) لە کارگەی خۆی هەندێ کاری ریفۆرمی ئەنجامدا وەک کەم کردنەوەی کاتژمێری کار و زیادکردنی ڕۆژانەو دابین کردنی خانوو بۆ کرێکاران، کارکردن بە منداڵان کەم کرایەوە، (رۆبەرت ئویت)وای دەزانی بەم کارانە دەتوانێت ژیانی کرێکاران خۆش بکات و ململانێی چینایەتی نێوان کرێکار و سەرمایەدار نەهێڵێ و کرێکارانیش ئاسوودەبن بێ ئەوەی دەسەڵات لە سەرمایەداران بسێنرێتەوە.
لە ساڵی ١٨٣٣ کرێکارانی ئینگلتەرا (سەندیکای نیشتمانی)یان دامەزراند، (رۆبەرت ئویت)بە سەرۆک هەڵبژێردرا، بەڵام حکومەت هێرشی بۆ بردن و سەرۆکایەتی سەندیکای گرت و ڕەوانەی ئوسترالیای کردن، لە ساڵی ١٨٣٤ سەندیکاش هەڵوەشایەوە بزووتنەوەکەش بۆ جارێکی تر هەرەسی هێنا و هەندێ مەرجی گرانیش بەسەر کرێکاران سەپێنرا، بۆ نموونە کرێکاران کە پەیمانێکیان پێ مۆرکرا، کە نابێت بەشداری سەندیکا بکەن، کە لەمێژوودا بە گرێبەستی سەگ (عقود الکلب ) ناسراوە، لە دوای ئۆینیەکان بزووتنەوەیەکی تر لە ئینگلتەرا هاتە کایەوە بە ناوی (شارتی)یەکان ناسراوە، کە وشەیەکی ئینگلیزییە، شاتر بەمانای پەیمان بەستن دێت، کە بزووتنەوەیەکی جەماوەری شۆڕشگێڕی کرێکاران بوو، لە ئەنجامی نالەباری ئابووری و نەبوونی مافی سیاسی هاتەکایەوە، ئەوەی شارتیەکانی لە بزووتنەوەکانی پێشتر جیا دەکردەوە ئەوەیە، کە شارتییەکان باوەڕیان بە نەمانی سەرمایەداری هەبوو لە ڕەگ و ڕیشەوە ئەم مەبەستە یەکەم جار هەوڵی بەدەست هێنانی مافی دەنگدانیان دەدا لە هەڵبژاردن لە ساڵی ١٨٣٨ بەرنامەی خۆیان لە ٦ خاڵ خستەڕوو:
١- مافی هەڵبژاردن بۆ هەموو کەسێک بێ.
٢- هەڵبژاردنی پەرلەمان ساڵانە بێت.
٣- هەڵبژاردن لە هەموو شوێنەکان بە یەکسانی بکرێ.
٤- ئەندامانی پەرلەمان حەسانەیان هەبێت.
٥- هەڵبژاردن بە نهێنی بێت .
٦- هەڵوەشاندنەوەی دانی مولکیەتی دەوڵەت بە ڕەسمی بە ئەندامانی پەرلەمان.
لەبەر ئەوەی بەرنامەی شارتییەکان تەنها کرێکاری نەبوو، بەڵکو جەماوەری و ڕەنجدەری دەگرتەوە. بۆیە خەڵکێکی زۆر پشتگیریان لە بەرنامەکەی کرد. شارتییەکان دروشمێکیان هەبوو (ئەگەر بە ئاشتی نەبێت بە توندوتیژی دەبێت) لە تەمووزی ١٨٣٩ لە سەر ٦ خاڵەکە یاداشتێک بە واژووی یەک ملیۆن و چارەکە ملیۆنێک درا بە حکومەت، بەڵام لەبری ئەوەی حکومەتی ئینگلتەرا دەستی کرد بە گرتنی سەرکردەی شارتییەکان هەرچەندە بە نیاز بوون ڕاپەڕین بەرپا بکرێ، بەڵام سەرکەوتن بەدەست نەهات. لە هەمان کاتدا حکومەتی ئەمریکا بە توندوتیژی دژ بە ڕێکخراوە کرێکارییەکان دەوەستا و مانگرتنەکانی بە ئاگر و ئاسن سەرکوت دەکرد. حکومەتی فەڕەنساش ناکۆکییەکانی لەگەڵ کرێکاران لە زەق بوونەوە دابوو.
سەرەڕای ئەمەش رۆڵی کرێکارانی لە شۆڕشی فەڕەنسا لە ساڵی ١٧٨٩ بەرز نرخاند، ئەمەش خۆی لە خۆیدا بە مانای ئاستی هۆشیاری کرێکاران لە گەشەکردندا بوو، لە ساڵی ١٨٤٨ لە ئەڵمانیا کرێکاران بە شێوەی ڕێکخراوەی سیاسی هاتنە مەیدان، یەکەم بەیاننامەی کۆمۆنیستی لە لایەن (کارل مارکس و ئەنجلس) بڵاوکرایەوە، کە تا ئێستا بە زیندوویەتی ماوە، لە ڕوسیا بزووتنەوەی کرێکاران پەرەی سەند، لە ساڵی ١٨٦٥ دەسەڵاتی قەیسەر ناچار بوو یاسایەک دەربکا، کە تیایدا مانگرتن بە کارێکی خراپ و چەتەیی لە دژی حکومەتی قەیسەری لە قەڵەم بدا، گردبوونی ئەم بزووتنەوانەی کرێکاری لە ئەوروپا و ئەمریکا بووە بەردی بناغە بۆ دامەزراندنی یەکەم ڕێکخراوی کرێکارانی جیهان، کە لە ١٨٦٤/٩/٢٤ لە لەندەن دامەزرا بە ناوی ئەنتەرناسیۆنالی یەکەم، لەم ڕێکخراوە جیهانییەدا ئامانجی کرێکاران زیاتر ئاسۆی روون کرایەوە.
زۆربەی ڕێکخراوە کرێکارییەکان بە بیری سۆسیالیست زانستی گرێ داو هەوڵی ڕووخانی ڕژێمی سەرمایەدارییان داو لە بری ئەو سۆسیالیزم بێننەدی.
کۆمۆنەی پاریس لاپەڕەیەکی پڕ شکۆی خەباتی کرێکارانی فەڕەنسا و جیهانە، لە ساڵی ١٨٧١ کاتی (لویس پۆناپارت) لە بەرامبەر سوپای بروسیا (المانیا) تووشی شکست بوو زۆر لە خاکی فەڕەنسا لە لایەن بروسیا داگیر کرا، لە شکری بروسیا تا لێواری پاریس چوو لە ئەنجامدا حکومەتی لویسی فەرەنسی بەرامبەر بە ئەڵمانیا خۆی بەدەستەوەدا و پەیمانێکی دۆڕاوی مۆر کرد، کە تیایدا ناوچەی (ئەلزاس و لۆرین) درا بە ئەڵمانیا. لێرەدا کرێکاران و ڕەنجدەرانی پاریس بەم ڕێککەوتننامەیە رازی نەبوون و دژی حکومەتی برژوازی فەرەنسی لە پاریس ڕاپەڕین. حکومەت لە ماوەیەکی کورت لە پاریس هەڵهات و لە ١٨٧١/٣/١٨ دا یەکەم کۆمیتەی ناوەندی پاسەوانی نیشتیمانی لەلایەن خەڵکی پاریس هەڵبژێردراو دەستیان بەسەر چەک و جبەخانە داگرت و لە "٢٨"ی ئاداری هەمان ساڵ حکومەتی کۆمۆنە ڕاگەیاندرا.
برژوازەکان لە ترسی ڕاپەڕینی کرێکاران کەوتنە جموجۆڵ، هەر بۆیە (بسمارک) سەر لەشکری ئەڵمانیا ١٠٠ هەزار سەربازی دیلی فەڕەنسای ئازاد کرد بە مەرجێ بچنە ژێرباری حکومەتی برژوازی فەڕەنسا لە دژی کرێکارانی پاریس ڕاپەڕین بکەن، لە ئەنجامدا شەڕێکی خوێناوی لە نێوان کرێکارانی کۆمۆنەو لەشکری برژوازی هەڵگیرسا، لە "٢٨"ی ئایار دوا بەرەنگاری کرێکاران تێک شکێنران و هەزاران کرێکار خەڵتانی خوێن کران، هەرچەندە تەمەنی کۆمۆنە کورت بوو، کە خۆی لە ٧٢ ڕۆژ دا، بەڵام زۆر کاری ئەنجامدا وەک حکومەتێکی کرێکاری دیموکراسی لە لایەن گەلەوە جیاکردنەوەی کەنیسە لە دەوڵەت و هەڵوەشاندنەوەی خانوو و دواخستنی کاتی ئۆمبیالات و نەهێشتنی ڕیباو شەو کاری هەڵوەشاندنەوەی لەشکری حکومەتی برژوازو چەکدارکردنی خەڵک و هەڵبژاردنی فەرمانبەران لەلایەن خەڵکەوە لەگەڵ لابردنی دادوەرە کۆنەکان و هەڵبژاردنی دادوەری نوێ لەلایەن خەڵکەوە.
لاپەڕەیەکی تری گەشەدار لە خەباتی کرێکارانی جیهان (١)ی ئایارە ڕۆژی هاوخەباتی کرێکارانی جیهانە لەگەڵ کرێکارانی شیکاغۆی ئەمریکا بۆ کەم کردنەوەی کاتژمێری کار بۆ ٨ سەعات لە ڕۆژێکدا، لە (١)ی ئایاری ساڵی ١٨٨٦ لە زۆر شوێنی شیکاغۆ کرێکاران کۆبوونەوە و دەستیان بە مانگرتن کرد لە ٣ی ئایار کاتێک یەکێک لە کرێکارە مانگرتووەکان وتاری بۆ کرێکاران دەخوێندەوە ژمارەیەک لە کرێکاری بەکرێ گیراو لەگەڵ کرێکارە مانگرتووەکان بەشەر هات لەم کاتەدا بەناوی بڵاوە پێ کردن پۆلیس تەقەی لە کرێکاران کرد، یەکێک لە کرێکارە مانگرتووەکان شەهید بوو، بۆ ڕۆژی دوایی ٤ی ئایار کرێکاران بڕیاریاندا بۆ ڕیسواکردنی ڕەفتاری پۆلیس و بەردەوام بوون لە مانگرتن لە گۆڕەپانی های مارکێتی شیکاغۆ جارێکی تر کۆبوونەوە کاتێ یەکێ لە پێشڕەوانی کرێکاران وتاری دەخوێندەوە، پۆلیس داوای بڵاوەی لێ کردن، لە کاتێکدا کرێکاران کەوتنە گفتوگۆکردن لەگەڵ پۆلیس، نارنجۆکێک فڕێدرایە نێوان پۆلیس و کرێکاران، پۆلیس دەستی کرد بە تەقەکردن، ٧ پۆلیس کوژراو ٤ کرێکار شەهید بوون، ١٠٠ کرێکاری تریش برینداربوون، پۆلیس لە بری ئەمە هەڵمەتێکی گرتنی فراوانی ئەنجامدا ڕۆژی ١١ی ت.د ساڵی ١٨٨٧ حوکمی لە سێدارەدانی بەسەر ٤ سەرکردەی سەندیکای کرێکاران سەپاند، ئەوانیش ( ئۆگست ستڕۆ، ئەلبیرت بارسۆنز، ئەدۆلف فیشەر، جۆرج ئەنگڵ) دوانزە ساڵ دوای ئەم کارەساتە بەڕێوبەری پۆلیسی شیکاغۆ لە سەرەمەرگی خۆیدا، کە بە دەستی ئەو نارنجۆکە کە تەقێنراوە تا کرێکاران تاوانبار بکات بۆیە جارێکی تر دادگای ئەمریکی بڕیاری داو ٤ کرێکارەکەی بە شەهید لە قەڵەم دا، لە ساڵی ١٨٨٩ ئەنتەر ناسیۆنالی دووەم بڕیاری دا ١ی ئایاری هەموو ساڵێک ببێتە جەژنی کرێکارانی جیهان .



**زۆربەی ڕێکخراوە کرێکارییەکان بە بیری سۆسیالیست زانستی گرێ داو هەوڵی ڕووخانی ڕژێمی سەرمایەدارییان داو لە بری ئەو سۆسیالیزم بێننەدی**

**سەرچاوەکان :**
١- کورتەیەک لە مێژووی بزووتنەوەی کرێکارانی جیهان، ولیەمز فوستەر، وەرگێڕانی عەبدولڕەزاق سەفی، ج١.
٢- کورتەیەک لە مێژووی بزووتنەوەی کرێکارانی جیهان، ولیەمز فوستر، وەرگێڕانی عەبدولڕەزاق سەفی ج٢.

*سەرپەرشتیاری سەندیکاکانی کرێکارانی هەولێر

## با هەبێ (٢١)

# خەڵک سیاسەتکردن

لە هەولێر گەلێ جار ئەگەر کەسێک لە یەکێکی تر تورە بێت پێی دەڵێ "بێدەنگبە دەنا سیاسەتت دەکەم"، یان ئەگەر کەسێک لە یەکێک تورەبێت و قسەی پێ بڵێت، دەڵێن ئەوەندەی قسە پێگوت سیاسەتی کرد. برادەرێکی سلێمانی گاڵتەی زۆری لەگەڵ یەکێکی هەولێری کردبوو کە هاوڕێی نزیکی یەکترن، هەولێرییەکەش پێی گووتبوو: "بەسەچیدی قسان بکەی سیاسەتت دەکەم". برادەرە سلێمانییەکە بێدەنگ ببوو، دەیگوت چەند رۆژێک بیرم لەوە دەکردەوە دەبێ سیاسەتکردن مانای چی بێ و ئەم برادەرە چیم لێ بکات تا سیاسەت دەبم؟!

هەڵبەت لێرەدا سیاسەت کردن بە مانای سەرکۆنە کردن و ئیهانەکردن و قسەپێگوتن دێت، کە بە خەڵکی عەوام دەڵێی "سیاسەت مانای چییە؟"؟ یەکراست و بێچاوەڕوانی پێت دەڵێن "سیاسەت مانای درۆیە".

ئەو سیاسەتە عەزیمەی کە جاری جاران "ئەرەستۆ"ی مەزن کتێبێکی گەورە و گرانی بەناوکرد و تا ئێستاش کتێب نووسین و لێکۆڵینەوە لەسەری بەردەوامە، لە لای ئێمە سووک و ریسوا بووە. جگە لەوەی هەندێ جار خەڵک لە جیاتی وشەی "ئیهانەکردن" بەکاری دەهێنن، یان بەوەوە وەسفی دەکەن کە مانای "درۆ"یە، زۆربەی جاریش نەسیحەتی پلە ئیمتیازی بابە و دایە گەورە و بچووکەکان بۆ ئەولادەکانیان ئەوەیە "کوڕم توخنی هەموو شتێک بکەوی توخنی سیاسەت مەکەوە". وەکو ئەوەی سیاسەت ئەشکەوتێکی پڕ دێو و درنج بێت و کەسی لێ رزگار نەبێ.



سەنگەر زراری

من نازانم ئەشکەوتی سیاسەت روحلەبەری درندەی لێیە یان نا و ئەگەر لێشییەتی چ جۆرێکە؟! بەڵام دەزانم ئەوانەی سیاسەتیان ناشیرنتر کرد، وان لەناو خۆماندا، بەناوی سیاسەتکردنەوە، رۆژانە پەندمان پێ دەدرێت. ناڵێم ناشیرنیان کرد دەڵێم "ناشیرنتر"یان کرد، چونکە سیاسەت لەسەردەمی بەعس و پێش ئەویش بەدرێژایی مێژووی عێراق ناشیرنکرابوو، مێژوویێکی دوور و درێژە کە خەڵک وا دەزانن سیاسەتکردن واتا "شەڕ و ئاژاوە و درۆ و دەلەسە و ئیهانەکردنی خەڵکی هەژار و دەوڵەمەندبوونی سیاسەتمەداران لەسەر حسابی هەژار و لێقەوماوان و..."، دەمێکە خەڵک وادەزانن سیاسەت ناشرینە، بەڵام دەبوو لە دوای راپەڕینەوە ئەو وێنایەی سیاسەت راست بکرابایەوە و "ناشرینتر" نەکرابا و خەڵکی لە سیاسەت نەترسابان، دەبینین کە بەداخەوە ئەو وێنایە زیاتر بە ناشرینی مایەوە، نەتوانرا ئەوە بۆ خەڵک بسەلمێنرێ کە ئەگەر سیاسەت بە باشی بەکاربهێنرێ باشە و بە پێچەوانەشەوە پێچەوانەیە. لەبەرئەوەی زۆرێک لەسیاسەتمەداران خۆیان سیاسەتیان بە باشی بەکارنەهێنا، بەکورتی نەیانتوانی بە خەڵک بڵێن "سیاسەت ئۆتۆمبێلێکە ئەگەر شوفێرێکی باش لێی بخورێ باشە و ئەگەر شوفێرەکە خراپ بوو خراپە". دەزانن بۆ؟!!! چونکە خۆیان شوفێرێکی خراپ بوون!

---

# یەکەمین گۆڤاری نێودەوڵەتی کوردی دەرچوو




**بڵند مستەفا**

I K P گۆڤارێکی نێودەڵەتی مانگانەیە، بە هەردووزمانی کوردی و ئینگلیزی و بەرزترین کولێتی چاپ و بە نوێترین دیزاینی ئەوروپی، لە شاری لەندەنی پایەختی بەریتانیا وەک یەکەمین گۆڤاری نێودەوڵەتی کوردستانی بە چاپ بگەیەنرێت، کەلەهەرێمی کوردستان و وڵاتانی ئەوروپا و چەند ناوچەیەکی ئەمریکاش هەموو مانگێک بکەوێتە بەردیدی خوێنەران.

I K P پرسە سیاسی رۆشنبیری، ئابووری، کۆمەڵایەتییەکانی پەیوەست بە ژیانی کوردستان و پرسە نێودەوڵەتییەکان، دەکاتە ناوەرۆکی خۆی. لە بەشە کوردیەکەیدا I K P کاردەکات بۆ خستنەڕوو و شرۆڤەکردنی دیدو هەڵوێستی دەوڵەتانی جیهان و بۆچوونی ئەوکاسایەتییە پەیوەندارانەی، کە قسە لەسەر کورد و دۆسیە پەیوەستدارەکانی خەڵکی کوردستان لەسەر ئاستی نێودەوڵەتی دەکەن و تەواویان وەک دەقە راستەقینەکەی بەزمانی کوردی نیشانی کوردستانییەکان دەدات. هاوکات لەبەشە ئینگلیزیەکەیشیدا، هەمان ئەو پرسانە و رەوشی گشتی خەڵکی کوردستان و ئەو دۆسیانەی، کە بۆ زانینی بیانییەکان گرنگ و سوودبەخشن لەمەڕ کوردستان، بە زمانی ئینگلیزی دەخرێتە بەر چاوی خوێنەرانی بیانی.

دەمەوێت لێرەدا وەڵامی ئەو پرسیارە بدەمەوە، کە I K P هی کێیە و لە کوێوە هاوکاری دەکرێت؟

I.K.P گۆڤارێکی سەربەخۆیە و گروپی راگەیاندنی کوردی-بەریتانی دەری دەکات، لە ئاستێکی نێودەوڵەتیدا و لەسەر بنەمای بێلایەنی و راستگۆیی و پیشەیی بوونەوە کاردەکەین، تائێستا هیچ جۆرە هاوکارییەکی مادیمان لە هیچ لایەنێک و کەسێک وەرنەگرتووە و لەسەر توانای ئابووری سنوردار و لاوازی خۆمان ئەم گۆڤارەمان بەرهەمهێناوە و هیواداریشین لە داهاتوودا هۆکاری مادی ئاستەنگمان بۆ دروست نەکات، خۆشحاڵیش دەبین بە هاوکاری و پشتیوانی و سەرنج و تێبینی و بەشدارییەکانی دڵسۆزان..

ژمارەی یەکەمی I.K.P رۆژی ٢٠٠٩/٥/١ بڵاودەبێتەوە، کە لە یەک کاتدا لە کوردستان و زۆربەی وڵاتانی ئەوروپا و ئەمەریکا و بەغداد و تەهران بە دوو چاپی لەندەن و کوردستان بڵاودەبێتەوە. گرنگترین ئەو بابەتانەی لەم ژمارەیەدا هاتوون، لە بەشە ئینگلیزییەکەیدا راپۆرتێکی هەمەلایەنە لەبارەی کوردستان و نووسینێکی نێچیرڤان بارزانی لەبارەی پرۆسەی وەبەرهێنان لە کوردستان و هەوڵەکانی حکومەتی هەرێمی کوردستان بۆ بوژاندنەوەی ژێرخانی ئابووری، هەروەها بابەتێکی عیماد ئەحمەد لەبارەی بارودۆخی سیاسی کوردستان و حکومەتی هەرێمی کوردستان و بابەتێکی کەریم سنجاری لەبارەی باری ئەمنی و ئاسایشی کوردستان چەند نووسین و لێکدانەوەیەکی تر. هەرچی لە بەشە کوردییەکەشیدایە چەند لێکدانەوەیەکی سیاسی نێودەوڵەتی پەیوەست بە کوردە کە لەلایەن نووسەر و لێکۆلەرەوەی بیانیەوە نووسراون وەکو بابەتی نەوت و پەیوەندی کورد بە ئەمەریکاو ئیسرائیل و راپۆرتێک لەبارەی رەوەندی کورد لە ئەوروپا، نووسین و لێکدانەوە کوردییەکان لەلایەن نووسەر و لێکۆلەرەوە جیهانییەکان بۆ I.K.P نووسراون وەرگێڕدراوەتە سەر زمانی کوردی.

**تێبینی: هیوادارم ئەو گومانەی ئێمەش گومان بێت، چونکە ناکرێ بێ بودجە ئەم کارە ئەنجام بدرێت، ژیان بەردەوامەو دەبینین، بزانین وایە، یان وانییە؟!**

---

# پەنجا ساڵ لەمەوبەر حەمە بگرەز رۆژنامەی خەباتی دەفرۆشت لەشاری کۆیە

**کازم عومەر دەباغ**

زۆر کەس هەن لە رابردوودا کارێکیان کردووە بەپیشە بۆ دابینکردنی بژێوی ژیانی رۆژانەی خۆیان. ئەمرۆ نەوەکانمان بە شانازییەوە ناویان دەخاتە سەر لاپەڕەکانی مێژوو باسیان دەکەین چونکە لەگەڵ پێشکەوتنی سەردەمی ئەمرۆ هاوشانن یەکێک لەم پیرۆزانە (کاری رۆژنامە فرۆشی) یە .

پەنجا ساڵ لەمەوبەر لەگەڵ دەرچوونی یەکەم ژمارەی رۆژنامەی خەبات لەشاری کۆیە لە (١٩٥٩/٤/٤) پیاوێک بەناوی (حەمە غەریب حەمەد حەمە) ناسراو بە (حەمە بگرەز) ئەم رۆژنامەیە دەفرۆشت، ئەم پیاوە لە دایکبووی ساڵی (١٩٢٧)ی شارە خنجیلانەکەی حاجییە، دەڵێت کاتی خۆی لە حیزبی هیوا کاری حیزبیم دەکرد، پیاوێکی شۆڕشگێری رۆژهەڵاتی کوردستان بەناوی (سەید عەزیز شەمزینی) هەمیشە بە (حەمە بێ کراس) بانگی دەکردم، چونکە کراسم لەبەر نەدەکرد ئەم (حەمە بێ کراسە ) بوو بە (حەمە بگرەز). ئەم پیاوە یەکەم بریندارى شۆڕشی ئەیلوولە لە تشرینی یەکەمی ساڵی (١٩٦١) لە گوندی تۆپزاوەی کۆیە.

من وەک شایەدحالێک هەموو بەیانییەکی زوو ئەم پیاوەم دەدیت بە خۆی و رۆژنامەی خەبات دەهاتە ناو بازاڕی گەورەی کۆیە لەسەر سەکۆیەکەی بەر دەرگای قەیسەری نوێی کۆیە رادەوەستا بەدەنگی بەرز هاواری دەکرد و دەیگوت: (بخوێنەوە زمانی زگماکی خۆت الله أكبر)، بەدەنگە پڕ جۆشەکەی ئەم بازاڕەی دەهەژاند، تام و چێژێکی زۆر خۆشی دەدا رۆژنامەکە، لە هەمان کاتدا پیاوێکی مەسیحی هەبوو بەناوی (بەشیرە کۆر)، ئەویش رۆژنامەی ئازادی ئۆرگانی حیزبی شیوعی دەفرۆشت، دوای حەمە بگرەز ئەویش ئەم شیعرەی دەخوێندەوە (داری ئازادی بە خوێن ئاو نەدرێت قەت بەرناگرێت سەربەخۆیی بێ فیداکاری ئەبەد سەر ناگرێت) !!

بەم شێوەیە بازاڕیان بەهاوار هاوار دەکرد بەهی خۆیان و گەرمیان دەکرد، باوەڕ ناکەم ئەم ساتە خۆشانە هەردەم لە بیر بچنەوە، چونکە یەکتر قبول کردن هەبوو !!

بەشیر لەساڵانی شەست لە کەرکووک شەهید کرا، بەڵام حەمە بگرەز ئێستا خانەنشینە لەشاری کۆیە ژیان بەسەر دەبات و دەڵێت: خۆزگە ژیان بواری پێ بدامایە بۆ ئەوەی کەرکووک و ناوچە دابراوەکانیشم بدیتبایە دەستی لە ملی حکومەتی هەرێمی کوردستان بکردبایە.

---

# بەسەرهاتی داوایەکی شارستانی



**پارێزەر حوسامەدین سەرداری**

کابرایەک قەرزێکی لای کەسێکی دیکە هەبوو لاری دەکرد لە گەڕاندنەوەی، بۆیە ناچار بوو لە دەرگای دادپەروەری دادگای بەرایی هەولێری دا تا بتوانێت بە رێگەیەکی شارستانیانە مافەکەی خۆی وەربگرێت. لە رۆژی ٢٠٠٨/٦/١١ داوایەکی لە دادگای بەرایی هەولێر تۆمار کرد، کە تیایدا داوای بری ١٥٠٠٠٠دینار لە کۆی چەند ملیۆن دینارێک (قەرزەکە) کرد . دوای چەندین دانیشتنی دادبینی و لێکۆڵینەوەو گوێبیستی وتەکانی هەردوو لایەنی داوا، لە رۆژی ٢٠٠٨/١٠/٢١ دادگای بەرایی بریاری دا کە بری ١٥٠٠٠٠دینار لە کۆی تەواوی قەرزەکە بدرێتە خاوەن قەرز . لە بەرواری ٢٠٠٨/١٠/٢٧ بریکاری قەرزار تانەی لە بریاری دادگای بەرایی گرت لە رێگەی دادگای تێهەڵچونەوە (استئناف) کە مافێکی یاساییە داکۆکی لە مافە رەواکانی بریکاری خۆی بکات، دادگای تێهەڵچونەوە لە بەرواری ٢٠٠٨/١٢/٢٢ بریاری ژمارە (١٠٦ /س / ٢٠٠٨) ی دەرکرد کە پشتگیری لە بریاری دادگای بەرایی کرد و وتی بە پێی یاسا بریاری دادگای بەرایی شیاوی ئیستیئناف نییە چونکە ئەو بڕ پارەیەی داواکراوە لە ١٠٠٠ دیناری سویسری پتر نییە (مادە ١٨٥ ی یاسای دادبینی شارستانی) . دواتر لە ٢٠٠٩/١/١٤ بریکاری قەرزار بریاری دادگای ئیستیئنافی تەمییز کردەوە کە ئەویش مافێکی یاساییە ئەگەر قەناعەتت نەهات بە بریارێکی دادگا تمیزی بکەیت. وەلامی دادگای تەمییزی هەرێم بە ژمارە (٣٢/ الهيئە الاستئنافيه/ ٢٠٠٩) لە ٢٠٠٩/٢/١٥ دەرچووە و پشتگیری لە بریاری دادگای ئیستیئناف دەکات . تا ئێرە هەموو رێکارەکان یاساییەو هیچ رەخنەیەک لە ئارادا نییە . بەڵام سەیر لەوەدایە کە سەرەرای سەرقالی ئەندامانی دادگای تەمییز لە ماوەی یەک مانگ دۆسییەی داوای ئاماژەپێکراوی بینیووە و بریاری خۆی پێداوە، کەچی بریارەکە لە بەرواری ٢٠٠٩/٤/٢٧ گەیشتۆتە دادگای بەرایی (دوای ٢مانگ و ١٢ رۆژ) لە دەرچوونی بریاری دادگای تەمییز . ئنجا دوای چەند رۆژێکی دیکە خاوەن داوا ئاگادار دەکرێتەوە، تا بتوانێت رێکاری یاسایی دیکە ئەنجام بدات بۆ شاد بوون بە مافەکانی . ئەمەیان بەسەرهاتی ئەم داوایەیە، بێگومان چەندین داواش وەکو ئەم داوایە لەسەر پشتی کیسەل لە دادگای تەمییز دەگەرێنرێتە وە بۆ دادگاکانی دیکە . بۆیە پێشنیار دەکەم کە ئەنجوومەنی دادوەری چاوێک بخشێنێتە پرۆسەی بریار دان و نوسینی بریارەکەو ناردنی دۆسییەی داواکان بە شێوەیەکی گونجاو لە ماوەیەکی کورتتر (چونکە بریاری دادگای تەمییز لە مانگێک دەرچووە کەچی بە دوو مانگ و دوازدە رۆژ گەیاندراوە جێگەکەی خۆی ) تاوەکو خاوەن ماف پشت بەرێکاری یاسایی ببەستێت بۆ وەرگرتنی مافەکانی نەوەک خوا نەخواستە بیر لە شتی دیکە بکات . لەگەل رێزو تەقدیرمان بۆ گشت دادوەرو دادگاکانی هەرێم .

---

## لە قسە خۆشەکانی مەلا محەممەدی عەلیاوەیی

# مەقامی دەروێشان

لە ساڵی 1937ز، مشیری برایم ئاغای دزەیی ئاغا بوو.

گردی گۆم: گوندێکە لە کەندێناوە، دەشتی هەولێر، 30 ماڵێک دەبوو گوندی موشیراغە بوو.

مەولود کۆیی: پیاوێکی سەربڵند و سەخی و مەرد بوو سەرکاری گوندەکە بوو، قەڵات و دیوەخانی لەسەر گردێک بوو، زۆرجار موشیراغە لێی میوان دەبوو، چونکە موشیراغە بەردەوام ماڵێکی لە مەخمور بوو، یەکی لە گوندی سیاو بوو.

مام جەعفەر لە گردی گۆم یەکەم دەوڵەمەند بوو، جووت گایەکی زۆر، مەڕوماڵێکی زۆر، پیاوێکی دەوڵەمەند، چاو بڵند، سەخی، خاوەن قۆناخ، هەموو کەس خۆشی دەویست، جەعفەری عەوڵا خرە مەشوور بوو، دوو کوڕی خوێندەوار و قابیلی هەبوو: مەلا عوسمان و مەلا ساڵح، دوو کوڕی تریشی هەبوو کاسب: حەمە عەلی و عومەر، مەلا سەعید هەبوو یەکەم خزمەتکاری مشیراغە بوو، پێیان دەگۆت: مەلا سەعیدی کۆنە رەمەزان، پیاوێکی کەمێک خوێندەواری دینی هەبوو، زەلامێکی لێهاتی، رەشید و ئازا.

ئەس قەزا مشیراغە و مەلا سەعید لەلای مەولود کۆیی مێوان دەبن. پڕی ماری کچی دەست بە بازن و مل بە قەتارەو گوێ بە گوارەو دەست بە خەنە بوون، جیرانەکانیش هەروا.

لەو چەرخانەش دەروێش و شێخ رەزایی دەگەڕان بە بەهاران، رۆن و کەرەو شتی تریشیان خڕ دەکردەوە، هەمووی بە دەرۆزە و دزی و شت.

مقامیان دەگۆت، دەنگیان خۆش بوو، دەفەیان لێ ئەدا.



مەلا عەبدوڵڵا عەلیاوەیی

ماڵی جەعفەری لەمرۆژە پیاویان لەماڵ نەبوو، دوو سێ دەروێش بە وڵاغەوە لەم شتانە دەگەڕان.

ئەمەیان بەهەڵزانی و خۆیان کوتایە ماڵی جەعفەری دەستیان کرد بە مقام و دەفە لێدان.

ژنە جوانەکان لەوێ و لە جیرانان کۆبوونەوە و دەورەیان لە دەروێشاندا، ئەوان بەنازێکەوە پێ دەکەنن و دەروێشانیش دەف لێ ئەدەن و مقام دەڵێن، مەلا سەعیدی خزمەتکاریش بەدزی لەپشت دیواری حەوشەکە خۆی ماتکردووە و گوێی راگرتووە و لەکونە دیوارەکانیش هەموویان دەبینێ ئەمە نەختێ لە مقام و بەستەکانی دەروێشەکانە:

–1 یا ئەحەد– یا سەمەد، درێژت کەم بە بەرگەد– صلوا علی محمد.
قاقا ژنەکان پێدەکەنن و تێ ناگەن.

–2 شێت بووم بۆ قەلەزی تۆ– دەرزی من دە دەلەزی تۆ– یاالله هی من بە تۆ
قاقا ژنەکان پێدەکەنن و تێناگەن.

–3 قەلەزت تەسکو تریسکە تاریک و بێ چریسکە سپیە و لووسە و خلیسکە.
قاقا ژنەکان پێدەکەنن و تێناگەن.

–4 مەمکۆڵانت شەمامە ماچانت زۆر بە تامە لە دیار تۆ کردم کاما.
قاقا ژنەکان پێدەکەنن و تێناگەن.

لە ناکاو مەلا سەعید دەستیدا خوترمەیەک (دارێکی گەورە) و لێیان بە حەوشە کەوت و ژنەکان قیژاندیان هەڵاتن. زۆر جنێوی بە ژنەکان داو وتی: ماکەرینە ئەو سەگبابانە بە ئاشکرا دەڵێن: لە قوزتان بەین، کەچی ئێوە تێناگەن، جا مەلا سەعید ژنەکانی کۆکردەوە و بە وردی بەستەکانی بۆ مانا کردن.

کە ژنەکان تێگەیشتن دەستیان کرد بە پەکو پەکو، رومان رەش بێ، جا مەلا سەعید کەوتە گیان دەروێشەکان– کێندەرێ و دێشی، لێدەو بکوتە، تاکو کۆری پێ دارشتن.

جا دەروێشەکانی بە کەرەو بە کودیلە روونەوە و بەجاغە ساوارەوە بۆ دیوەخانی هێنان و قسەکانی بۆ مشیراغا گێڕایەوە و لەو کاتەشدا ئاغاتی و خزمەتکاری و سەرکاری زۆر لەباوبوون و بە حکومەت حساب بوون، جا شاپێکیان لە دەروێشەکان هەڵداو دەریان کردن، روون و ساوارەکەشی لێ گێڕانەوە.

دوو رۆژان بۆ مشیراغە کرا بە پڵاوساوار، گۆشتی مەولود کۆیی و مام جەعفەر روون و ساواری دەروێشان، مەلا سەعید و ئاغەش تێبەربن و بخۆن، دەروێشیش لێدران و دەرکران و هەڵاتن.

بۆ زانین: مەلا سەعید بەخۆی ئەم چیرۆکەی هەموو گێڕاوە لەناو فەقێیان لە مەدرەسەی چەغەمیرە. خۆم لە مەجریسەکە حازر بووم.

ماری= ماڵی

**ئا: د. عەبدوڵڵا عەلیاوەیی**

# لە چالاکی دەزگای بەدرخان بۆ دەرەوەی وڵات، چۆنم بیست و چۆنم خوێندەوە



**موحسین ئاوارە**

* ئەمجارەش هەر لەسایەی خەرمان بەرەکەی دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی (بەدرخان)، چالاکی و گەشت و سەفەرێکی بەهار ئامێزانەمان کرد بۆ ئەوروپا، کە لە سویدەوە دەستی پێکرد، دوای ئەوەی بەشداریم کردووە لە کۆنفراسی بەرلین لە ئەڵمانیا، لە ٢١ و ٢٠٠٧/٤/٢٢، هەروەها بەشداریکردنم لە جەژن و یادی (١١٠) ساڵەی رۆژنامەگەری کوردی لە ٢١و٢٠٠٨/٤/٢٢ لە قاهیرە/ میسر، دواتر سەفەرمانکرد بۆ عەمان/ئوردن لە ٢٠٠٨/٨/١٧ بۆ وەرگرتنی فیزەی شەش مانگ بۆ بەریتانیا، هەروەها سەفەرکردنمان بۆ ئەنقەرە/ تورکیا، بۆ وەدەستهێنانی فیزەی ئەڵمانیا، کەوەفدەکەپێکهاتبووین لە (٩) کەس، بەسەرپەرشتی لێپسراوی دەزگای بەدرخان (حەمید ئەبوبەکر بەدرخان) لەگەڵ (خالید جووتیا، موحسین ئاوارە) و گرووپی گەنجان بۆ شانۆ (کارۆخ ئیبراهیم حەکیم، کاریان شێرکۆ، مەزهەرئیبراهیم، ئەیوب یوسف، رووبار ئیسماعیل، ژیار ئیسماعیل) ئەوەی شیاوی باسە هەمان وەفدەکە لە ٢٠٠٩/٣/٢٢ بەرێکەوتین بۆ ئەنقەرە، لە هەولێرەوە بە ئۆتۆمبێلەکی بابەهان چووینە ئیبراهیم خەلیل، لەوێشەوە بۆ سلۆپی، دواتر بە ئۆتۆبیسێکی گەشتیاری (٢٠) کاتژمێر لەناو ئەو ئوتۆمبێلە بووین، من بەش بەحاڵی خۆم زۆر دڵخۆش و سەرفراز بووم، هەرچەندە دووجاران بە فرۆکە چوومەتە تورکیا، بە ئۆتۆبیس لە ئەستەنبولەوە بۆ ئەنقەرە، لە ئەنقەرەوە بۆ ئەنتالیا، لە ئەنتالیاوە بۆ ئەستەنبوڵ، هەر بە ئوتۆمبێل بە مەبەستی بینینی رێگا و بان و سروشتی جوان و شوێنە گەشتیارەیەکان و...هتد، بەڵام لەو سەفەرەمدا بەرەو ئەنقەرە وەک خونچەیەک دەکرامەوە، وەک گوڵێکی دەم بەخەندە رووناک دەبووم و دەگەشامەوە، چونکە لە هەر وێستگەیەکدا نەفەر دادەبەزی و نەفەری تازە سوار دەبوون، زۆربەیان بە ئاخاوتنی کرمانجی دەدوان و قسەیان دەکرد، بۆ من بینینی چەند شارو شارۆچکەیەکی کوردەواری لە رۆژهەڵاتی تورکیاوە زۆر گرنگ بوو، بۆ نموونە شارەکان وەک (ماردین و دیاربەکر و غازی عەنتاب و تورکیا و سوریا... هتد)، هەرچەندە لە گەرانەوە بۆ هەولێر لە ئەنقەراوە بۆ ماردین بە فرۆکە گەراینەوە، لە فرۆکەخانی ماردین تەنیا جانتای من نەهاتبوو، بێ جەنتا گەرامەوە بۆ هەولێر بارم سوک کرابوو، بەڵام زۆر خەمی جانتاکەم بوو، چونکە زۆر شتی تایبەتی خۆمی تیابوو، لە چێشتخانەیەکی سەر رێگا، لە نووسەیبین دابەزین، هەر (٩) کەسمان بەیەکەوە نانمان دەخوارد، لەسەر نانخواردن خەیاڵم هەڵفریبوو بۆ نێو جانتاکەم، وتیان داڵغە لێمەدە، وتم چۆن داڵغە لێنەدەم، بەخوا وا (نان و جەنتا دەخۆم)، کە گەراینەوە هەولێر بۆ رۆژی دواتر زۆرسوپاسی کاک "کەنعان موفتی" دەکەم، کە لەرێگای سکرتێرەکەی کچێکی خاتوون، کاتی خۆی لە ئەنقەرە ژیاوە، بە تەلەفۆن پەیوەندی بە فرۆکەخانەی ماردین کرد، جانتاکەمی ژیاندەوە، پاشان لەرێگای دۆست و برادەرانی ئێرەو ئەوێ، دەستاو دەست جانتاکەم هاتەوە نێو ماڵی خۆم.

* بەڵی هەمان وەفدەکە (٩) کەس لە رۆژی ٢٠٠٩/٤/١ لە سەعات (٨:٣٠) لەفرۆکەخانەی نێودەوڵەتی هەولێرەوە، فرین بەرەو سوید، دوای چوار کاتژمێر و نیو لە نێو فرۆکەدا گەیشتینە ستۆکهۆڵم/ سوید، لە کاتژمێر (١٢:٣٠) شەو، لە فرۆکەخانەی ستۆکهۆڵم، بەرێزان رزگار شێخانی شاعیر و نووسەر هەروەها تەلار خان هیرانی هونەرمەند و لەگەڵ برای (رووبار و ژیار ئیسماعیل) پێشوازیان لێکردین، شەو چووینە ماڵی تەلار خانی هیرانی، کە خانووەکەی بۆ چۆڵکردبووین، دەبێ لەپێشدا ئەوەش بڵێم ئەو براو خوشکە کوردانەی لە ئەوروپا دەژین هەمیشە رۆحی کۆمەڵی و کۆمەڵایەتی و کوردانەیان زۆر بەهێزە و سۆز و وەفاو دڵسۆزی و دۆستایەتیان زیاتر بووە، لەو سەفەرەماندا هەر لە (سوید و ئەڵمانیا و دانیمارک) و دواتر هەندێکمان بۆ خۆمان چووین بۆ نەرویج و یۆنان و هۆڵەندا... هتد، جێگەی خۆیەتی گشت ئەرک و خانەوادەیی و پێشوازی و نمەکی ئەو براو خوشکانە لەیاد بکەین، کە لێنەگەران بچینە ئوتێلەکان و هەندێکیان هەتا ماڵەکانیان بۆ چۆڵکردبووین، بە ئۆتۆمبێلەکانیان لەهاتووچۆشدا، بێ پەروا هاتووچۆیان پێدەکردین، هەندێکیان بەدەیان کیلۆمەتری رێگایان بریبوو، لە شارەکانەوە بۆ لای ئێمە هاتبوون، بەڵێ هەر بە سوپاس تەواو نابێت، بڵێین زۆر سوپاس بەرێزان (تەلارخانی هیرانی، رزگار شێخانی، نەوزاد عومەر ئاغای غەفووری، سنوور زاهیر هەناری و برایەکانی رەوەز و برزۆ هەروەها کاک هەندرێن سەعدوڵڵا و دارا ئەحمەد بێکەس و ئەمیری سۆفی بەکر) هەروەها نووسەران و رۆشنبیران کاک نەوزاد عەلی ئەحمەد و شێرزاد هەینی و عەباس ئیسماعیل و دکتۆر بەدرخان عەلی، دواتر لە بەرلین بەرێزان لە سەرووی هەموویانەوە، کاک زاهیر خۆشناو، کە پێشوازی لێکردین بە هەموو شێوەیەک کۆمەکی کردین، بە ئۆتۆمبێلی خۆی ماڵی بۆ چۆڵکردین، بۆ حەسانەوەی ئێمە، هەروەها زۆر سوپاسی حاکم پێشرەو سەید برایم و عەبدولموئمین دەشتی و کرمانج هەرکی دەکەین، کە لەگەڵمان دابوون بە هاوەڵی داوەتکردنمان، جگە لەو برایانەی دی، کە هاوەڵمان بوون، وەک بەرێزان (ئاسۆ حەیدەری و ئیحسان عوسمان و موحسین عوسمان، عەبدولغەنی کاکۆ، ئەنوەر تۆفی، سالمی جاسم) هەروەها لە نەرویج پێشوازیم لێکرا لە لایەن (شەماڵ و هەڤاڵ/ی حاجی ئەحمەد) لە ماڵی ئەوان بە ئۆتۆمبێلی خۆمان هەموو جێگایەکیان پێکردم، سوپاس بۆ یونس خدر و کاک محەمەد رواندزی و سەلمان کەرکووکی، کە ئەوانیش داوەتیان بۆکردم لە نەرویج لەگەڵ هاوسەرەکانیان، کە زۆر پێمەوە ماندووبوونیان کێشا.

* لە ستۆکهۆڵم لە رۆژی ٢٠٠٩/٤/٢ پێنج شەممە لە هۆڵی (improvisation) لە سیرگل توری یەد، بە ئامادەبوونی جەماوەرێکی زۆر بە تایبەت کوردانی ئەوێ، لەسەر شانۆدا گرووپی گەنجانی وەفدەکە شانۆگەری (دیوار)یان نمایشکرد، کە هۆڵەکە بە هاوکاری تیپی شانۆی (سروشەی سوید) بەتایبەتی خاتوو تەلار هیرانی ئامادە کرا، کە سەرکەوتنێکی بەرچاوی بەدەست هینا، سەرنجی بینەرانی راکێشا بە چەپڵە رێزانی گەرم و گوری میوانان کۆتایی هات.

هەر لە هەمان رۆژدا لە (فرلک هۆست)، کە پارکێکە بۆ خۆپێشاندان و رادەربرین لە نێو سەنتەری ستۆکهۆڵم، لەگەڵ هاوەڵانی سەفەر هەر (٩) نەفەر یەکترمان گرتەوە، لەو شوێنەدا سە نتەرێکی گەرم و گور و قەڵەباغ هەیە، بە بازار و سوپەرمارکێت و وێستگەی میترۆ و ریستوراند و چێشتخانە و بارەکان، هەر لەو سەنتەرە ساختمانێکی کەلتووری سویدی باڵابەرز هەیە، کە لە پێنجەمین چینیدا (کەلتوور ئاوس) هەیە، شوێنگەی یەکێتی نووسەرانی سوید، کە بەسەرپەرشتی فورات جەوهەری کۆرێکی شیعری سازکرابوو، بۆ چەند شاعیرێکی سویدی و کورد، کە لە کاتژمێری (٧)ی ئێوارە، بە کۆی وەفدەکە بەشداریمان لێکرد، لەو کۆرەدا چەند شاعیرێکی کورد بەشداریان تیاکرد، وەک شاعیری کورد (عەبدوڵڵا پەشێو و خەبات عارف) و چەندێکی دیکە بە زمانی سویدی و کوردی، هەمان رۆژ لەو شوێنەدا، دەزگای بەردخان پێشەنگای گەرۆک بۆ کتێبە چاپکراوەکانی کردەوە، وەفدەکە بۆ شەو خەوتن، دابەش بووین، من و خالید جووتیار چووینە شاری ئۆبسالە و هەندێک لە ستۆکهۆڵم مانەوە، بۆ بەیانی لە ستۆکهۆڵم یەکترمان گرتەوە، بۆ خۆشبەختی لەو رۆژەدا واتە ٢٠٠٩/٤/٣ رۆژ بەدەرەوە و پلەی گەرما بەرز ببووەوە، خەڵکی ئەو وڵاتە جوانە لە گەرم وگوری و هاتووچۆ و دەم بەخەندە و گەشاوەیی، لەوێستگەکانی میترۆ و سەرپەیژەکانی سوپەر مارکێت و لەسەر شۆستە خاوێنەکانی و شەقامەراکشاوەکانی کوروکچانی هەرزەکار بە دەست لەملانێ و یەکتر لە باوەشگرتن و دەم لەناو دەم بێ ئەوەی کەس سەیری ئەوەی تر بکات، جگە لە ئێمەی رۆژهەڵاتی، لەنێو رێستوران و کافتریا هێمن و بێدەنگەکان، لە پاس و میترۆکان، سویدییەکان، کە بەتەنیا بووین، (کتێبێک، گۆڤارێک)یان بەدەستەوە بوو، بەبێ دەنگی دەیانخوێندەوە هەروەک لە ئەڵمانیا و نەرویج و وڵاتانی تری ئەوروپی ئەو حاڵەتە دەبینرێ و بینیومە، دواتر خاڵ بەخاڵ چەند جیاوازییەک دەستنیشان دەکەم، کە لەنێوان ئەوان و ئێمەدا هەیە.

* هەر لەو رۆژەدا ٢٠٠٩/٤/٣ لە کاتژمێر (١٠:٣٠) نیوەرۆی رۆژی هەینی لە ستۆکهۆڵم لەلایەن بەرێز (دکتۆر ئەحمەد بامەرنی) باڵیۆزی عێراق لە سوید پێشوازیمان لێکرا، بە کۆ وەفدەکە ئامادە بووین، هەروەها بەرێزان نەوزاد عومەر ئاغا و سنوور زاهیر هەناری و تەلار خان هیرانی لە تیپی شانۆی ئێرتجالی سویدی و کامێللا پارتشۆن شانۆکاری سویدی، کە کاک حەمید بەردخان لەگەڵ جەنابی سەفیر مەبەستی سەردانەکەی بۆ روونکردەوە و باسی لە چالاکییەکانی دەزگای بەدرخان کرد.

* ئەوە شیاوی باسە لە هەمان رۆژی ¾ لە کاتێکدا لە رۆژهەڵاتی ئەم شارە لە بەشە دێرینەکەی دەگەراین، سەیری ئاپرتمان و تەلار و رووبار و پرد و جامخانە و شتە جوانەکانمان دەکرد، کاک خالید جووتیار پشی تەنگ بوو، لە رێگای کامێلای بەرەگەز سویدی تەلەفۆنی بۆ نەخۆشخانەیەک کرد، لە ماوەی سێ چوار دەقیقەیەک ئەمبۆلاسێکی رەنگ سەوزی فریاکەوتن هات و هەر لەناوئەمبۆلاسەکەتەختیتی دڵیان بۆکرد، چارەسەرەکی سەرەتاییان بۆ ئەنجامدا، بۆ ماوەی نیو کاتژمێر ئەو ئەمبلانسە سەفەرییە وەستا، کە پزیشک و سستەر و کارمەندی تیابوو، لەگەڵ ئامێری دەزگای دەستنیشان کردن بۆ حاڵە تەنگەتاوییەکان، کاتێ زانیان کاک خالید ئاسایی بۆوە، ئینجا بەرەو خەستەخانەیان برد و یەکێک لەو برایانەی لەگەڵماندابوو، کاک نەوزاد عومەر ئاغا، کە لەگەڵ خالید رۆیشت تا بەیانی لەگەڵ ئەودا لە خەستەخانەکە مایەوە، کاتێک من و سنوور زاهیر هەناری سەردانمان کرد، ئەو بایەخەی پێان دابوو، لە گێرانەوە نایێ زیاتریش کاتێ رزگار شێخانی پێی وتبوون کاک خالید نووسەر و رۆژنامەنووسە ئیتر چی پێویست بووە بۆیان ئەنجام داوە، لە رۆژی دواتر لە دەرەوەی خەستەخانەکەدا پێشوازیمانلێکرد و کاک خالید بە سەلامەتی گەرایەوە.

* هەر لەو رۆژە (٩) پلیتی سەفەر لە (سویدەوە بۆ بەرلین)مان بری، لە کاتژمێر (٨) ئێوارە، بە ئۆتۆبیس ٢٠٠٩/٤/٣ بەرێکەوتین بۆ ئەڵمانیا، هەرچەندە ئەو ماوەیە دوورو درێژە خەوتن و راکشانی دەوێ، بەڵام لەبەر ئەوەی بەشارۆچکەو شارە گەورە و بچووکەکانی دەڤەرەکان تێپەر بووین ئارام و دڵخۆش بووین، بۆ بەیانی رۆژی ٢٠٠٩/٤/٤ گەیشتینە شاری گەورەی سوید ماڵمۆ، شارێکی جوان و هەڵچوو، دواتر بۆ ماوەیەک لە دانیمارک دابەزین، وێنەمان دەگرت و لەوشارە ورد دەبووینەوە، ئەوروپا زۆربەی شارەکانی پێک دەچن لە روخساردا، لەناوەرۆکیش سیستەمەکانیان وەک یەکە لەزۆر رووەوە، بەڵێ دوای بەجێهێشتنی کۆبنهاگن، گەیشتینە سنوورێکی دەریا و چووینە نێو پاپۆرێکی زل و زەبەلاح، بەدەیان شاحینە و ئۆتۆمبێلی هەڵگرتوو بەچێشخانە و بازار و کافتریا و پێشەنگا و رێستوران و بار و هەموو شتە جوانەکانی، کەس تیایدا بێزار نابێ، لەنێو پاپۆرەکە نانمان خوارد و پیاسەمان کرد، هەندێ دیاری پێویستمەندیمان کری، تا ئەوکاتەی لە دورگەی هامبۆرگ/ ئەڵمانیا دابەزین، دورگەیەکی جوان و پر لە کەشتی و پاپۆر و جێگای حەوانەوە و بلاجات و شۆستەی چاوەروان و بەرێکردن. ئەمجارەیان بەئۆتۆبیس شارۆچکە و شار و دارستان و رێگاکانمان بەرێدەکرد و دەرۆیشتین، جێگای سەرنج و حەپەسان بوون، ئەو هەموو سروشتە جوانە و گەشت و گوزارە دەوڵەمەندە.

* گەیشتینە بەرلین، کاک زاهیر خۆشناو، لە وێستگەی ئۆتۆبیسەکان پێشوازی لێکردین، چووینە جێگای حەوانەوە بۆ ئوتێل، هەرچەندە جاری دووەمم بوو، کە بەرلینم بینیوە، بەڵام ئەمجارە شوێنی تازەتر و زانیاری تازەترم لەلا تۆمار بوو، یادگارییەکانم دەوڵەمەندتر بوو.

**بەشی یەکەم**



لە راستەوە: موحسین، هاریکی، دەشتی، محەمەد، عومەر، حەمید، فەرهاد، ئاوارە، جووتیار. دانیشتوو: ئەیوب. ئەڵمانیا ٢٠٠٩/٤/٨



لە راستەوە: جووتیار، بەدرخان، ئاوارە و هەناری. ئۆپسالا - ٢٠٠٩/٤/٩



جووتە خوشک رووبارو ژیار ئیسماعیل - ئەڵمانیا ٢٠٠٩/٤/١٠



موحسین ئاوارە لە ئەوروپا دەروانێ



ئەیوب یوسف و کاریان شێرکۆ - ئەڵمانیا ٢٠٠٩/٤/١٠



# مەولانا خالیدی نەقشبەندی

## (١٧٧٦-١٨٢٧)

**پاشکۆیەکی رووناکبیری گشتییە، دەزگای چاپ وبڵاوکردنەوەی بەدرخان لە یادی دیداری جیهانی مەولانا خالیدی نەقشبەندی، دەریدەکات، کە لە رۆژانی ٢٧-٢٩/٤/٢٠٠٩ لە سلێمانی رێکخرا**



دیمەنێک لە مەراسیمەکە

# دیداری جیهانی مەولانا خالیدی نەقشبەندی بەسەرکەوتوویی بەرێوەچوو

**ئا: تیمی بەدرخان - سلێمانی**

لە رۆژانی "٢٧، ٢٨، ٢٩/٤/٢٠٠٩" لە هۆڵی تەواری شاری سلێمانی لەژێر چاودێری "مام جەلال" سەرۆک کۆماری عێراق و بە ئامادەبوونی هەریەک لە "د. کەمال فوئاد و خاتوو هێرۆ ئیبراهیم ئەحمەد و مەلا بەختیار و چەندین کەسایەتی رۆشنبیر و ئەدیب و نووسەری کوردی کوردستان و جیهانی و شێخانی سەر بە تەریقەتە جیا جیاکانی کوردستان بە گشتی و نەقشبەندی بە تایبەتی دیداری جیهانی مەولانا خالیدی نەقشبەندی سازکرا و تێیدا چەندین گفتوگۆ و لێکۆڵینەوە نمایشکران و گفتوگۆیان لەسەر کرا، بەرنامەکانی هەرسێ رۆژی دیدارەکە پێکهاتبوون لە: "لە تاقی بەیانی رۆژی یەکەم لە کاتژمێر ١٠ی بەیانی وتەی بەخێرهاتن خوێندرایەوە و دواتر وتاری لیژنەی باڵای دیدار خوێندرایەوە و دوای ئەویش وتاری سەرۆک کۆماری عیراق بەرێز مام جەلال لە لایەن سەید ئەحمەد بەرزنجی خوێندرایەوە و دواتر کەشێکی عیرفانی لەلایەن هونەرمەند سوارە محەمەد پێشکەش کرا، دواتر چەند پارچە شیعرێکی مەولانا خالید بە زمانی کوردی خوێندرایەوە، کە لە لایەن رەحیمی لوقمانی وەرگێردرابووە سەر زمانی کوردی، دواتر ئاسەوارێکی مەولانا خالید لە کتێبخانەی رەشاد موفتی لەلایەن ئیحسان موفتی دۆزرابووەوە و خوێندرایەوە، لە کاتژمێر ١١،٢٠ خولەک کەشێکی تری عیرفانی لەلایەن گروپی دەفی سەنتەری چالاکی گەنجانی دەربەندیخان پێشکەش کرا و دوای ئەوە کۆتایی بە تاقی بەیانییەکە هات.

لە تاقی ئێوارەی رۆژی یەکەمیشدا چەندین دانیشتن کرا و چەندین لێکۆڵینەوە پێشکەشکران، لە دانیشتنی یەکەمدا کە مامۆستا عەبدوڵڵا قەرەداغی کۆڕگێڕ بوو، مارتن ڤان برۆنسن باسێکی لەژێر ناوی مەولانا خالید و باشووری رۆژهەڵاتی ئاسیا پێشکەشکرد، محەمەد عەلی سوڵتانیش مەولانا خالید دوێکە و ئەمڕۆی کوردستانی لە باسێکدا پێشکەش کرد، بڵاوبوونەوەی خالیدییە لە مەککەوە بۆ جیهانی ئیسلامی باسێک بوو لە لایەن حامید ئەلگارەوە پێشکەش کرا.

هەر لە هەمان تاقدا دانیشتنی دووەم سازکرا و دکتۆر هەڵکەوت حەکیم کۆڕگێڕی ئەو دانیشتنە بوو، لە سەرەتای ئەو دانیشتنەدا بوتروس ئەبو مەننە باسی لە "شوێنی مەولاناو رۆڵی لە راپەرینی ئایینی سۆفیزم لە سەدەی ١٩"دا پێشکەشکرد و دواتر د. ئەشرەف حوسامی "شێخ قەسیمی کوردستانی"پێشکەشکرد و لە کۆتایی دانیشتنی دووەمیشدا قەدری یولدرم "کاریگەری خالیدییە لە کوردستانی باکوور"ی پێشکەشکرد.

لە رۆژی دووەمدا و لە تاقی بەیانییەکەی مامۆستا محەمەد رەشید حەسەن کۆڕگێڕی دانیشتنی یەکەم بوو، میشیل لێزینبێرگ باسێکی لەژێر ناوی "ناکۆکی ناوچەیی و ئەودیو سنوور.. مەولانا خالید وەکو یەکەم زمانەوانی کورد"ی پێشکەش کردو د. نادر کەریمیانیش دەستنووسەکانی مەولانا لە کتێبخانە گشتییەکانی ئێراندا پێشکەش کرد، لە کۆتایی دانیشتنی یەکەمیشدا مامۆستا جەعفەر باسێکی لەژێر ناوی مەولانا خالید و دەسەڵات.

لە دانیشتنی دووەمی هەمان رۆژیش وتەکانی شێخەکەی دەربارەی مەولانا کە لەلایەن ئارسەر بوهلەر ئامادەکرابوو مامۆستا عەلی عەبدوڵڵا خوێندییەوە، دوای ئەویش د. سەباح بەرزنجی بابەتێکی لەژێر ناونیشانی تیشکێک لە ئەدەبی مەولانا پێشکەشکرد و چەمکی غەم لەشیعرە فارسییەکانی مەولانا خالیددا بابەتێک بوو عەبدوڵڵا قەرەداغی پێشکەشی کرد و کۆتایی بە دانیشتنی دووەمی تاقی بەیانی رۆژی دووەم هات.

تاقی ئێوارەی رۆژی دووەم کە د. بەهرۆز جاف کۆڕگێڕ بوو بە "سەرکەوتنی پەیوەندییە لاوازەکان، بڵاوبوونەوەی خالیدییە لە ئیمپراتۆری روسیا" لەلایەن د. میکائیل کامپەر پێشکەش کرا، دەستی پێکرد و سەید ئەحمەد پارساش شیکردنەوە و لێکۆڵینەوەی فۆرم وناوەرۆکی سروودە فارسییەکانی مەولانا خالیدی پێشکەش کرد و سوهەیلا محەمەد بە زانیارییەک لەسەر تەریقەتی نەقشبەندی و کاریگەری مەولانا خالید کۆتایی بە دانیشتنی یەکەم تاقی ئێوارەکە هێنا.

لە دانیشتنی دووەمدا مامۆستا حەبیب محەمەد دەروێش کۆڕگێڕ بوو و فاروق رەسول یەحیا "مەولانا خالیدی نەقشبەندی.. پەیوەندییەکانی بە مورشیدەکەیەوە" دەستی پێکرد و چاوخشاندنێک بە نامە فارسییەکانی مەولانا خالیددای د. سەعید محەمەد غەففاری درێژەی بە دانیشتنەکەدا و محەمەد عەلی قەرەداغی بە بابەتی مەلا یەحیای مزوری کۆتایی بە دانیشتنی دووەم و رۆژی دووەمی دیدارەکە هێنا.

لە رۆژی سێیەم و کۆتاییشدا لە تاقی بەیانییەکەی کە د. سەباح بەرزنجی کۆڕگێڕ بوو، مەولانا خالید.رێکخەری بزووتنەوەیەک، باسێکی د. هەڵکەوت حەکیم بوو، لەتیف هەڵمەتیش بۆچوونێکی لەسەر سۆفیگەری پێشکەش کرد و محەمەد حەمە باقی بە مەولانا خالید رووناکبیرێکی نوێ بۆ سەردەمێکی نوێ کۆتایی بە دانیشتنی یەکەم هێنا.

هەر لە هەمان تاقدا و لە دانیشتنی دووەمدا کە مامۆستا حوسێن حەسەن کۆڕگێڕی بوو تەکیەی خالیدییە لە بەغداد باسێکی د. عیماد عەبدولسەلام رەئوف بوو، "بیروباوەڕی ئەشعەرانی"ش بابەتی د. برایم شوانی بوو لەوێدا خرایە روو، "مەولانا خالید و بیری نەتەوەیی"ی م. محەمەدی مەلا کەریم دوا بابەتی دانیشتنی دووەمی تاقی بەیانی بوو.

لە تاقی ئێوارەدا د. ئازاد سەعید سمۆ باسی "مەولانا خالید و رێبازەکەی لە مامەڵە کردن لەگەڵ نەیارەکانی" کرد و د. محەمەد شەریف عەدنان ئەلسەواف بە بابەتی مەولانا خالیدی نەقشبەندی و خەلیفەکانی لە دیمەشق درێژەی بە دانیشتنەکە داو د. عزەدین مستەفا رەسول بە "هەندێ یادەوەری دەربارەی مەولانا خالید کۆتایی بە دانیشتنی یەکەمی دوایین رۆژدا هێنا و شێخ محەمەد عەلی قەرەداغی ئەرکی گێڕانی ئەو کۆڕەی کەوتە ئەستۆ.

لە دانیشتنی کۆتایی دیدارەکەشدا د. عومەر شێخ مەعسوم نەقشبەندی باسی لەو رێکخراوانە کرد کە سەر بە نەقشبەندین و عەبدولقادر بادللی ئورفەیی "مەولانا خالید.. سەعید نووسی" خستە بەر باس و گفتوگۆ کردن، دوا بابەتیش لەو دیدارە "گەشتەکانی مەولانا خالیدی نەقشبەندی و کاریگەرێتی لە دەوڵەمەند کردنی بیریدا"ی د. جەواد فەقێ عەلی بوو.

لە کۆتایی دیدارەکەشدا راسپاردەکان و دوا وتەی دیدار لەلایەن لیژنەی باڵای دیدارەوە خوێندرایەوە و م. رێباز خورشید دوا کۆڕگێڕی دیداری جیهانی مەولانا خالیدی نەقشبەندی بوو.

جێی ئاماژەیە جگە لەو بەرنامانەی باسمانکرد چەند بابەت و تەوەری دیکەش خرایە بەر باس و لێکۆڵینەوە، لەوانیش بابەتێکی نووسەر و رەخنەگر عەتا قەرەداغی و فیلمێکی دیکۆمێنتی بوو، کە بەرهەمی کەناڵی کوردسات و لە دەرهێنانی نەدیم ئادۆ بوو.

لە کۆتایی دیدارەکەشدا بە باشمانزانی رای چەند کەسێک لەو کۆڕگێڕ و ئەندامانی لیژنەی باڵای دیدار وەربگرین، لە سەرەتاشدا د. هەڵکەوت حەکیم سەرۆکی لیژنەی باڵای دیداری جیهانیمەولاناخالیدی، لەبارەی ئامانج لە سازکردنی ئەو دیدارە گوتی: چونکە کەسایەتییەکی زۆر گرنگە و لە هەموو دنیا خەڵکان دەیناسن، بەتایبەتی لە ئەکادیمیاکان و لە زانکۆکان، ئەوەی کە کەمتر دەیناسێ ئێمە خۆمانین، بەچاوی خۆت بینیت چەندەها دەستنووسی هەیە لە دەرەوەی کوردستان، کەچی ئێمە لە کوردستان ئەوەندەی لەسەر نازانین، راستە هۆی تایبەتی ئەوەی هەیە کە ئێمە نایناسین و بایەخمان پێی نەداوە، چونکە کاتێ بزووتنەوەکەی دروست بوو، کێشەو کۆڵی زۆر دروست بووە لەم ناوە، بەڵام ئێستا ئەوە نزیکەی ٢٠٠ ساڵی بەسەرچووە، ئێستا وەختی ئەوە هاتووە ئێمە بە ئارامی بە نەرمی و بە فکرەوە بیری لێ بکەینەوە و بزانین چی بووە و چی نەبووە.

سەبارەت بەرووی ئەکادیمی ئەو باسانەی لەو دیدارە پێشکەشکران، د. هەڵکەوت گوتی: بەشێکیان هەیە زۆر باشن و زۆر بە باشی دێنە بەرچاو، لێکۆڵەرەکان بەتوانان و ئیشیان کردووە، جگە لەوە هەندێکی هەیە رەنگە ئەوەندە بەقوەت نەبێ، بەڵام ئەوە سەرەتایە بۆ هەموو شتێک، هەموو شتێک کە لە سەرەتاوە دەستی پێدەکەی، هەندێ لایەنی هەیە بێ هێزە و هەندێ لایەنی تری باشە، بەڵام ئەوە وادەکا کە ئێمە هەموومان باشتر فێربین وباشتر شت ببینین و باشتر لێی بکۆڵینەوە.



هەڵکەوت حەکیم

دەگوترێ زۆربەی دەستنووسەکانی مەولانا خالید لە دەرەوەی وڵاتە، ئایا لە بەرنامەی لیژنەی باڵای دیداری جیهانی مەولانا خالیددا نییە ئەو دەستنووسانە بە میکرۆ فیلم بێننەوە کوردستان و کاری لەسەر بکەن، دکتۆر هەڵکەوت لە وەڵامی ئەوەدا گوتی: لەو دیدارەدا مامۆستایەک پێشنیاری ئەوەی کرد کە لیژنەیەک دروست بکرێ بۆ ئەوەی پاش ئەم دیدارە داوا لە حکومەتی هەرێمی کوردستان بکەین، کە لیژنەیەک دروست بکرێ کە یارمەتی ئەو لیژنەیە بدات بۆ ئەوەی ئەندامانی ئەو لیژنەیە بچن بۆ ئەولاو ئەولا بە تایبەتی ئەو شوێنانەی کە کتێب و دەستنووسی تیایە کۆیان بکەینەوە و کتێبیان لەسەر دروست بکەین بۆ ئەوەی لە داهاتوو ئەوانەی خەریکی لێکۆڵینەوەن بزانن کتێبی کوردی لە کوێیە، خۆشت گوێت لێبوو کە مامۆستا کەریمیان گوتی: خۆی ١٣ هەزار فیشی هەیە لەسەر دەستنووسی کوردی، هیتر هەیە زۆرتری هەیە، ئاگاداری زۆرترە، لەبەرئەوە زۆر زۆر شت هەیە بەراستی کاتی ئەوەیە ئیش بکەین و بەردەوامی پێ بدەین، هەر ئەوەنەبێ لەو دیدارە دوو قسە بکەین و خواحافیز و ئیتر هەریەکە و بچێتە ماڵی خۆی و خەریکی ئیشی خۆی بێ، سوودی ئەم دیدارانە ئەوەیە یەکتری ببینین و بزانین کێ لەسەرچی ئیش دەکا و هەموومان لەسەر چ بابەتێک ئیش دەکەین، چی بکەین بۆ ئەوەی شت دووبارە نەکەینەوە، یەکێ لە ئێران لەسەر شتێک ئیش دەکا منیش



د. کەمال فوئاد دیاری پێشکەش بە (   ) دەکات

# مەولانا خالید


گرووپی دەفی سەنتەری چالاکی گەنجانی دەربەندیخان

لەسەر هەمان شت، با بزانین ئەو چی دەکا بۆ ئەوەی ئێمە شتی جیا بکەین.
هەروەها عەتا قەرەداغیمان دواند و لێمان پرسی چۆن بوو بیرت کردەوە لەو دیدارە بەشداربی و ئامانجت چی بوو لە پێشکەشکردنی ئەو لێکۆڵینەوەیە، قەرەداغی لە وەڵامدا گوتی: من ماوی "١٥–١٦" ساڵێکە وردە وردە خەریکم بە مەولانا خالیدەوە، تا ئێستا کتێبێکم چاپکردووە و کتێبی دووەمیشم لەسەر "مەولانا خالید و ڕێبازی نەقشبەندی" ئامادەیە بۆ چاپ، وردە وردە کارم کردووە بە شێوەیەک کە هەندێ زانیاریم کۆکردۆتەوە و هەندێ لەو گۆشە نیگایانەی لەسەر هەم مەولانا خالید و هەم ڕێبازی نەقشبەندیش، کە ئەوانەی پێش من و ئەوانەشی ئێستا پێوەی خەریک بوون، ئەوشتەی ئەوان ڕێیان پێ نەبردووە، من هەوڵدەدەم لەو پەنجەرە و دەرگایانەوە بێمە ناوەوە و شتێک لەسەر مەولانا خالیدبکەم، بەشداریکردنەکەشم هەر لەو ڕوانگەیەوە بوو، کە مەولانا خالید وەکو ڕابەرێکی گەورە و کەسایەتییەکی کوردی خاوەن کاریزما، کە هەم ڕابەری تەسەوف بووە و بە بۆچوونی من هەم خاوەنی پرۆژەیەکی بەدی نەهاتوو بووە، هەقی بەسەر هەموو لێکۆڵەرانی کورد هەیە. هەریەک بەپێی توانای خۆی کە بتوانێ کاری لەسەر بکا، منیش وەکو ئەرکێکی سەر شانی خۆم پێموابوو دەبێ منیش لەو دیدارە گەورەیەدا کە بۆ مەولانا خالید دەکرێ، جێگای خۆیەتی کە منیش باسێکم هەبێ، بەو هیوایەی کە خزمەتێک بەو پیاوە گەورەیە و کلتووری کوردیش بکات.
عەتا قەرەداغی لە کاتی پێشکەشکردنی باسەکەیدا باسی لە کەمی یا بێ هێزی هەستی نیشتمانی مەولانا خالید کرد، سەبارەت بە ئامانجی وروژاندنی ئەو باسە گوتی: ئێمە لەلایەک پێداگری دەکەین لەسەر ئەوەی کە مەولانا خالید سەر بە تیرەی میکایەڵی جافە، کە جافیش یەکێک لە خێڵە هەرە ڕەسەنەکانی کوردن، درەختی بنەماڵەیان نییە کە بچنەوە سەر عەرەب، ئەوان کوردی ڕەسەنن، مەولانا خالیدیش لەو عەشیرەتە بەناوبانگەی کوردە، کەواتا لە ڕەگ و ڕیشەدا مەولانا خالید کوردێکی ڕەسەنە، ئەوەی کەمن بۆچی ئەو بابەتەم وروژاند، ئەو خاڵانەی کە وەکو واقیع لەبەر دەستماندایە مەولانا خالید چەند پەیوەندی بە مەسەلەی کورد و کوردایەتییەوە هەبووە، ئەمە بابەتێکە لەبەر دەستمانە و ئامادەیە، لەلایەکی دیکەوە پێموایە دەبێ ئێمە بابەتی بین، ناشکرێ هەر لەخۆمانەوە بە خەیاڵ وای دابنێین کە مەولانا خالید ڕابەرێکی هەرە گەورەی بزووتنەوەی نەتەوایەتی کوردی بووە، مەبەستم ئەوەیە مەولانا خالید چۆن بووە و چی کردووە و چۆنە ئاوا سەیری بکەین، نەک بەپێی خواستی ئێمە، من حەزمدەکرد مەولانا خالید سەرکردەیەکی نەتەوایەتی بووایە، نەک لەو کاتەدا هەر دەوڵەتی کوردی دروست کردبا، بەڵکو بۆ ئیمپراتۆرییەتێکی دروست کردبایە، بەڵام ئەوە ڕووی نەداوە، لەگەڵ هەموو ئەمانەشدا کە ئەوە ڕووی نەداوە، لە لایەکی دیکەوە هەستی کوردایەتی هەبووە، هەندێ کاری کردووە کە هەست و پەیوەست بوونی ئەو بە نەتەوەکەی و


مامۆستا محەممەد عەلی قەرەداغی

نیشتمانەکەی دەردەخات.
* باست لە نزمی هەستی نیشتمانپەروەری مەولانا خالید کرد، کەچی هەر ئەمڕۆ ئیحسان موفتی لەکتێبخانەی ڕەشادموفتی لە هەولێر دەستخەتێکی مەولانا خالیدی دۆزییەوە ئاشکرای کرد کە مەولانا خالید نووسیویەتی "مەولانا خالید شەهرەزوری الکوردی" ئەم هاوکێشەیە چۆن لێک دەدەیەوە؟
– ئەوە بەشێکە لە هەست، من مەبەستم ئەوە نییە کە مەولانا خالید هەستی نەتەوایەتی نەبووە، مەولانا خالید هەستی نەتەوایەتی هەبووە و نووسیویەتی مەولانا خالیدی کوردی شارەزووری، مەولانا خالیدی کوردستانی، لەسەر مۆرەکەشی نووسیویەتی، هەستێکی تەواوی کوردایەتی هەبووە، بەڵام ئەو هەستە نەگەیشتۆتە ئەو ئاستەی کە ببێتە فکرێکی ئەوتۆ و بتوانێ کارێک بکا ببێتە بەرنامە بۆ بزووتنەوەیەکی جەماوەری نەتەوەیی.
دوا پرسیارمان لە عەتا دەربارەی ئەو دیدارە بوو، کە ئایا ئەو دیدارە دوای تەواو بوونی دەبڕێتەوە، یان چەند سەرە داوێکی داوەتە دەست لێکۆڵەران، لە وەڵامی ئەوەدا نووسەر و لێکۆڵەر عەتا قەرەداغی گوتی: ئەوە یەکەم دیدارە، هەر خۆی بەستنی دیدارێکی ئاوا بۆ خۆی کارێکی زۆر باشە، ئەوانەی لەپشت ئەو دیدارەن و کاریان بۆ کردووە و خەرجی ئەو دیدارەیان داوە هەموویان جێگای سوپاسن، دیارە ئەوەش ئەرکە لەسەر شانی هەموومان هەر لە سەرۆک کۆماری عێراق و بەرپرسان و هەتاکو دواکەس، کە منم لێرە بەشدارم، هەموومان ئەرکی سەرشانمانە کە هەریەکە بەپێی ئەندازەی توانینی خۆی خزمەتی کلتووری نەتەوەکەی و مێژووی نەتەوەکەی بکات. ئومێد دەکەم هەر ئەو دیدارە نەبێ، دیداری دیکەی بەدوادا بێ و ئەمە ببێتە سەرەتایەک بۆ ئەوەی کە لە قۆناغەکانی دواتردا لێکۆڵینەوەی جدی تر و باشتر و لێهاتووانە تر و شایەن بە کەسێتی مەولانا خالید و شایەن بە کەسێتی نەتەوەکەمان کە کارێکی زۆر پێویستە لەو بوارەدا ئەنجام بدرێ.
دواتر ئیحسان موفتی سەبارەت بەو دەستنووسەی مەولانا خالید کە لە کتێبخانەکەی باوکی دۆزیبوویەوە گوتی: ئەوەیان لە زمنی سەدان کتێبە کە لە باو و باپیرانمان ماوەتەوە، لە کتێبخانەی باوکم پارێزراوە، ئەو لە باپیرانی وەریگرتووە و پاراستوویەتی تا کۆچی دوایی لە ١٩٩٢، ئەو کتێبەی کە ئەمڕۆ باسمکرد لە یەکەم ڕۆژی دیداری جیهانی مەولانا خالید، بەشێکە لەو دیکۆمێنت و دەستنووسانەی لە کتێبخانەکەدا هەیە، بەڵام ئەم کتێبە کتێبێکی "حدیپ"ە، ئی "ابن الحجر الحسقلانی"یە، پێش مەولانا خالید بە چەند سەدەیەک نووسراوە، کە گەیشتۆتە دەست مەولانا خالید، مەولانا خالید کردوویەتیە کتێبی خۆی و لە باوەشی بووە و چەند ساڵێک لە مزگەوتەکاندا لەگەڵی بووە، دوایی لەسەری نووسیویەتی کە چۆن بڵێم ئەوە موڵکی منە، کە هەموو شتێک هی خوای گەورە و میهرەبانە، منی هەژار و فەقیر "خالیدی کوردی شارەزووری" ئینتیمای کوردایەتی و وڵاتەکەی و ئەو شوێنەی کە لێی لەدایک بووە دیاری کردووە، لە منداڵییەوە من چاوم بەو کتێبە کەوتووە، باوکم هەرجارێک کە میوانێکی دەهات ئەو مەختوتانەی کە نایاب بوون یان ئەڤرێسیان هەبوو باوکم لێی داوا دەکردم تا بۆی بێنم لە کتێبخانەکە، دەمزانی لەکام شوێنی کتێبخانەکە داندراوە، هەر کە دەیانگوت مەولانا خالید دەچووم لە شوێنی خۆی دەرمدەهێنا، شان بەشانی مەختوتەکانی دیکە کە هەبوو، بەڵام کە دیدارێکی وا سازکرا و داوام لێکرا کە بەشداری بکەم، چونکە ئەوان دەستخەتی مەولانا خالیدیان نەبوو، جا نازانم لە شوێنی دیکە هەیە یان نا، بۆیە ئەوەم بارز کرد و دەستخەتەکەم شەرح کرد.
سەبارەت بە چاپکردن و بڵاوکردنەوەی ئەو دەستخەتە موفتی گوتی: هەموو دەستخەتەکان، لەهەر یەکەو لەبواری جیا جیای خۆی چەند سوود دەگەیەنی، حەتمەن چاپ دەکرێ، ئەم کتێبە حەدیسە، نایابییەکەی لە دەستخەتەکەیەتی، نەک لە چاپکردنەکەی، چونکە ئەو کتێبە بە چاپکراوی هەیە، بەڵام دەستخەتەکە کە "٤٠٠–٥٠٠" ساڵە نووسراوە، پێش ئەو ماوەیە کتێبەکە چاپ کراوە، بەڵام گرنگی ئەو کتێبە بە نسبەت مەولانا خالید لاپەڕەی یەکەمە، لەو لاپەڕەیەدا مۆری خۆی لەسەرە، کە مۆری مەولانا خالید دیار نییە، دەستخەتی لەسەرە، کە دەستنووسیشیان نییە، ئەو لاپەڕەیەی یەکەمەش ئەمڕۆ لەو دیدارە جیهانییە "٢٠٠٠" دانەمان چاپکردوو بڵاوکردەوە، ئەوەش دوو سێ شتی بەدەرخست لەوانە: لەناو خەتمەکەی نووسراوە "العبد الشاكر لله خالید"، ساڵی دروستکردنی خەتمەکەشی دیار کردووە بە ساڵی "١٢٢٣ی کۆچی کە دەکا ساڵی ١٨٠٨ی زایینی"، یانی لەو ماوەیەی کە لە هیندستان بووە، لەوانەیە لەو کاتەدا خەتمەکەی لەوێ دروست کردبی.
محەممەد عەلی قەرەداغی وەک ئەندامی لیژنەی باڵای دیدار سەبارەت بە بینینی خۆی بۆ سازکردنی ئەو جۆرە دیدارانە گوتی: ئەم کارە بە کارێکی زۆر پیرۆز دەبینم و بەکارێکی دەبینم کە درەنگ ئەنجام درا، هەقوابوو زۆر زووتر ئەنجام بدرابووایە، چونکە مەولانا خالید یەکێکە لەو کەسایەتییە گەورانەی کورد کە تا ئێستا نەناسێنراوە و بەم دیدارەش ناناسێنرێ، هەرچەند من یەکێکم لە ڕێکخەرانی لیژنەی باڵای ئەم دیدارە یەکێک لەو قسانەی کە کردوومە و ئێستاش دەیکەمەوە بۆ ئەوەی بە گوێی خەڵکیش بگات، مەولانا خالید وەکو باسکرا لە هەندێک لە قسەکان دەوڵەتی عوسمانی لە بەغدا لێی ترساون، شەخسیەتێکی زۆر بەرز و بەهێز بووە، توانای ئەوەی هەبووە کە لەگەڵ هەر یەکێکدا قسە بکات قەناعەتی پێ بێنێت، مەولانا خالید کە بەو شێوەیە بووە داود پاشا لێی ترساوە، لە پاشان دەوڵەتی عوسمانی لێی ترساون، لەسەردەمی دەوڵەتی عوسمانیدا لە ماوەیەکی کەمدا هەرچی خەلیفە و مەنسووری مەولانا خالید هەیە لە تورکیا دەرکراون و نەفی کراون، ئەم دەرکردنەی خەلیفەکانی مەولانا لە تورکیا کارێکی بچووک نییە، بەڵکو کارێکی گەورەیە، ئایا ئێمە تا ئێستا بەڵگەی ئەوەمان دەست کەوتووە کە ئەو خەلیفانە لەسەر چی دەرکراون، ئێمەی کورد دەبێ بچینەوە بۆ بەڵگەنامەکانی تورکیا، ئەو سەردەمەی کە مەولانا خالید ئەو مەترسییەی خستۆتە سەر دەوڵەتی عوسمانی و دەوڵەتی عوسمانی بەو شێوەیە ڕەفتاریان لەگەڵ خەلیفەکانی مەولانا خالیددا کردووە، ئەمە یەکێکە لەو کارە گەورانەی کە ئێمە لەو ڕووەوە دەتوانین بیروباوەڕی سیاسی مەولانا خالید بزانین.
لە وەڵامی ئەو پرسیارەی ئایا بێ دەنگ بوونی کورد بەرامبەر مەولانا خالید و بایەخدانی گەلانی تر بەو، ئایا ترسی ئەوەی نییە مەولانا خالید لە قاڵبی کوردایەتی ببەنە دەرەوە، وەک چۆن دەیانویست بڵێن سەلاحەدینی ئەیوبی کورد نییە، مامۆستا محەممەد عەلی قەرەداغی گوتی: مەولانا خالید کوردایەتییەکەی لەدەست کورد دەرناچێ، وەکو باسکرا مەولانا خالید یەکێکە لەوانەی کە یەکەم پەخشانی کوردی بە شێوەزاری سۆرانی هەیە، مەولانا خالید دیوانی شیعری کوردی هەیە، مەولانا خالید لە قسەکانی خۆیدا باس لە کوردایەتی خۆی دەکا، شێخەکەی کە شێخ عەبدوڵڵای دەهلەوییە باسی ئەوە دەکا کە مەولانا خالید لە وڵاتی کوردستانەوە هاتۆتە لای ئەو، مەولانا خالید مەترسی ئەوەی نییە کە لە دەست کورد دەرچێ، وەکو لە سەرەتا گوتم زۆر درەنگ بەدەم ئەم کارەوە چوون، دەبووا ٥٠ ساڵ لەمەوپێش کاری وا بۆ مەولانا خالید بکرابووا، تا ئێستا لە جیهاندا مەولانا خالید "٥–٦" دکتۆرای لەسەر وەرگیراوە، پیاوانی دەرەوە کار لەسەر مەولانا خالید دەکەن، وەکو باسی دەکەن مەولانا خالید لەیەکێک لە قسەکان باس کرا، من لە کتێبی "شارەزوور سلێمانی"دا تەحقیقم لەسەر کردووە، قسەی عەباس عەزاوی کە باسی مەولانا خالید دەکات، دەڵێ مەولانا خالید توانایەکی ئەوەندە عەجایبی هەبووە، لە توانایدا بووە ئەگەر دەوڵەتی عوسمانی نەمێنێ، ئەو سەر لەنوێ دایبمەزرێنێتەوە لە خۆی باشتر، ئێمە دەبێ بزانین ئەم توانایەی ئەو پیاوە چییە، ئەم پیاوە هەندێ لە نامەکانی لای ئێمە هەیە، بەڵام نامەکانی دیکەیمان لا نییە، وەکو مامۆستایەک باسی کرد هەموو کتێبەکانی مەولانا خالید لە کتێبخانەی خۆیەوە لە بەغداوە چوونەتە دەرەوە، دەبێ هەوڵی بۆ بدەین، هەر هیچ نەبێ ئەگەر نەشی هێنینەوە دەبێ کارێکی وا بکرێ بچن لەوێ میکرۆ فیلمی لێ بگرنەوە، بیهێننەوە وڵات و بزانن چی تیایە، کەسانێک لێرەوە بنێرن بۆ ئەوەی بزانن کتێبخانەکەی چی تیایە.
* وەکو لیژنەی باڵای دیدار لە بەرنامەتان دایە لیژنە پێکبێنن بۆ هێنانەوەی ئەو کتێبانە؟
– ئەوەی تۆ باسی دەکەی وای نابینم لە ئێستادا ئەو لیژنەیە لە دەسەڵاتیدا بێ، ئەگەر بودجەی بۆ تەرخان بکرێ و کاری بۆ بکرێ لە ڕۆژانی داهاتوو قابیلی ئەوەیە و واجبیشە بکرێ، چونکە کارێکی پێویستە کە ئێمە بگەڕێین و شوێنەوارەکانی مەولانا خالید بدۆزینەوە، زۆری ئەو قسانەی لێرە دەکرێ دەم بڕە، کە قسە دەکەن خەڵک لەبۆنی دەمی خۆیەوە قسەیەکی گەورەی لێ دروست دەکەن، بەڵام ئەگەر تۆ بەڵگەنامەکان بدۆزییەوە و بزانی دەوڵەتی عوسمانی بۆ لێی ترساوە، بزانی کتێبەکانی خۆی چی تیایە، بزانی خەلیفەکانی بیروباوەڕیان چییە، ئەوکاتە تۆ دەتوانی مەولانا خالید بناسێنی بە خەڵک.


عەتا قەرەداغی

بەشداری هەریەک لە: " زانکۆی سلێمانی، ڕێکخراوی برایم ئەحمەد، سەنتەری ڕووناکبیری ئێلبەگی جاف، ناوەندی چاپەمەنی و ڕاگەیاندنی خاک، دەزگای ئاراس، وەزارەتی ڕۆشنبیری عێراق، مەکتەبی بیر و هوشیاری، مەڵبەندی کوردۆلۆجی و بنکەی ژین" ئەنجامدرا، جگە لە هەموو ئەو چالاکییانەی باسمانکرد، هەر لەناو هۆڵی تەوار کۆمەڵەی خۆشنووسانی کوردستانیش پێشانگایەکی خۆشنووسیان کردەوە و لەهەمان ڕۆژیشدا لە هۆڵی کتێبخانەی گشتی شاری سلێمانی پێشانگایەکی کتێب کرایەوە.















# ڕێبازی نەقشبەندی لە ڕۆژگاری مەولانا خالیدی نەقشبەندیدا

ن/ عەباس عەزاوی
و/ ئەکبەر حەسەن

ڕێبازی نەقشبەندی ڕێبازێکی کۆنە و ماوەیەکی زۆر بەرلە مەولانا خالید لەعیراقدا ناسرا و بووە، بەڵام مەولانا خالید، کە لەبنەڕەتدا خەڵکی ناوچەی شارەزوور بوو، هەستا بەنوێکردنەوە و بەهێزکردنی چالاکییەکانی، هەر لەسەر دەستی ئەویش پەرەسەندنێکی گەورەی بەخۆیەوە بینی. مەولانا ئەم ڕێبازەی لەشێخ عەبدوڵڵا ڕێبازەکەی لە شێخ عەبدوڵای دەهلەوی وەرگرت و بە هەمان شێوەی ئەو و بەسوود وەرگرتن لە ڕێبازەکانی دیکە جارێکی دیکە ڕیبازەکەی نووسییەوە. کاتێک مەولانادەستیکردبەبانگەشەکردن بۆ ڕێبازەکەی، مێژوونووسە عیراقییەکانی وەک (محمد بن سلیمان بغدادی، عیمان بن سند، ابی الپنا و الالوسی) لەبارەیەوە نووسیان. ئەوەی کە ئەوان نوسیان، کاریگەرییان بەسەر دڵ و دەروون و شوێن پەنجەیان لەسەر خەڵک جێهێشت.

شێخ مارفی نودێ بەڕووی مەولانادا وەستا و گوومانی وابوو ئەوەی مەولانا دەیکات، چاوبەستکردن و جادووە، بەڵام دەرکەوت ئەوەی مەولانا دەیکات، کرۆکی چاکی و چالاکی ئایینیە و بانگەشەکردنە بۆ بیروباوەڕێکی سەلەف، پەرستن و زوهد و خواپەرستی، هەر لەبەرئەوەش زانایان بەرپەرچی شێخ مارفی نۆدێیان دایەوە و پشتگیری مەولانایان کرد(١). ئەم پشتگیریکردنە بەهای خۆی هەبوو، سەرنجی پیاوانی دەوڵەتی ڕاکێشا، ئایا لەپشت ئەم پەردەیەوە ئامانجێکی سیاسی هەیە، وا پشتگیری لێدەکەن، یان تەنیا دڵسۆزییە؟ ئەمە لەسەردەمی داود پاشادا ڕوویدا.

ئاشکرایە داود پاشا ئاواتی ئەوەی هەبوو مەولانا ئیستغلال بکات، نەک لەڕێگەی مەولانا خۆیەوە، بەڵکو لەڕێگەی پشتگیریکردنی مورشید و هاوکارەکانی و چاودێریکردنی خەلیفە و شوێنکەوتووەکانیەوە. بێگومان ململانێکە و زۆریی شوێنکەوتووان کەسەرنجی هەمووانی بەلایخۆیدا ڕاکێشابوو، وای لە داود پاشاکرد، چاودێریکردنەکە بەبایەخ وەربگرێت. جێگەی تێبینییەکەمیرنشینەکانی پێشوو لەسەر بنەمای ئایین و ناوبانگ پەیداکردن بەزوهد و خواپەرستی و بەدەستهێنانی متمانەی خەڵک دامەزرابوون.

پشگیریکردنەکە لەلایەن (سەعید پاشا)ەوە بوو، ڕەنگە پیاوەکانی ئاگاداری مەبەستەکەی بووبن، ئە و بانگەشەی بۆ باوەڕێکی سەلەف کردو هەوڵیدا سوود لەم بارودۆخە وەربگرێت، بەرهەڵستیکردنیشی لەلایەن شێخ مارفەوە بەهایەکی ئەوتۆی هەیە، کە فەرامۆشکردنی دروست نییە.

ئایا ئەمە تەنیا هەستکردنی مەولانابووە بەمەسەلەکە، یان سەرنجراکێشان بووە و بانگەشەی چاوکراوەیی کردووە؟ هەموو ئەمانە هێشتا شاراوەن، هەمووشیان لەپێناوی بەدەستهێنانی ڕەزامەندی مەولانادا بوون و مەراییکردن بوون بۆ سەرنجراکێشانی هاوکار و مووریدەکانی، بگرە خەلیفە و پیاوە گەورەکانی مەولانا.

ئایا سیاسەت واز لە بەکارهێنانی بارودۆخەکە دەهێنێ، یاخود لێدەگەڕێت مەسەلەکە ڕەوتی خۆی وەربگرێت، یان تەنیا لەکاتی بەرژەوەندیدا نەبێت، دەستی وەرنەداوە و لەکاتی سوود وەرگرتندا نەبێت، وازی لەمەسەلەکە نەهێناوە؟ ڕۆیشتنە ژوورەوەکەی داود پاشا ناڕاستەوخۆبووە و دەستوەردانە دوورەکەشی سەرنجی مەولانای ڕاکێشاوە. مەولانا هەوڵیدا خەڵکانی خراپ لەخۆی دووربخاتەوە و لەژاوە ژا و دووربکەوێتەوە، خوای خۆی بپەرستێ و لەسیاسەت و دەستتێوەردانی سیاسی دووربکەوێتەوە، لەبری هەموو ئەوانە، ئاگاداری ڕێبازەکەی بێت، لەهاوەڵانی بترسێت و چاودێرییان بکات، هەر لەبەرئەوەش دەبینین وەسیەتی ئەوە دەکات کە دووبەرەکی نەکەوێتە نێوانیانەوە، لەگەڵ یەکدا ڕێکبکەون و ڕێبەرایەتیکردنیش بەدەست (شێخ ئیسماعیل)ی خەلیفەیەوە بێت، وەک ئەوەی دەرکی بە ئاواتەکانی کردبێت و نەیویستبێت هەوڵە چاکسازییەکانی شکست بهێنێت، هەربۆیەش وەسیەتەکەی کرد(١).



ئەم ڕێبازە توانای پەیداکردو و لە هەموو عیراقدا ڕەگی داکوتا، بەتایبەتی لەکوردستاندا، تەنانەت لەشامیش جێگیربوو. من کتێبەکانی مەولانام لە کتێبخانەی (القاهریە) دا بینیووە، لەناویاندا کتێبم لەسەر باوەڕ و فیقهی شافیعی بینیووە، بەڵام هیچ کتێبێکی لەسەر مەسەلەی باگنی و سۆفیگەری تیانەبوو. پاشان دەرک دەکات بانگەشەی حەقیقەتێکی کردووە، کە تایبەت بووە بە مەزهەبێکی سەلەفی و پشتگیریکردنی ئە و مەزهەبە. چونکە ئە و کەسێکی ئاییندار بووە و ڕێگاکەشی ڕێگایەکی ڕاست بووە. لەوانەیە مەولانا لەبەرئەوە ئەم ڕێگایەی هەڵبژاردبێت، کە ڕێگایەکی خاڵی بووە لە ڕەمز و وەسیەت (ڕێنمایی شاراوە)، لەبەرئەمەش دەبینین هەمیشە لەوەسیەتەکانیدا فەرمان بە خواپەرستی دەکات و لەنهێنی و شاراوەییدا بانگەشەی خواپەرستی دەکات و شوێنکەوتنی مەسەلە ئاینییەکان دەکات بەشوێنکەوتنێکی ناچارانە. بایەخ بەزانستەکان دەدات و هانی زانستخوازی دەدات، لەڕاستیدا هەرگیز مەولانا ڕقی لەزانست نەبووەوە.

ئێمە لەڕۆژگاری مەولانا خالیدەوە ئەمە فێربووین، بانگەشەکەی دڵسۆزانە بوو، لەژێر کاریگەریی باگنیە تدا نەبوو، ئەگەرنا، ئەوا بانگەشە سەلەفییەکەی لەگەڵ باگنیە کاندا دەگونجا، کەسێکی دیکە وتوویەتی مەولانا ئەشعەری نەبووە، واتە کەسێکی شوێنگرەوە نەبووە، بەڵکو لەوکەسانە بووە کە بیروباوەڕێکی سەلەفی هەبووە، هەر لەبەرئەوەش بەدووریان زانیوە شوێنکەوتووی ڕێبازی ئەشعەری بێت، بەڵام ئەوەی ژیاننامەکەی بخوێنێتەوە، دەزانێت کە جیاوازییەکی ئەوتۆی لەگەڵ زانایانی کوردا نەبووە، بەڵام پاش ئەوەی ڕێبازی نەقشبەندی وەرگرت، ڕایگەیاند کە شوێنی مەزهەبی (سەلەف) کەوتووە، بەتایبەتی لەوقسانەدا کە لەزاری خۆیەوە وەرگیراون. لەکتێبەکانی ئەم ڕێبازە ئەمانەن: (الروچە السندیە، اصفی الموارده والفیچ الوارد، البهجە السنیە، مجد الخالد.. هەروەها چەند کتێبێکی تریش جگەلەمانە. ئەوەی کە باسمانکردووە، ئەوەیە کە بینیوومانە و(٢) لێیەوە وەرمانگرتووە، هەندێک لەتێکستەکانمان تەفسیر کردووە وچەند بڕگەیەکمان لێوەرگرتوون و دروست نییە بیگێڕینەوە بۆ کتێبەکانی دیکە، لەناویشیاندا ئەوانەی کە زانا بەناوبانگەکان نووسیویانە و لەم کتێبانەیاندا سەلماندوویانە. پاشان دەزانین ڕێگای بڵاوبوونەوەکەی ڕێگایەکی زانستیە، کە زانایان بایەخیان پێداوە و لەلێدوانەکانیاندا بانگەشەیان بۆ کردووە، مەسەلەیەکی دیکە ڕەفتارکردن و زوهد و خواپەرستی و دونیا نەویستیە.

کتێبە نووسراوەکان و کادرانەوە ناسراوەکان مێژووی ئەم ڕێبازەمان بۆدیاریدەکەن و ڕەوتەکەیمان بۆ ڕوون دەکەنەوە. جگە لەمانە، ئاوڕ لەهیچ قسەیەکی سەرزارەکی نادەینەوە، چونکە ئەوە کتێبەکەمانن کە بابەتی لێکۆڵینەوەکەمان و خولگەی سوودوەرگرتنمان لەناسینی ژیان و ڕەوتی ئەم ڕێبازە پێکدەهێنن.

دەقە یەکەمینەکان کەمن، کەسانی دواتر فراوانیان کردوون، لەبارەیانەوە نووسیان و بۆچوونی سۆفیگەرییانەیان بۆ زیادکردن. لێرەوە دەردەکەوێت هەندێک بیروبۆچوون لەنا و ڕێبازەکەدا هەن، کە (لەبنەڕەتدا) سەر بەڕێبازەکەنین. ئەوەی ویستبێتی ڕاستیەکەی بزانێت، گەڕاوەتەوە بۆ تێکستە یەکەمینەکانی ڕێبازەکە، بەڵام هیچ شتێکی تیانەبووە کە نکۆڵی لێبکرێت.

(١) ـ مەولانا خالید ژمارەیەکی زۆر وەسیەتی کردووە، هەندێکیان لەکتێبی (یادی مەردان)ی مەلا عەبدولکەریمی مودەریسدا بڵاوکراونەتەوە، لێرەدا نازانین مامۆستا عەزاوی مەبەستی لەکام وەسێتانە..

(٢) ـ چەند کتێبێکی دیکە هەن، کە باسی ئەم ڕێبازە و شێخەکەیان (واتە مەولانا) کردووە:

١ـ المجد التالد فی مناقب مولانا خالد، لە نووسینی (ابراهیم فصیح الحیدری)، ساڵی ١٢٩٢ی کۆچی لەئاستانە چاپکراوە.

٢ـ سل الحسام الهندی لنصره مولانا خالد النقشبندی لەنووسینی زانای بەناوبانگ (ابن عابدین) ساڵی ١٣٠١ی کۆچی لەچاپخانەی (مەعاریف)ی ولایەتی دیمەشق لەشام چاپکراوە.

٣ـ الأساور العسجدیە فی المآثر الخالدیة، لە نووسینی (الشیخ حسین بن احمد البصري الدوسری).

٤ـ النشر الوردی بأخبار مولانا خالد النقشبندي الكردي.

٥ـ القول الصواب برد ما سمی بتحریر الخطاب.

٦ـ السهم الصائب لمن سمی الصالح بالمبتدع الكاذب.

٧ـ البهجة السنیة فی آداب الطریقة العلیة الخالدیة.

٨ـ ریاض المشتاقین في مناقب مولانا خالد ضیاء الدین.. زۆر کتێبی دیکەش، کە ژمارەیان لە ٢٠ کتێب زیاترە.

# خەلیفەکانی مەولانا خالید

ن/ عەباس عەزاوی
و/ ئەکبەر حەسەن

خەلیفەکانی مەولانا زۆرنە لەژمارە نایەن، مەولانا هەریەکێک لەوانی نارد بۆ شوێنێک، ئەوانیش توانیان شوێنی خۆیان بکەنەوەو بانگەشەی ڕێبازەکە بکەن، ئەرکەکانیان ئەنجام بدەنە شوێنکەوتووەکانی ڕێبازەکە فێربکەن. ئێمە ئەو کەسە بەناوبانگەنەمان بەلاوە گرنگە، کە شوێنگەیان بەدەستهێناوەو هەتا ئەمڕۆش ناسراون، لەناویشاندا ئەو کەسانەی کە ڕێبازەکەیان وەرگرتە خۆیان کاندید نەکرد بۆ ڕێنمایی، وەک ئەو کەسانەی کە دوور لەمەولانا ئەرکەکانیان ڕاپەڕاندە بەرژەوەندی ڕێبازەکەیان بە بایەخ وەرگرت. ئەو خەلیفانەی کە پاش مەولانا ڕێنماییە ئاراستەکردنی ڕێبازەکەیان گرتە ئەستۆ، گروپێک خەلیفە بوون، ئێمە تەنیا باس لەو کەسانەیان دەکەین، کە شوێنگەیەکیان هەبووە لەئاستی هەموو عێراقد،ا یاخود لەناوچەیەک لەناوچەکاندا بەناوبانگ بوون، یاخود شوێنکەوتوویان لەشوێنە گرنگەکانی عێراقدا زۆر بووە.

١ـ شێخ ئیسماعیلی کوڕی عەبدوڵڵای کوردی: مەولانا کردی بە سەرپەرشتیاری منداڵەکانیە خەلیفەی ڕێبازەکەی، جەختی لەسەر پێویستی بەردەوامبوونیە دەرنەچوون لەبۆچوونەکانی کرد، لەپاش مردنی مەولانا، شێخ ئیسماعیل جێگەکەی گرتەوە، بێگومان شێخ ئیسماعیل ڕێنماییە دڵسۆزی لەزوهدە پەرەستنە دەروونپاکی(١)دا لە مەولانا وەرگرتووەو پاش مەرگی مەولانا بە ماوەیەکی کەم مردووە(٢).

٢– قەرە حەسەن چێوان(٣): چیوان گوندێکە لە بەرزنجەو دانیشتوانەکەی پێشتر لەسەر ڕێبازی قادری بوون، بەڵام دواتر چوونە سەر ڕێبازی نەقشبەندی. لە کتێبی عەشیرەتەکانی کورددا باسم کردوون.

٣– مەلا عەبدولغەفور کەرکوکی کوردی: لە کتێبی (المجد التالد)دا باسیکراوە، لە بەغداد مردووەو لە مزگەوتی (الست نفیسە) لە تەنیشت شێخ داودەوە نێژراوە، کە لە ساڵی ١٢٩٩ی کۆچی مردووە، ئەمە لە کتێبی (الروچ الازهر)دا باسکراوە.

٤– شێخ عوسمانی تەوێڵە(٤): شێخ عوسمان لە بەناوبانگترین خەلیفەکانی مەولانا بووە لە ناوچەی سلێمانیە کاریگەرییەکی گەورەی هەبووە لەسەر هەموو کورد، نەک تەنیا لە سلێمانی، بەڵکو لەسەر زۆربەی عەشیرەتەکان لە هەموو ناوچە کوردنشینەکاندا، زۆربەی کورد ڕێبازی نەقشبەندییان لە ئەوەوە وەرگرتووە، بەتایبەتی خەڵکانی تەوێڵە لە هەورامان، کە دەکەوێتە سنوری ئێرانە سەربە پارێزگای سلێمانییە. خاڵی سەرنجراکێش ئەوەیە کە ڕێبازەکە لەناو بنەماڵەکەیە نەوەکانیدا شێوازی پشتاوپشتی وەرگرت. لە کتێبی مێژووی عێراقدا بەوردی باسی ئەمەم کردووە. کاریگەریی ئەم شێخە زۆر گەورە بوو، چ لەسەر عەشیرەتە کوردییەکانی عێراقە چ لەسەر ناوچەی سلێمانی. لە کوڕە ناسراوەکانی شێخ عوسمان لەمڕۆدا شێخ عەلادینی کوڕی شێخ محەمەد بەهادینی کوڕی شێخ عومەری کوڕی شێخ عوسمانە. لە نەوەکانیشی شێخ عەلی حیسامەدینی کوڕی شێخ عومەری نابراوە، کە لەناوچەی بیارە، کە گوندێکی عێراقییە لە سنوری هەورامانە سەربە قەزای هەڵەبجەیە لە ناوچەی سلێمانی، پەنای گرتبوو(٥). عەلی حسامەدین ساڵی ١٣٦٦–١٩٤٧ کۆچی کرد.

پەراوێزەکان

١– لە ئەسڵدا ئاوا هاتووە: البهجە السنیە، پەڕەی (ع.ع)، بەڵام من لەو کتێبەدا چاوم پێی نەکەوتووە.

٢– ئەم شێخ ئیسماعیلە ناسراوبووە بە (شێخ ئیسماعیلی هەنارانی)، کە ٢٤ ڕۆژ دوای مردنی مەولانا خالید کۆچی دوایی کردووە. بڕوانە: (یادی مەردان، بەرگی یەکەم، لاپەڕە ٩١).

٣– مامۆستا مەلا عەبدولکەریمی مودەڕیس باسی (٣٣) خەلیفە لە خەلیفەکانی مەولانا خالید دەکات، بەڵام من لەناو ئەم (٣٣) ناوەدا ئەم ناوەم نەدۆزییەوە، بەڵام ناوێکی نزیک لەمەوە هاتووە: (شێخ حەسەن قۆزانی)، پێدەچێت مەبەستی نووسەر هەمان کەس بێت (سەرچاوەی پێشوو، لاپەڕە ٨٦). خۆ ئەگەر مەبەست لە شێخ حەسەن قەرەچێوانی بێت، ئەوا ئەو ماوەیەکی زۆر دوای مەولانا ژیاوە: (بگەڕێوە بۆ عەشیرەتە کوردییەکانی عێراق، بەرگی دووەم، لاپەڕە ١٦٩).

٤– شێخ عوسمانی تەوێڵە کوڕی خالید ئاغای کوڕی مەحمود ئاغای کوڕی عەبدوڵڵا ئاغایە، ساڵی ١١٩٥ی کۆچی لە دایکبووە، لە قوتابخانەکانی کوردستان خوێندویەتی، پاشان ڕۆشتووە بۆ بەغداد، لەوێ چاوی بە مەولانا خالید کەتووەو لەسەر دەستی ئەو ڕێبازی نەقشبەندیی وەرگرتووە، پاشتر گەڕاوەتەوە بۆ بیارەو دەستی کردووە بە بڵاوکردنەوەی ربێبازەکە. ساڵی ١٢٩٥ی کۆچی مردووە.

٥– لە گوندی باخەکۆن لە بیارە.

سەرچاوە: شهرزور–السلیمانیە، االلواء والمدینە، تألیف: عباس العزاوی، راجعە وقدم لە علق علیە محمد علی القرە داغی، بغداد، ٢٠٠٠، ص ٢٦٤–٢٦٥.













# ئاسەوارێکی مەولانا خالیدی نەقشبەندی
## (١٧٧٦-١٨٢٧) لە کتێبخانەی رەشاد موفتی

**ئیحسان رەشاد موفتی**

بە ئەرکی خۆمم زانی، کە لە پاڵ رازاندنەوەی ئەم کۆنفرانسە بە وتارو لێکۆڵینەوەی بەشداربووان لەسەرزاناو شاعیرو موتەسەوفی کوردو جیهانی ئیسلامی مەولانا خالیدی نەقشبندی، منیش بەشداری ئەم ئاهەنگە بکەم، بە ئاسەوارێکی مەولانا خالیدی نەقشبەندی، ئەویش بریتییە لە کتێبێکی مەولانا خالید، کە خۆی خاوەنی بووە و یاوەری بووە لە مزگەوت و خانەقاکانی، دوای خۆی نزیکەی (٢٠٠ ساڵ) دوو سەدە لە کتێبخانەی رەشاد موفتی باوکم پارێزراوە.

ئەم کتێبەش بەسەرهاتی دووسەد ساڵی لە خۆوە حەشارداوە، گەر زووبانی هەبا بەسەرهاتی مەولانا خالید و ئەو زانایانەی، کە ئەم کتێبەیان پاراستووە بەدرێژای ئەو ماوەیە دەیگێڕاوە.

ئەم کتێبەی کە مەولانا خالید خاوەنی بووە دەسخەتە، بریتییە لە بەشی دووەمی کتێبی شەرحی بوخاری ئیبن حەجەری عەسقەلانی، کە لەسەر فەرموودەکانی پێغەمبەرە (د.خ)، ١٢٥٦ لاپەڕەیە بە دەسخەتێکی جوان نووسراوە

مەولانا خالید لەلاپەڕەی یەکەمی ئەم کتێبە چەند دێرێکی بەزمانی عەرەبی بە دەسخەتی خۆی نووسیوە :

**كيف اقول دخل في مولكي**
**والملك لله الواحد القهار وانا الحقير**
**الفقير خالد الكردي الشهرزوري**
**وصلى الله على سيدنا محمد و الة اجمعين**
**والحمد لله رب العالمين**

بەم نووسینە دوو مەبەستی خۆی راگەیاندووە: یەکەمیان کە ئەو رەسەنی کوردە و دووەمیان خەڵکی شارەزوورە، زۆربەی زانایانی ئایینی کە کوردستانیان بەجێ هێشتووە روویان لە وڵاتانی دەرەوەی کوردستان کردووە نازناوی خۆیان وا نووسیوە کە بناسرێن کوردن و خەڵکی کام شارن.

هەروا لە نووسینەکە بۆمان دیار دەکەوێ کە ئەم زاتە چەند زاناو پایەبەرزو خۆ نەویست و خواپەرست بووە، کە دەڵێ چۆن بڵێم ئەم کتێبە بووە موڵکی خۆم کە خاوەنی هەموو شتێک خوای گەورەو میهربانە.

لە ژێر نوسینە عەرەبییەکە تێبینی خەتمەکەی مەولانا خالد دەکرێ ئەوەش پێویستی بە وردبینی هەیە، بەڵام وشەی خالیدی لێ دیارە، پسپۆرانی خەت وای دەخوێننەوە کە لەنێو خەتمەکەی مەولانا نووسراوە:"العبد الشاكر لله خالد" باوکم لە ژێر لاپەرەکە دوو تێبینی خۆی نووسیوە، ئەوەی یەکەم ساڵی دروستکردنی خەتمی مەولانا خالیدی دیارکردووە و نووسیویەتی " تأريخ ختم مولانا خاليد ١٢٢٣ ه"

ئەم ساڵەش بە بەراورد لەگەڵ زایینی دەکاتە ساڵی ١٨٠٨ی زایینی، ئاشکرایە کە مەولانا خالیدی شارەزووری نەقشبەندی ساڵی ١٨١١ لە هیندستانەوە دوای وەرگرتنی مۆڵەتی تەسەوفی تەریقەتی نەقشبەندی گەڕاوەتەوە کوردستان و ئەم تەریقەتەی لە کوردستان نوێکردۆتەوە، بۆیە باوکم دەی وت: لە باوکم بیستومە، کە ئەم کتێبە بە دیاری لە مەولانا خالیدەوە دراوەتە باپیرمان .

لە هەمان لاپەڕە تێبینی دەکەین، کەوا باوکم خۆی نەکردۆتە خاوەنی ئەم کتێبە، بەڵام دەڵێ: وصل بلطف الخالق المنان الى رشاد محمد موفتي عثمان. ئەوەش هەواڵی گەیشتنی کتێبەکەیە، باوکم پاراستنی ئەم کتێبانەی بە ئەمانەت دادەنا،

تێبینی: ئەوەی دەکەین نزیک خەتمی مەولانا خالید، وەک ئەوەی لاپەڕەکە رەنگی گۆڕابێت بە ئاو. باوکم دەڵێ ئەوە ئاسەواری ماچ کردنی ئەم لاپەڕەیە لە لایەن بابیرمەوە، پێش ئەو زۆر لە موریدانی تەریقەتی نەقشبەندی ماچیان کردووە، بۆیە ئەم لاپەڕەیە لە ناوەڕاستی رەنگی گۆڕاوە. لە هەمان ئەم لاپەڕەیە ناونیشانی کتێبەکە نووسراوە، بەڵام بە دەسخەتی مەولانا ناچێ، دەسخەتەکە نووسراوە: الجزء الثاني من فتح الباري بشرح البخاري لآبن حجر العسقلاني رحمة الله تعالى ونفعنا به والمسلمين.

لە بەرامبەر دەسخەتەکەی مەولانا خالید ئەم نوسینە بەرچاو دەکەوێ، کە نووسراوە: من محض فضله على افقر خلقه العبد الضعيف البالي.
يوسف ابن محمد الجمالي عفى عنهما الباري والحمد لله وحده.
هەروەها لە هەمان لاپەڕە نووسراوە: من اوسط كتاب الصلواة الى أول ابواب في الحج.

**مەولانا و خانەوادەی موفتی**

بێگومان پەیوندییەک هەیە لە نێوان مەولانا خالیدی نەقشبندی و خانەوادەی موفتی شاری هەولێر، ئەو پەیوەندییە دەگەڕێتەوە بۆ سەردەمی مەلا ئەبوبەکری مەلا گچکەی هەولێر کە دەکا باپیری باپیرم (١٧٧٥-١٨٥٦)، و زانایەکی بەرزی ئەو سەردەمی کوردستان بووە، "ابراهيم فصيح الحيدري" یەکێ لە زانا بەرزەکانی کوردە لە کتێبەکەی "المجد التالد في مناقب مولانا خالد"، مەلا ئەبوبەکری مەلا گچکەی هەولێر بە یەکێ لە خەلیفە نزیکەکانی مەولانا خالیدی نەقشبەندی دەژمێرێت، مێژوونووسی کورد زوبیر بیلال ئیسماعیل لە کتێبەکەی ( مدارس وعلما□ ) دەڵێ : مەلا ئەبوبەکری مەلا کچکەی هەولێر خەلیفەی مەولانا خالید نەقشبەندی بووە هەورروا لەدەسنووسێکی دەڵێ کەوا مەولانا مەراسیم]چکی تایبەتدا هاتۆتە هەولێر و مەلا ئەبوبەکری مەلا کچکەی هەولێر بە خەلیفەی خۆی راگەیاندووە.

نەوەی مەلا ئەبوبەکری مەلاکچکەی هەولێر دوای کۆچی دوایی مەولانا خالید (١٨٢٧) لە دۆستایەتی نەپچڕاون لەگەڵ تەریقەتی نەقشبەندی و خەتمی نەقشبەندی دەکرا تا ناوەڕاستی سەدەی پێشوو لە مزگەوتی گەورەی قەڵای شاری هەولێر، لە هەمان کاتدا ئەو پەیوەندیەش ئاشکرایە لە پەیوەندەی بەردەوامی ئەم خانەوادەیە لەگەڵ شێخەکانی تەریقەتی نەقشبەندی لە تەوێڵە و بیارە.

زانایانی ئەو سەردەمە لەگەڵ تەسەوفیان زانستی بەرزیان هەبووە لە بوارە جیاجیاکانی ئایینی ئیسلامدا، زانستی ئایینیش پێش تەریقەت بووە لایان.

پاراستنی ئەم کتێبە و سەدان کتێبی کتێبخانە دوای کۆچی مەلا ئەبوبەکری مەلا کچکەی هەولێر ساڵی ١٨٥٦ ز لە ئەستۆی هەرسێ کوڕەکانی بووە، مەلا عوسمان و حاجی عومەر ئەفەندی و شێخ عەلی ئەفەندی و دوای ئەوان بۆ نەوەکانیان مەلا ئەفەندی و محەمەد موفتی باپیرم و دوای کۆچی باپیرم ساڵی ١٩٤٦ گەیشتۆتە دەست باوکم تا کۆچی دوایی ئەو لە ساڵی ١٩٩٢. ئێستا ئەم کتێبخانەی رەشاد موفتی بەگشتی لەئەستۆی کاکم عوسمان دایە .

لە کۆتایی ساڵی ١٩٧٧ دوای تەواوبوونی خوێندنی کۆلیژی زانستیم لە زانکۆی سلێمانی ئاشنایەتیم لەگەڵ کتێبەکان پەرەی سەند، تا گەیشتە رادەیەک رەزامەندی باوکم وەرگرت بۆ پشکنینی گشت کتێبەکان، بۆ دۆزینەوەی ئاسەوارێک کە باب و باپیرانم و زانایانی کورد لە نێو کتێبەکان بەجێیان هێشتووە، بێگومان زۆربەی ئەم زانایانە کە نامەیەک یا تێبینییەکیان دەنووسی لەنێو لاپەڕەی ئەو کتێبەیان بەجێ دەهێشت، کە لە ژێر دەستیان بوو، لەوەش خوا یاوەرم بوو بە دۆزینەوەی نزیکەی



ئیحسان رەشاد موفتی لەکاتی پێشکەشکردنی بابەتەکەی ٢٠٠٩/٤/٢٧

سەد نامەو تێبینی و پارچە شیعر، کە تا ئێستا لای خۆم پارێزراوە، باوکم پاراستنی ئەم جۆرە ئاسەوارانەی پێ سپاردم، لەم خەزێنەی کە بە پارە هاوسەنگ ناکرێ، دۆزینەوەی دەسخەتێکی کۆنی داستانەکەی مەم و زینی ئەحمەدی خانی، بێجگە لە دۆزینەوەی شەش نامەی دەسخەتی کاک ئەحمەدی شێخ، کە ئاراستەی بابیرانمانی کردووە پێش ١٣٠ ساڵ لە نێو ئەو ئاسەوارانە بێگومان دەسخەتی مەولانا خالید هەردەم شوێنی سەنگینی خۆی هەبووە، هەر مێوانێکی تایبەتمەند رووی لە دیوەخان کردبا و لەنێو کتێب و دەسخەتە بەنرخەکانی کتێبخانەی رەشاد موفتی ئەم کتێبەی مەولانای بە نووسینی نازناو و ختمی خۆی بوویتە هۆیەک، کە موریدانی و دۆستانی تەریقەتی نەقشبەندی ئەم کتێبە بپارێزرێ،

ئەم کتێبخانەیە پاشماوەی کتێبخانەی باب و باپیرانی ئەم خانەوادەیە، کە نزیکەی پێنج سەد ساڵە لە قەڵای هەولێر سەرقاڵی دەرس گوتن و پێش نوێژی و وتاری جمعە و سەرپەرشتی کردنی قوتابخانەی ئایینین، بێجگە لە ئامۆژگاری کردنی خەلک و پێڕاگەیاندی زانایانی ئایینی ئسلام لەسەر ئەرکی خۆیان، تا رادەیەک ببووە قیبلەی قوتابیانی گشت پارچەکانی کوردستان، ئەمەش لە نامەکانی کاک ئەحمەدی شێخ بەدی دەکرێ، کە ژمارە ٨٩ ساڵی ٢٠٠٨ لە هەفتەنامەی بەدرخان بڵاوکراوەتەوە. کە تێیدا بەدیار دەکەوێ :

مزگەوتی قەڵای هەولێر لە کوردستان رۆڵی ئەزهەری قاهیرەی بینیوە.

لە سەرەتای سەدەی شانزەهەم لە هەر ماوەیەک یەکێ لە نێوان ئەم خانەوادەیە کە لێهاتوو شیاو بووە لە رووی زانستی و کۆمەڵایەتی ئەرکی سەرکردایەتی زانایانی ئایینی شاری هەولێر و هەندێ جار کوردستانی لە ئەستۆ گرتووە، تا بوویتە قیبلەی قوتابیان و خوێندکارانی ئایینی، والی بەغدا و موسڵ و شارەزوور سەردانیان کردوون و مزگەوتەکەی قەڵایان نۆژەنکردۆتەوە، رۆڵی سیاسییان بینیوە و کوردایەتیان کردووە لە پاڵ ئەرکی بڵاوکردنەوەی ئایینی پیرۆزی ئیسلام.

**کارەساتی سووتانی کتێبخانەکە**

بەڵام کارەساتی زۆر قورس بەرەنگاری ئەم کتێبخانەیە بووەوە، دوای رووخانی مەلەکییەت دەوڵەتی عێراق لە ساڵی ١٩٥٨ ئەم کتێبخانەیە سێ بەش بووە لە کاتی کارەساتی سووتانی بەشێک لە مزگەوتی قەڵای هەولێر بوو و فەقێ و مەلا ئایینییەکان وەک سەرچاوە ئەم کتێبانەیان بەکارهێناوە بۆ خوێندن و بەشێک لە کتێبخانەی مەلا ئەفەندی ( ١٨٦٤-١٩٤٣) بوو لە گوندی "باداوە" کە ئێستا گەڕەکێکی شاری هەولێرە و بەشی سێیەمیان لە کتێبخانەی باوکم بوو .

دوای شۆڕشی عەبدولکەریم قاسم و لەبەر نەفامی خەڵک روویان کردۆتە قەسری مەلا ئەفەندی بۆ تاڵانکردن، بە سەدان کتێبیان سوتاندووە، بەشێک فرۆشراوە لە بازاڕ بۆ ئەوەی بەکار بێت وەک کیس بۆ فرۆشتنی کەلوپەلی قەساب، بەقال دوکانداران.

پاش ئەم کارەساتە کە ئاسەوارێکی یەکجار زۆری کوردی لێ فەوتا، ئەوەی مابوو لەلایەن باوکم کۆکراوە بەدرێژایی چەند ساڵێک خەریکی کۆکردنەوە و تەجلیدکردنیان بوو، گشت پاشماوەی ئەم کتێبخانەیە و کتێبخانەکەی مزگەوتی قەڵای، هەولێر، کە لە باپیرانمانەوە مابوو و کتێبەکانی کتێبخانەی باوکم کۆبۆوە و کتێبخانەکەی ئێستای رەشاد موفتی پێکهێنا.

رەشاد موفتی ساڵی ١٩١٥ لە هەولێر لە دایکبووە، لە ساڵی ١٩٣٣ یەکەم قوتابی کوردی کوردستانی عێراق بووە خوێندنی لە ئەزهەری قاهیرە تەواو کردووە، دوای کۆچی باوکی محەمەدی موفتی لە ساڵی ١٩٤٦ شوێنی باوکی گرتۆتەوە لە تەدریس و پێش نوێژی وتاری هەینی لە مزگەوتی قەڵای هەولێر، یەکەم کەس بووە لە شاری هەولێر وتاری هەینی بە کوردی خوێندۆتەوەو خاوەنی مەولودنامەی کوردییە، کە لە هەولێر چاپکراوە و بە یەکەم چاپی کتێبی کوردی شاری هەولێر دەژمێردرێت، ، هەروەها ساڵی ١٩٧٠ گشت مەراسیمی حەجی بە زمانی کوردی کردووە، کتێبخانەکەی رەشاد موفتی تا ئەمڕۆ لەلایەن خوێندکاران و قوتابیانی زانکۆکانی کوردستان وە مامۆستایانی ئاینی و رۆشنبیران سوودی لێ وەردەگیرێ.



کتێبێکی دەسخەتی شەرحی بوخاری کە نازناو و خەتمی مەولانا خالیدی نەقشبەندی لەسەرە



دەسخەتی مەولانا خالیدی نەقشبەندی



خەتمی مەولانا خالیدی نەقشبەندی

لە کتێبخانەی رەشاد موفتی- هەولێر - ئیحسان رەشاد موفتی ئامادەی کردووە

ژمارە (١١٧)ی ئایاری ٢٠٠٩/٥/١٥
گوڵانی ٢٧٠٩ی کوردی

# کەلچەری بەدرخان
Bedirxan

بڵاوکراوەیەکی رووناکبیریی گشتییە لەگەڵ بەدرخان دەردەچێ

ستافی کەلچەری بەدرخان:

عەبدولڕەحمان مەعروف: awrahman2000@yahoo.com

سەعدوڵلا نووری، جەوهەر شێخانی

بە هاوکاری راوێژکاری رووناکبیریی دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی بەدرخان: د.هیمداد حوسێن

ژمارە ٤٩ - ١١٧، هەینی ٢٠٠٩/٥/٨ی زایینی


# نووسەرو رووناکبیر کیفاح ئەمین: کە غەمگین بم، پەنا دەبەمە بەر مۆسیقا و شیعر

**کیفاح ئەمین لە ساڵی ١٩٧٥ تا ١٩٨٢ لە مۆسکۆ لە بواری راگەیاندن خوێندوویەتی و پلەی ماجستێری باڵای وەرگرتووە لە بەشی فیلمی دیکۆمێنتی، لە ساڵی ١٩٨٢ تا ١٩٩٠ وەک پێشمەرگەیەک درێژەی بە خەباتی خۆی دەدات، کیفاح ئێستا جگە لە بواری راگەیاندن و رۆژنامەگەری وەکو فۆتۆگرافەرێکیش کاردەکاو چەندین وێنەی نایاب و دانسقەی هەیە، جگە لەوە یەکێکە لە کەسە نزیکەکانی شاعیری ناوداری عەرەب و جیهانی ئەدۆنیس، لە رێگای دیدارێکدا باسی لە چەندین تەوەری گرنگی ژیانی خۆی و ئەمرۆی رۆشنبیری کوردی کرد، بۆیە بەدرخان زۆر هەوڵیدا لە نزیکەوە ئاشنایەتی بە ئەدۆنیس بکات، بەڵام بەهۆی کۆمەڵێک هۆکاری جیاجیاوە نەکرا، بەباش زانرا کە یەکێک لە دۆستە نزیکەکانی ئەدۆنیس بدوێنێ و باس لە ژیانی تایبەتی خۆی و ئەدۆنیس بۆ بەدرخان بکات.**

## ئا: باوکی بەدرخان

*** لە دنیای رووناکبیریدا لە چ پەنجەرەیەک هاتیە ژوورەوە؟**

– ئێمە بنەماڵەیەکین خودی خۆمان تارادەیەک پەیوەندیمان هەبووە بە نووسین و کتێبخانە و بنەماڵەیەکی رووناکبیر بووینە، بابم خوا لێی خۆشبێ کتێبخانەیەکی زۆر زۆر گەورەی هەبووە لە ماڵەوە، منیش لە منداڵییەوە کەوتمە ناو کتێب، بەڕێز مومتاز حەیدەری رۆژێک هاتە بەغدا من لە پۆلی دووی سەرەتایی بووم، دانیشتبووین لەناو یەک پاس، دیارە ئەوکات کە پۆلی دووی سەرەتایی بووم رۆژنامەم دەخوێندەوە، ئەو ماڵی ئێمەی پێ نەدەزانی، بەڵام ئەو گوتی من بیرم کردەوە کە دەبێ تۆ ئەو کەسەبی، چونکە تۆ پێش من هاتیە خوارەوە لەهەمان شوێن، بۆیە لەدوام هاتووە هەتا گەیشتینە ماڵێ، ئینجا زانی من فلانم، هەمووجاریش باسی دەکا، دیارە لەوکاتەوە ئەو جموجۆڵەم هەبووە لەگەڵ نووسین و خوێندەوە، لە پۆلی دووی ناوەندی تا شەشی ئامادەیی وەکو هەر گەنجێک هەوڵم هەبوو بۆ بڵاوکردنەوە و تاراددەیەک وابزانم لە ساڵی ١٩٧١– ١٩٧٢ پۆلی چواری ناوەندی بووم، کتێبێک دەرچوو بەناوی "شعراء شباب فی دیالە"، ئێمە "١٢–١٣" شاعیر بووین، بەشێک لە کارەکانم لەوێ بڵاوکراوە، هەرچەندە بە هیچ شێوەیەک خۆم بە شاعیر دانانێم، چونکە دیارە هەر لە سەرەتاوە شیعر نەبووە بە بەشێک لە ژیانی من، من رۆحم شاعیرییە، بەڵام خودی خۆم ناوێرم بڵێم شاعیرم، لەبەرئەوەی شیعر جیهانێکی دیکەیە منی گرت، من دەوێرم بڵێم شکاندم بەرەو پەخشان، چیرۆکی بچووک، فۆتۆس، یانی دیارە ئەو شتانە زیاتر باڵی منی قورس کرد.



نووسەرو رووناکبیر کیفاح ئەمین

*** هەر ئەو خۆشەویستییە بۆ دنیای ناسکی شیعر وایکرد تۆ لە ئەدۆنیس نزیک ببیتەوە؟**

– رەنگە بەشێکیان ئەوە بێت، چونکە من هەر لە کۆنەوە تا ئێستا کە غەمگین بم، پەنا دەبەمە بەر مۆسیقاو شیعر، شتەکی سەیریشم هەیە بچمە چ وڵاتێک حەزدەکەم یەک دوو شاعیری ئەو وڵاتەی بە دەنگی خۆی کە لێشی تێناگەم، کاسێتەکانیان هەڵگرم، هەر لە خۆمەوە گوێ دەگرم لەو شیعرانە، فەنتازیای خۆم دروست دەکەم لەگەڵی، یانی حەزدەکەم ئاشنا بم بە شیعری دنیایی، دیسان دەڵێم من جیهانی شیعریم هەیە، بەڵام دیارە شیعر زۆر لەوە گەورەترە دەرەقەتی بێم، یانی ناتوانم بچمە ناو قالبی شیعر، چونکە خۆم بە شاعیر دانانێم. ناسینم بۆ ئەدۆنیس بۆ ساڵانی ١٩٩٨ دەگەڕێتەوە، کاتێک لە بەرلین ناسیم، ئەو دەڵێ: تا من لە ژیان ماوم وێنەکانم نادەیتەوە، منیش دەڵێم: تا بژیت وێنەکانت لای من دەمێنێتەوە، هەردووکمان رێککەوتووین بەمجۆرە یەکتر قبووڵ بکەین، هەربۆیە زۆرترین وێنەی دەگمەنی تایبەتی ئەدۆنیس لای منە، بەڵکو هی نووسەرانی دیکەش.

*** خەڵک لێرەوە دەڕوا، چی تۆی لە سۆڤیەتەوە هێنایەوە کوردستان؟**

– من کە لە ١٩٨٢ گەڕامەوە پێشمەرگایەتی، بەشێک بووە لەوەی ئێمە بنەماڵەیەکی رووناکبیر و سیاسی بووینە، دیارە ئەو ئیحساسەم هەبووە، شیعریش لەهەمان کات لا ئیرادی پاڵی پێوەناوم بۆ چیاو کوردستان و ئەفسانە و گوند، دیارە بێ هۆکار پاڵی پێوەنەناوم کە بگەڕێمەوە کوردستان، یانی شێوە سیاسییەکەی راستەوخۆ بووە، بەڵام دیارە شتێکیش هەبووە، یەکێک لەوانە کە خودی خۆم لە بەغدا لەدایک بوومە، بەڵام ئێمە لە ماڵەوە حەسەن زیرەک و لاوک و حەیرانی حەسەن سیساوەو دایکم بەرەحمەت بێ هەر باسی کەنگرو کوارگی دەکرد، یانی ماڵەکەمان فەزایەکی کوردەواری هەبوو، لەبەرئەوە کە گەڕامەوە بۆ بەشی یەکەمی ژیانی خۆم، لەوێندەرێش هەقیقەتەن من خۆم ناسی نەک وەک کوردێک کە لەدایک بووە، تەنیا ئەوە نەبووە، بەڵکو وەکو مرۆڤێک بیرم لێ کردەوە دەبێ ئێمە نەک تەنیا وەکو میللەتێک بیپارێزین، بەڵکو دەبێ ئیش و خەباتی بۆ بکەین، خودی خۆم باجی ئەوەم داوە، وەکو بڵێی ئەگەر خەباتی پێشمەرگایەتی بکەم، بەڵام بەرهەمی دووەم و بەشی دووەم ئێمە دەبێ هەموو عەقڵی خۆمان بە شێوەیەکی زانستی و ئەکادیمی بەکاربێنین تا خزمەتی میللەتەی خۆمانی پێ بکەین، سیاسەت پێویستە، بەڵام من دەڵێم ئەورۆ زیاتر پێویستیمان بە کاری کلتووری هەیە.

*** بەڵام تۆ دەتەوێ زۆر جەخت لەسەر ئەنترۆپۆلۆژیا بکەیتەوە لە جومجومەی تاکی کورد، ئیش لەسەر ئەو شتە کلتوورییانە بکەی کە بەهایەکی زۆر گەورەیان هەیە تا لە فەوتان رزگاری ببێ، ئایا ئەوە خەمی تۆ بوو لە ساڵی ١٩٨٢ کاتێک لە ماجستێرت وەرگرت لە راگەیاندن؟**

– بەشێکی لەوانەیە، وەکو گوتم من کە گەیشتمە کوردستان دیسان نێوان ئیحساسی سیاسی و سۆزدارییانەی خۆم بووە، وەکو کوردێک، بێگومان کە گەیشتمە کوردستان، پێشبینی بکە تۆ ٨ ساڵ بکەویە ناو دارو درەخت و چیاو ئاشنایی گوندو منداڵ بی، بێگومان دەبێ تابلۆیەکی دیکە پەیدابێ، ئەو تابلۆیە کە لە لەدایکبوونەوە پەیدات کردبوو، نەک تەنیا فۆلکۆری و جلوبەرگ و زمانەکەیە، ئاشنایی من بە میللەتی خۆم بەوشێوەیە بووە کە رۆژانە ئەو خەباتە چۆن ئێمە دەبووایە بەردەوام بین و لەبەرچی؟ بێگومان سیاسییەن دەتوانی ئەوە شی بکەیەوە، بەڵام کە دەکەویە ناو کاری پراکتیک جیاوازە، یانی بۆ نموونە بەبیرم دێ لە ساڵی ١٩٨٧ شەڕێکی زۆر گەورە ببوو لە ناوچەی "بەری دارە" لە ناکاوێک لەوێ کە بەیانی زوو بوو لە چیا بووین، بەفرو باران بوو، دوژمنێکی زۆر گەورەو جاش هاتبوون، پیرێژنێکم بینی نەمزانی ئەو پیرێژنە کێیە، بەڵام وەکو خەونێک بەیانی زوو، ئێوارە کە هاتمە خوارەوە لەسەر چیا، دەبینم پیرێژنەکە لەوێ دانیشتووە، گوتم دایەگیان بەیانی زوو تۆ لێرە نەبووی، گوتی بەرێ لێرەبووم، گوتم چ دەکەی لێرە، گوتی وەڵلاهی نازانم چ بکەم، هەندێک تەماتەو باینجانم هێناوە حەزدەکەم بیدەمە پێشمەرگە بۆ شەڕ، بەڵام نازانم بیدەمە کێ، سەیرکە ٨–٩ سەعات پیرێژنێک لەناو بەفر دابنیشێ، پیرێژن نەیتوانیوە بگاتە یەکێک، خەڵکەکەش نزیکی نەبووینە، لەبەرئەوەی هەرکەسە سەرقاڵە بەشەڕو کوشتن و برین، بەڵام سەیرکە تۆ چۆن پێشوازی لەو وەزعە دەکەی و شیدەکەیەوە.



## شیعری سوێدی

Gunnar Ekelöf
1968–1907

**شیعری گوننار ئێکێلۆف**
**وەرگێڕانی: ڕزگار شێخانی**

## میر ئێمگیوون

نە خوا و نە شەیتانیش
دەپەرستم
نە شیعەم و نە سوونەم،
یان نە ئاسمانم و نە دۆزەخم
من لە تۆم
تەنیا لە تۆ
کە بە بینایی چاوەکانم
دەستت بەسەرمدا هێنا
بەشەو وەک مانگ و
بەڕۆژیش وەک خۆر
هەمیشەیش وەک خێر و شەڕ.
من لە نێوان رووناکییەک و
یەکیکی تردا،
هیچ جیاوازییەک نابینم
تۆ خۆت لە بەرئەوەی، کە
پێی دەڵێن خۆر
نادیار بوویت،
بەڵام لە ناخی مندا: نا–

ئەم شیعرە دوای مردنی گوننار ئێکێلۆف بڵاوکرایەوە. دیارە دوودڵ بووە لە هەڵبژاردنی شووناسی ئەو ئەلتەر ئێگۆیەیدا. کە ئایا میرێکی کورد بێت، یان ئەمیرێکی عەرەب بێت. دوا جار دەیکات بە میرێکی کورد. چونکە بەگوێرەی ئەو پەراوێز و ڕەشنووسانەی لەبارەی میرەوە، لە "دیوان لەسەر میر ئێمگیوون" نووسیویەتی، میرەکە کورد بووە. ئەندێرس ئولسۆن لە گوتاری "گوننار ئێکێلۆف و خەونی رۆژهەڵات"دا نووسیویەتی:
"بەگوێرەی کۆمێنتارەکانی ئێکێلۆف لە کۆتایی کۆمەڵە شیعرەکەدا، کوردێکی باکووری ئێران بوو. وا پێدەچێت ئێکێلۆف لە ڕەگەزی خود دوودڵ بووبێت و ئەمەیش لەگەڵ ئەوەدا یەکدەگرێتەوە، کە چۆن ئەو نەک هەر تەنیا سنووری کات و شوێنی دەبەزاند، بەڵکوو سنووری شووناس خۆیشی و قسەکەریشی دەبەزاند. وەک لەم شیعرانەدا، کە ڕەشنووسی شیعرەکانی سیانەی دیوانن و دوای مردنی بڵاوکرانەوە، دەردەکەون."

# خەرەندەکانی سنوور

من لەوە تێنەگەیشتم ئەو جێگۆڕکێیە چی بوو بەمنیان کرد، لە پیکابێکەوە بۆ قەمەرەیەکی سپی، ئەوجارەشیان بێ ئەوەی چاوم ببەستن، دەرگای دواوەی قەمەرەکەیان بۆ کردمەوە، کە سوار بووم، بە شۆفێرەکەوە سێ کەسی لەنێو دانیشتبوون، زەلامە ریشدارەکە، کە لە زیندانەوە تا شوێنی قەمەرە وەستاوەکە لەگەڵمان بوو، لێمان هاتە پێش و بە پاسەوانەکانی نێو قەمەرەکەی وت:"زۆرتان ئاگا لە سەران بێ، کوڕێکی چاکە. بۆ ئەوانیشم نووسیوە، کە رێزی لێبگرن!"هەر لە پەنجەرەی ئۆتۆمبێلەکەوە دەستە زل و زەبەلاحەکەی بۆم درێژکردو، تەوقەیەکی گەرمی لەگەڵ کردم، تۆزقاڵێک مابوو دەمم بکەمەوە و بڵێم:"بۆ کوێم دەبەن؟"ئەو خێرا لە سیمای من، ئەو پرسیارەی خوێندەوە و هەر زووش وەڵامی دامەوە و وتی: ئینشاڵڵا ئازاد دەکرێیت!

من بەو قسەیە دڵم خۆش بوو، ئاوڕێکم بۆ لای پیکابەکە دایەوە، پاسەوانە خۆڕەسانییەکەم بینی، دوو چاوی زەقی پڕ لە نیگەرانی و بێئومێدیم دیت، دووچاو، کە لەنێو فرمێسکدا غەرقببوون، من هەوڵمدا خۆم کۆنترۆڵ بکەم و نەهێڵم فرمێسک هەڵمەت بۆ چاوەکانم بهێنێ، بەڵام لەوکاتەی ئۆتۆمبێلەکە حەرەکەتی کرد، چەند دڵۆپە فرمێسکێک بارینە سەر پەنجەکانی دەستم، ئەوەی لە تەنیشتمەوە دانیشتبوو، هەناسەیەکی قووڵی هەڵکێشا، هیچی نەوت، بەڵام وا هاتە بەرچاوم، ئەو فرمێسکانەم یادگارییەکی تاڵی وەبیر هێنابێتەوە.

من پێم سەیر بوو، ئەوانە گەرەکیانە بۆ کوێم ببەن، خۆ من ئەو هەموو نمایش و فیلم دەرهێنانەم، بۆ ئەوەبوو، بمبەنە خەستەخانە، کەچی تا ئێستا خەریکە لەشاریش دوور دەکەوینەوە، قسەکانی زەلامە ریشدارەکەم هاتەوە بیر، کە بەر لەئێستا هیوای ئازادبوونی بۆ خواستم، بیرم کردەوە، کوا خەستەخانە لەو چۆڵەوانییە؟ ئەو رێگایە دەچێتە شارێکی دیکە، ئەوانە چەند بە نەرمی نەخشەکانیان پیادە دەکەن، بەچ زمانێک لە دۆزەخێکەوە دەتگوازنەوە دۆزەخێکی تر، دەبێ ئەمجارە چ زیندانێکم پێ نیشانبدەن؟ ترسێک، وەک هەواڵێکی ناخۆش پەلاماری دام، دەتووت لە خەونێکی ناخۆشەوە، دەچمە نێو خەونێکی ناخۆشتر، جەستەم هەر لەوە دەچوو خوێنی تێدا نەگەڕێ، چاوی نیگەران و پڕ غەریبیم بەو ناوەدا دەگێڕا، هەتا بینایی حوکم بکا، راست و چەپمان دارستان بوو، دارستانێک چڕوپڕییەکەی بەرادەیەک بوو، واتدەزانی دەریایەکە لە سەوزایی، من کە نەمدەزانی بۆ کوێم دەبەن، نەمدەزانی چ رۆژێکی رەش چاوەڕێم دەکا، چۆن بتوانم تامی ئەو دیمەن و فەزایە شیرینە بکەم؟ من ئێستا پەلکێشی سەفەرێک کراوم، نازانم مەوداکەی چەند نزیکەو چەندیش دوورە، ئەوە ئەوانن، کەسێکی وەک منیان کەوتۆتە بەردەست و بۆ هەرکوێی ئەم دنیایە بچن، لەگەڵ خۆیان دەمبەن. ئۆتۆمبێلەکە وەها دەڕوا، دەڵێ بەنێو دەمی کراوەی دارستانە چڕوپڕەکەدا تێدەپەڕێ، دەڵێی ئەو جادەیەی بەسەریدا رەتدەبووین، دەچێتە نێو قورگی دارستانەکە، هەرسێ کەسەکەی ناو ئۆتۆمبێلەکە، بێئەوەی نیگایان یان راست و چەپ بسوڕێنن، کڕو بێدەنگ دانیشتبوون، لەوە تێنەدەگەیشتم بۆچی لەگەڵ یەکتریش قسەیان نەدەکرد، دەتووت پاسەوانەکانی کۆمارین، ئەوانەی لەشوێنی خۆیان دەوەستن و مەگەر بومەلەرزەیەک بیانجوڵێنێتەوە، یان جێگۆڕکیان لەگەڵ پاسەوانی دیکەدا پێبکرێ. ئەوانە ئەگەرچی وەک پەیکەر وابوون، بەڵام بۆمن سەرچاوەی مشتومڕێکی زۆر بوون، بێدەنگی و مبتوونی ئەوان، شەڕێکی گەورەی دەروونی بوون، ئاخر ئەوانە یا ئەوەتە هیچ شتێک دەربارەی من نازانن، یان لەوە دەترسن شتێک لەدەمیان دەربچێ و سوودی بۆمن هەبێ. ئاخر من کێم، تا بەو بێدەنگییە پڕ ئازار و ئەشکەنجەیە، ئەو سەفەرە نادیارەم پێبکەن؟ ئێستا رەنگبێ لەدڵی خۆیاندا، وابزانن ئەرکێکی گەورەیان پێ راسپێردراوەو بە ئەمانەتەوە جێ بەجێی دەکەن، ئەو سێ کەللە سەرە دەڵێی سێ کوارگی رەشی هەڵتۆقیوی نێو دارستانن، ئەو کوارگانەی بەردەوام لێیان دەترسام، هەموو ئەوساڵانەی کە لە شاخیش بووم، بۆ جارێکیش نەموێرا، لەگەڵ هاوڕێکانم، بیانخۆم، کوارگ، لەژیانی مندا داستانێکی وەحشەتناکی هەیە، ئەگەر ئەو رۆژەی لە داوەتێکی کوارگ خواردن ئامادە بوومایە، ئێستا ئەو سێ کەللە کوارگەشم نەدەبینی. ئەوانەی کوارگەکەیان خوارد، زۆربەیان نەگەیشتنە نەخۆشخانەو مردن. من نازانم بۆ ئەو ئێوارەیە، داوای ئەو برادەرەی دراوسێمانم بەجێ نەهێناو نەچووم بۆ ماڵیان؟ ئەو برادەرە زۆر پاڕایەوە کە ئێوارە لەماڵیان پێکەوە ژەمە کوارگێک بخۆین. من نەچووم، بۆ بەیانی هەواڵی مەرگی ئەو برادەرەم و چەند کەسێکی دیکەش لە خانەوادەکەییم پێگەیشت، لە پێشمەرگایەتیش خۆشترین خواردن بۆ هاوڕێکانم کوارگ بوو، وەرزی بەهار بۆ ئەوان وەرزی کوارگ بوو، کەچی بۆمن وەرزی کارەسات و مەرگ بوو، بەڵام ئەو رۆژە هات، کە بەدەر لە بڕیارو ئیرادەی خۆم، ناچار بم ئەو ژەهرە مەرگهێنەرە بخۆم. کە تۆ چەند رۆژێک لەنێو ئەو شاخانەدا، هیچت بەدەست نەکەوێ بیخۆیت، لە شەڕێکی خۆترین و هاوڕەگەزیدا دۆڕابیت و لەگەڵ سەدانی دیکەدا راوە دوو نرابیت و هەر بەڕێگاوە نەوەستیت و رابکەیت، چ شتێکی دیکە، جگە لە مەرگ هەڕەشەت لێدەکا؟ برسێتی، تۆ ئەگەر بزانی برسێتی چ هەڕەشەیەکی کوشندەیە، ئەوکات تێدەگەی هەموو خواردنێک، ماناکانی پێشووی لەدەست دەداو لەهەموو ئەو خواردنانە نزیک دەبیتەوە، کە تا دوێنێ رقت لێیان دەبۆوە، پێت سەیر نەبێ لەکاتێکی وادا چاوت بنوقێنی و شتی وا بخۆیت، کە لە ژیانتدا بیریشت لێ نەکردبێتەوە. بێنە بەرچاوت، سوپایەک لە شەڕێکی بێمانا، دۆڕانێکی گەورەی تووش هاتبێ، بەنێو دۆڵ و عاسێ و پەناو پێچی شاخەکاندا رابکا، لەوەش دڵنیابێ کە نەیارەکانی دوای کەوتوون، بەڕای تۆ ئەو سوپایە لەو سەفەرە نادیارەیدا، بەچی دەتوانێ جەستەی تێکشکاوی راگرێ؟ بە رێگا دوور و درێژەکاندا چی بخوا، تا بتوانێ زیاتر و زیاتر رابکاو لە مەترسی مەرگ دووربێتەوە؟ بینیت؟ هیچ شتێک وەکو جاران نایێتەوە بەرچاو، هیچ حەزێک لە حەزی جاران ناچێ، قسەو پەیوەندی نێوان کەسەکانیش دەگۆڕێ، ئەوەی حوکم بەسەر ئەو سوپا تێکشکاوە دەکا، مەنتیقێکی دیکەیە جیا لە پێشوو، رەفتارێکی دیکەیە جیا لە رەفتاری بەر لە شەڕو سەرکەوتن لە شەڕدا. ئێمە دروست ئاوابووین. تاکە شتێک بیرمان لێدەکردەوە، خواردن بوو، بەتایبەتی دوای ئەوەی راکردنەکە زۆری خایاند. گەڕان بەدوای خواردن پەیداکردن، ئەوە ئێمە نەبووین بڕیارمان دەدا چ بخۆین، زگەکانمان چەند هەنگاوێک لەپێش کەللەکانمانەوە رایان دەکرد، گەروومان بەنێو هێشکاییدا دەگەڕا، هەرچی تەڕایی سەر زەوی بوو وشکیان دەکرد، بۆق، کیسەڵ، ماسی، تەیرو تاشی ئەو ناوانە، بەرگەی چاوبرسێتی ئێمەیان نەدەکرد، لێتان تێک نەچێ، من باسی رۆژانی جەنگی یەکەمی دنیا ناکەم، باس لە قات و قڕی رۆژانی دوای ئەو شەڕە ناکەم، کە خەڵکی هەرچ شتێکیان بکەوتبایە دەست و حەرامیش بوایە دەیانخوارد. من باس لەو شەڕ و تێکشکانانە دەکەم، کە لە شاخ، هەر بۆ حەزی چەند کەسێک هەڵمانگیرساندبوو، یەکترمان راودەنا، لەهەمووی سەیرتر ئەوەبوو لەسەر لاشەی نەیارەکانی خۆمان، لاوکی سەرکەوتنمان دەگوت! لێدە. بڕشێنە قوربانت بم، ئەمڕۆ رۆژی سەرکەوتن و لەناوچوونی دوژمنەکانمانە! هەڵپەڕە قوربانی دەسماڵی دەستت بم، ئەمڕۆ فریشتەکانی دوندی سەرکەوتن، هەواڵی زیندووبوونەوەی شەهیدانمان بۆ دەهێنن! ئەمڕۆ کوارگە پیسەکان لەژێر پێی پۆڵایینی ئێوەدا بوونە تۆزوبا! بۆکوێ دەچن، هەواڵی مەرگی ئێوە لەنێو گیرفانی ئێمەدایە، رۆحی تێکشکاوتان وەک تێکشکانی سەنگەرەکانتان، لەنێو لەپی ئێمەدایە. لەجیاتی ئاو، زمان لەمیزی خۆتان وەربدەن، لەجیاتی نان، شایی لەدەوری گوی وشکی خۆتان بکەن، لەجیاتی گۆشتی بزن و مەڕ و گاو گۆلک، بەدوای مار و کیسەڵ و بۆق بکەون. خۆ بەگوێی خۆت ئەو قسانەت بیست؟ من یەکێک بووم لەنێو ئەو شەڕە تێکشکاوانە، یەکێک بووم لەو سەدان کەسەی دووجار نەمهێشت لەخۆڕا زەوی میزم هەڵمژێ، چاوم دەنووقاند و فڕم دەکرد، ئەوەی باش بوو، میزەکە هی خۆم بوو، دەنا زۆر زەحمەت بوو بتوانم هی کەسێکی دیکە بخۆمەوە، نازانم لەوانەشبێ ئەگەر ئاو لە لەشت نەمێنێ و توێنییەتیش هەڕەشەی مەرگت لێبکا، میزی ئەوانی دیکە بەپەلە فڕکەیت! من ناتوانم ئەوەشت لێبشارمەوە، کە چۆن وەک ئەوەی گۆشتی برژاوی مریشک بخۆم، ئاوا گۆشتی برژاوی بۆقم دەخوارد، هەر بە تەنیشت منەوە، چەند سەرێکی برسی لەنێو دووکەڵی کیسەڵی سەر ئاگرەکە نقووم ببوون، من نازانم گۆشتی کیسەڵ، مار، قەلەڕەش، سەگ، کەر، جوانوو، چ تامێکیان هەبوو، بەڵام تامی گۆشتی بۆقە برژاوەکانم بۆ هەموو ئەوانە دەگێڕایەوە، کە نەیانخواردبوو، بینیت؟ لە تێکشکانا، یا لەقاتوقڕیدا، هیچ شتێک مانای جارانی نامێنێ، ئەو کوارگەی کە لەکاتی خۆیدا لەسەردەمی منداڵیمدا، مەرگی کەسانێکی نزیکی خۆمی هەڵگرتبوو، لەسەردەمی شاخدا، هەموومانی لەمەرگ پاراست. من لەسەفەری تێکشکان و هەڵاتندا، ئەو کوارگەی بەردەوام لێیدەترسام و مەرگی نیشاندەدام، چەندجارێک بۆ راونانی مەرگ ناچار بووم تاقی بکەمەوە، من هەموو ئەو جارانە تا ماوەیەک ترس بەرۆکی دەگرتم، ترپەکانی دڵم خێرا لێیان دەدا، ئارەقەی لەشم زیاتر دادەچۆڕا، کەچی هەر دەمخوارد، ئەوەی کە زۆر لێی دەترسام، کوارگی رەش بوو، دروست کەللەسەری ئەو سێ کەسەی نێو ئۆتۆمبێلەکە لەو کوارگە رەشانە دەچن، هەر ئەو کوارگانەش بوون، منداڵیمی رەش کرد، ئەو کوارگە رەش و لەعنەتییە بوون، کە ئێستا لەرامبەرمدا هەڵتۆقیون. نا، نامەوێ بتانبینم، بەرچاوم چۆڵ کەن..

– چییە، شێت بووی؟!



کاروان عەبدوڵڵا



نووسەرو رووناکبیری گەورە ئەدۆنیس لەگەڵ ژنە کوردێک - هەولێر فۆتۆ: کیفاح ئەمین



نووسەرو رووناکبیری گەورە ئەدۆنیس لە پارکی شانەدەر - هەولێر فۆتۆ: کیفاح ئەمین

# مێژووی کۆنی کوردستان

پاشکۆیەکی مێژوویی گشتییە، دەزگای چاپ وبڵاوکردنەوەی بەدرخان دەریدەکات، ئەم ژمارەیە تایبەتە بەوەڵامدانەوەی تیۆرە تازەکەی د. نائل حەنوون سەبارەت بە سۆمەرییەکان و دکتۆر مەولود ئیبراهیم حەسەن وەڵامی دەداتەوە
هەینی ٢٠٠٩/٥/٨

# راستیی سۆمەرییەکان و گفتوگۆیەک لەگەڵ دکتۆر (نائل حنون)دا



دکتۆر مەولود ئیبراهیم حەسەن

**پێشەکی**

پاش کۆتایی هاتنی جەنگی یەکەمی جیهانی لە ساڵی (١٩١٨)دا و نەمانی دەوڵەتی عوسمانی ودابەشکردنی میراتەکەی، کوردستانیش بۆجارێکی تر لەدوای شەڕی (چاڵدێران-١٥١٤)، کە لەنێوان دەوڵەتی عوسمانی و سەفەویدا دابەشکرا، ئەمجارەش کوردستان لە دابەشکردنی تازەی ناوچەکەدا دیسان بەر "لەعنەتی دابەشکردن" کەوتەوە، لەم دابەشکردنە تازەیەدا پارچەکان زۆرتر بوون و بچوکتر بوونەوە و داگیرکەرانیش زۆرتر و بەهێزتر بوون، ئەمەش بووە هۆی ئەوەی کە کێشەی کورد ئاڵۆزتر بێت، لەگەڵ ئەم دابەشکردنە تازەیەدا داگیر کەرانی هەرپارچەیەک، بە شێوەیەک کەوتنە گیانی کورد، کە هەتا رادەیەکی زۆر هەریەکەو لەوەی تر جیا بوو، بەڵام هەموویان یەک مەبەستیان هەبوو، کە لەم خاڵانەدا کۆدەبوونەوە:

١- دان نەنان بە بوونی نەتەوەیەک بەناوی (کورد) و خاکێک بەناوی (کوردستان) وەک تورکیاو سوریا لەسەرەتادا و هەوڵدان بۆ تواندنەوەی کورد لەنێو نەتەوەی تورک و عەرەبدا.

٢- بچووککردنەوەی (میللەتی کورد) و (خاکی کوردستان) و گۆڕینی لە میللەتەوە بۆ (هۆز و عەشیرەت) و زمانەکەشی بۆ لەهجەی (محەللی) و گۆڕینی ناوی کوردستان بۆ ناوی شارێک وەک شاری (سنە، سەنەندج، ساسان دژ) بۆ (استان کردستان) لە ئێران.

٣- دان نان بە بوونی میللەتی کورد و بە زمانەکەی بەبێ ئەوەی ناوی خاکەکەی بە (کوردستان) بێت لە باری فەرمیەوە لە عێراقدا دواجار عێراق لە هەمووان گەرمترو توندتر کەوتە لەنێوبردنی میللەتی کورد.

٤- لەگەڵ دامەزراندنی (یەکێتی سۆڤیەت) سەرەتا بۆ کوردەکان (کۆماری کوردستانی سوور)ی لێ کەوتەوە، بەڵام هەر زوو ئەم کۆمارە رەشکرایەوە، میللەتی کورد کەوتە بەر ئەنفالێکی بێدەنگ و پەرتەوازە بوونێک تا گەیشتە لاوازترین باری لاوازیی لەم پارچەیە لە مێژووی خۆیدا.

جگە لەوەی، کە هەر داگیر کەرەو بەشێوەی خۆی کەوتنە شێواندنی خاک و زمان و پێناسەی نەتەوەی کورد، هەمووشیان پێکەوە دژی هەر بزووتنەوەو شۆرش و سەرهەڵدانێکی کورد بوون، ئەگەر لە هەر پارچەیەکی کوردستان سەری هەڵدابوایە، بەتایبەت (عێراق) و (ئێران) و (تورکیا) و (سوریا) لە گەڵ هەموو ناکۆکیەکی نێوان خۆیان، لەبەرامبەر کێشەی کورد کۆک و خاوەن رێکەوتن بوون، هەمیشە یارمەتی یەکتریان دەدا لەسەرکوتکردنی شۆڕشەکان، ئەگەر کوشتن و گرتن و پەرتەوازەکردن و پێناسە گۆڕینی کورد رێگایەک بوو بۆ لەنێوبردنی کورد، ئەوا شێواندنی مێژوو جوگرافیاو زمان و کەلتوورەکەشی بە رێگایەکی تر، لە رووی جوگرافیاوە بچووکردنەوە و گۆڕینی ناوە مێژووییەکانی کوردی بۆ ناوی زمانی داگیر کەران و تا ئێستاش هەر بەردەوامە لە هەموو پارچەکان، لە رووی مێژوویشەوە ئەوا مێژوو نوسێک دەنووسێ:(هیچ میللەتێک ئەوەندەی میللەتی کورد بە دەستی ئەنقەست مێژووی نەشێوێندراوە) ئەم مێژوو شێواندنەش دیسان تا ئەمرۆ هەر بەردەوامەو شێواندنەکەشی هەموو زەمەنەکانی مێژووی کورد دەگرێتەوە، لە مێژووی کۆنەوە تا دەگاتە مێژووی نوێ و هاوچەرخەوە، کە دەڵێین: مێژوومان دەشێوێنن واتە مێژووی کورد بەشێکی روونکراوەتەوە و ساغ بۆتەوە، ئەگەرچی بەشی زۆری ئەم ساغ بوونەوەیەش، مێژوونووسانی غەیرە کوردە کردوویانە. بەڵام، لەنێو مێژوو نووسانی نەتەوەکانی دەوروبەر زۆر بە بەرنامەو دوور لە زانست خەریکی شێواندنی مێژوو و جوگرافیای کوردستانن، ساڵانە چەندین وتارو لێکۆڵینەوەو کتێب بڵاودەکرێنەوە و دەکەونە بەردەستی نەوەی تازەی کورد، لەمجۆرە لێکۆڵینەوەو کتێبی شێواندنە بێ ئەوەی شارەزایان و لایەنی پەیوەندیدار وەکو پێویست بە شێوەیەکی زانستی وەڵامیان بدەنەوە، ئەگەر وەڵامی هەوڵەکانی شێواندنی مێژووی کورد نادرێتەوە، ئەوا پشتگیری ئەو زاناو لێکۆڵەرانەش ناکرێ، کە لەبارەی مێژوو و کلتوری کوردەوە بە زانستیانە دەکرێن، لەم ساڵانەی دوای هەوڵی جوان و زانستیانەش دراوە و کتێبی باش چاپکراوە، کە زانستیانە بەشێکی مێژووی کوردیان ساغ کردۆتەوە! بۆ نموونە (کردان پارس و کرمان) لێکۆڵینەوەیەکی زانستی و دڵسۆزانەی بەرێز (د.جمشید صداقت کیش)ە، کە بەزمانی فارسی لە ئێران شەش حەوت ساڵێک لەوە پێش (انتشارات سلاح الدین ایوب) چاپی کردووە، کە لە (١٩) بەش، پێکهاتووە، لەم نۆزدە بەشەدا بە دوورو درێژی باسی کوردەکانی ناوچەکانی (پارس و کرمان) دەکات لەپێش هاتنی ئیسلامەوە، تا رۆژگاری ئەمرۆ لەو کتێبەدا لێکۆڵەر باسی هۆزە کوردەکان دەکات، کە هەر لەکۆنەوە لەم ناوچانەدا ژیاون، لە لاپەڕە (١٨)دا لەژێر ناوی (ئەردشیر پاپکان، کرد نژاد) واتە (ئەردە شێری بابکان_ی نەژاد کورد) ئەوە روون دەکاتەوە، کە ئەردەشێری بابکان دامەزرێنەری ئیمپراتۆریەتی ساسانی کورد بوو، لە هۆزی گەورەی (شبانکارە_شوانکارە)ی کورد و نەوەی ساسانە، ئەمەش بە پشت بەستن بە سەرچاوە فارسی و عەرەبییە کۆنەکان، هەرچەندە ئەم راستییە زۆر لەمێژەو زۆر مێژوو نووس و سەرچاوە باسیانکردووە، بەڵام لێکۆڵینەوەو ساغکردنەوەی جارێکی ترو لەلایەن لێکۆلێرەوەیەکی غەیرە کورد و نۆژەنکردنەوەی بابەتێکی کۆن، بۆ ئێمە کورد گرنگی خۆی هەیە، چونکە ئێستاش لەنێو لێکۆڵەرانی کورد بەرێزانی ئاوا هەن، کە ئەم راستییەیان قبووڵ نییە! هەر بۆیە ئەم کتێبەو زۆر کتێبی هاوشێوەی ئەمە شیاوی خوێندنەوە و وەرگێڕانن، بۆ ئەوەی نەوەی نوێ بتوانێ لە رەوتی مێژووییەوە پشت بە زانیارەکانی ئەم سەرچاوانە ببەستێ، ئەگەر ئەم کتێبانەی، کە زانستیانە باس لە مێژووی کورد دەکەن، لەنێوەندی رۆشنبیری و ئەکادیمی کورو گرنگیەکی شیاویان پێنادرێ، ئەوا هەندێ کتێب و لێکۆڵینەوەش، کە راستی مێژووی کۆن و نوێی کورد دەشێوێنن، ئەوانیش چاپدەکرێن و دەکەونە ژێردەستی خوێندەواری کورد، کەچی بەبێدەنگی لەنێو کتێبخانەی کوردی جێگای خۆیان دەکەنەوە.

بۆ نموونە: کتێبی (حقیقە السومریین) کە نووسین و لێکۆڵینەوەی بەرێز (دکتۆر.نائل حنون)ە و لە ساڵی (٢٠٠٧) لە دیمەشق و سوریا چاپکراوە، ئەم کتێبەش لە (٩) بەش پێکهاتووە، لێکۆڵەر ئێستا پرۆفیسۆرە و پسپۆرییەکەی لە زانستی شوێنەوار ناسییە، لەم کتێبەدا لێکۆڵەر باس لە مێژووی کۆنی کوردستان و عێراق دەکات و پشت بە بەڵگە بزمارییەکان و سەرچاوە کۆنەکان باسی زۆر بابەتی گرنگ دەکات، لەوانە مێژووی شاری (هەولێر_ئەربیل) و (کەرکووک_کرکوک) و زۆریتر، کە لە نووسینی مێژووی شوێن و شارەکان بەڵگەی نووسراوی هێناوەتەوەو رای خۆی نووسیوە، کە ناتوانین گرنگی کتێبەکە لەبەرچاو نەگرین، لەزۆربەی بەشەکاندا، بەڵام ئەوەی بۆ ئێمە جێگای هەڵوەستە لێکردنەو لێ وردبوونەوەیە ئەم تیۆرە تازەیەیە کە دکتۆر لە بارەی سۆمەرییەکانەوە دایهێناوە، کە بەکورتییەکەی لێکۆڵەر رای وایە، کە (سۆمەر) میللەت نییە و سۆمەر جۆرە زمانێکە لەگەڵ داهێنانی نووسین لەلایەن ئەکەدییەکان داهێنراوە!! کە من لێرە لەم لێکۆڵینەوەدا رای خۆم لەم بارەیە روون دەکەمەوە.

هەرچەندە لەسەرتاوە دەبێ ئەو راستییە بنووسم، کە من پسپۆڕی مێژوو و شوێنەوار نیم و زمانی سۆمەریش نازانم، بەڵام بەگوێرەی توانای خۆم لە رووی مێژووییەوە، بە پشت بەستن بەرای مێژوو نووس و لێکۆڵەرانی ئەم بوارە هەوڵدەدەم ئەوە بسەلمێنمەوە، کە سۆمەرییەکان ئەو میللەتەن، لە کوردستانەوە سەریان هەڵداوەو نووسینیان داهێناوە و لە کوردستانەوە چوونەتە خوارووی عێراق و کوردیش لە هەموو میللەتان زیاتر میراتگری راستەقینەی سۆمەرییەکانە، ئەویش بەو مانایە نییە، کە سۆمەرییەکان کاریگەریان بەسەر میللەتانی ترەوە نەبووە، بە تایبەتی میللەتانی دەوروبەر، چونکە سۆمەریەکان گاریگەریان بەسەر هەموو مرۆڤایەتیەوە هەیەو ئەمرۆ شارستانیەتەکەیان بوەتە شارستانیەتێکی مێژوویی جیهانی هەموو مرۆڤایەتی، هەر ئەم میللەتەش ریشەی مێژووی خۆیان هەیە و بەرهەمی مێژوو و جوگرافیایەکن، کە ئەم جوگرافیایەش کوردستانەو مێژووەکەشی هەر لەوێوە سەری هەڵدەدات.

**لە قوڵایی مێژووەوە:**

زاناکانی شوێنەوار ناسی و مێژووی کۆن و مێژووی مرۆڤ لەسەر ئەوە کۆکن، کە ئەشکەوتی (شانەدەر) لە ناوچەی (برادۆست)ی سەر بە شاری (هەولێر) و لە کوردستان. کۆنترین و دەوڵەمەندترین ئەرشیفی مرۆڤایەتییە، هەر ئەم ئەشکەوتە سۆلکی لەبارەیەوە دەڵێ:"هەموو پێشکەوتن و شارستانیەتێک لە دەرگای ئەم ئەشکەوتە هاتوونەتە دەرەوە" ئەمەش بە پشت بەستن بەو لێکۆلینەوانەی کەلەسەر ئێسکبەندی ئەو (٩) مرۆڤەی (نیاندەرتاڵی ئەشکەوتی شانەدەر) کردوویانە، کە زەمەنەکەی بۆ (٦٠-٦٥) هەزار ساڵ پێش زاین دەگەڕێتەوە، لەوە بەدواوەش واتە لە (٦٥) هەزار ساڵ پێش زاینیەوە تا ئەمرۆ، ئەم ناوچەیە لە مرۆڤ خاڵی نەبووە و ژیان هەر بەردەوام بووەو ئەو پێشکەوتن و شارستانیەتەی لێکۆڵەر سۆلکی باس دەکات هەر بەردەوام بووە نەپچڕاوە، تا دەگاتە کۆنترین کێڵگەی کشتوکاڵی و کۆنترین گوند و کۆنترین شار، کە بریتییە لە گوندی (چەرموو) شاری (هەولێر_ئەربیل) هەولێریش لەسەر پشگیری رێکخراوی یونسکۆ بۆ شوێنەوارە کۆنەکانی جیهان تەمەنی (٨) هەزار ساڵە، واتە (٦) هەزار ساڵ پێش زاین دروستکراوە و دروستکردنەکەشی بەوەی کە لە (ئینسکلۆپیدیای بەریتانی)دا هاتووە، باپیرانی سۆمەرییەکان دروووستیانکردووە، واتە باپیرانی سۆمەرییەکان پێش چوونە خوارەوەی عێراقی ئەمرۆ، ئەوا ئەگەر رای ئەو مێژوونووسەش لەبیر نەکەین، کە دەڵێ:(لە شەش هەزار ساڵ پێش زاین مێژوو لە زنجیرەچیاکانی زاگرۆس، لەباسی کورد زیاتر باسی هیچ میللەتێکی ترمان بۆناکات) باشە ئەگەر لە شەش هەزار ساڵ پێش زاین شاری هەولێر باپیرانی سۆمەرییەکان دروستیانکردبێ و سۆمەریەکانیش وەکو مێژوو نووسێک دەنووسێ (نابێ بلێین کورد سۆمەرین، دەبێ بڵێن سۆمەریەکان کوردن) ئەگەر سۆمەریەکان کوردن و زنجیرە چیاکانی زاگرۆسیش لە شەش هەزار ساڵ پێش زاین لە باسی کورد زیاتر باسی هیچ میللەتێکی ترمان بۆ ناکات، کەواتە سۆمەریەکان بەرهەمی بەردەوامی مرۆڤە نیاندەرتاڵەکانی ئەشکەوتی شانەدەرن و کوردیش ئەمرۆ میراتگری رەوای ئەم مێژووە و ئەم مرۆڤانەن، کە لە شانەدەرەوە تا دەگاتە سۆمەریەکان و سۆمەرییەکانیش مێژوویان بۆ شەش هەزار ساڵ پێش زاینی دەگەڕێتەوە زۆریش پێش داهێنانی نووسین هەبوون، کە نووسین لە (٣٢٠٠)ی پێش زاین هەر سۆمەرییەکان خۆیان دایان هێناوە، (د.نائل حنون) لە تیۆرەکەی خۆیدا (سۆمەری) بەوزمانە دادەنێ، کە بە ئەلف وبێی سۆمەری نووسراوە، واتە بەرای ئەو بەڕێزە میللەتێک نییە، بەناوی سۆمەر ئەوەی هەیە زمان و نووسینی سۆمەرییە.

ئەگەر پێشتر بە زنجیرەیەکی مێژوویی باسی مێژووی میللەتی سۆمەرمانکرد، ئەم باسە پێویستی بە گفتوگۆی زۆرتر هەیە، کە ئەمە هەڵدەگرم بۆ بەشی داهاتووی ئەم لێکۆڵینەوەیە، بەڵام لە بارەی ئەم زمان و نووسینە سۆمەرییەی، کە (د. نائل حنون) زۆر پێی لەسەر دادەگرێ، دەگەڕێینەوە لای ئەو رایانەی کە باس لەو پەیوەندیە زمانییە دەکەن، کە لەنێوان زمانی سۆمەری و زمانی ئەمرۆی کورد داهەیە، لە (د.تەها باقر) دەگێرنەوە، کەباسی پەیوەندی نێوان زمانی کوردی و سۆمەری کردووە، بەڵام دیارە لە رۆژگاری ژیانی ئەو بەڕێزە، نووسین لێکۆڵینەوە سەلماندنی پەیوەندی نێوان زمانی کوردی و سۆمەری لە عێراقی ئەودەم کارێکی سەربە بەڵا بوو، هەر لە بارەی پەیوەندی زمانی کوردی و سۆمەری راو نووسین و لێکۆڵینەوەهەن، کە ئەو پەوەیەندیە باس دەکەن و دەیسەلمێنن، بۆ نمونە، لێکۆڵەری بەرێز (مەسعود سەعید یاسین) لێکۆڵینەوەیەکی هەیە بەشێوەی کتێب ساڵی (١٩٩٩) چاپکراوە لەژێر ناوی (السومریون، تری من یکونون ان لم یکونوا کوردا) لێکۆڵەر لە تەوای لێکۆڵینەوەکەی خۆیدا، کە (١٠٨) لاپەڕە هەوڵی داوە لە رێگای پەیوەندی زمانی کوردی و زمانی سۆمەریدا کورد بوونی سۆمەرییەکان بسەلمێنێ.

لێکۆڵەر (مەسعود سەعید یاسین) لە گفتوگۆکردن لەگەڵ ئەوانەی، کە نەیانزانیوە زمانی سۆمەری سەر بە چ زمانێکە و هەر ئەوەش بوەتە هۆی ئەوەی هەندێک لەو لێکۆڵەرانەی، کە لە میللەتی سۆمەریان کۆڵیوەتەوە، ریشە میللەت و زمانەکەیان بۆ ساغ نەبێتەوە، لێکۆڵەر لە وەڵامی ئەو بەرێزانەدا، دەنووسێ (بەڵێ ئەوان ئەو زمانە نازانن، کە لەنێو زمانەکاندا بەزمانی سۆمەری دەچی، ئەوان ئەو زمانەیان لەگەڵ زمانی سۆمەری بەراورد کردووە، کە هیچ پەیوەندیان بەیەکەوە نییە، چ بەوشە چ بەرێزمان چ بەسینتاگس، زاناکان میللەتی کوردیان لەبیرکردووە، ئەو میللەتەی، کە لەگەڵ ئەو میللەتانە دەژی و هەر لەسەر ئەو خاکەشە، ئەگەر هاتباو زاناکان لەکاتی خۆیدا زمانی کوردی و سۆمەریان بەراورد کردبایە، ئەو دەرگا دەکرایەوەو ئەو کێشە دەبڕایەوە، ئەگەر لێلیەک لە رەگەزی سۆمەریەکاندا هەیە، هۆکەی ئەوەیە، کە زاناکان بۆ ئەمکارە ئاوڕیان لە زمانی کوردی نەداوەتەوە) لێکۆڵەر



ئەگەر رەخنە لەوە دەگرێ، کە زانایان پەنایان بۆ زمانی کوردی نەبردووە، ئەوا بۆخۆی لە بەشێکی زۆری لێکۆڵینەوەکەی پشت بە بەراوردی زمانی کوردی و سۆمەری دەبەستێ و دەیان نمونە دەهێنێنەوە وەکو (کالۆ kalu، گلابۆ Gallabu، ئۆتۆ oto، ئورو uru) لەگەڵ دەیان وشەو ناوی تر، ئەوە جگە لە پێشینە خۆشکردنێکی باش لە رووی دەستووری زمانەوە بۆ سەلماندن و پشتگیری رایەکانی خۆی بە شێوەیەکی زانستی، لەبەشی داهاتوو دەچینە سەر بەشی وەڵامدانەوەی تیۆرە دەستکردەکەی(د.نائل حنون) بە پشت بەستن بە دەقە سۆمەرییەکان و بەشێکیش لەوانە ئەوەی، کە دکتۆر هەر خۆی وەریگێڕاونەتە سەر زمانی عەرەبی.

لەبەشی یەکەمدا باسی ئەوەمانکرد، کە بەردەوام (مێژووی کورد) و (جوگرافیای کوردستان) دەشێوێندرێ و بچوک دەکرێتەوە، لە رابردووێکی دوور هەتا ئێستای بەردەست، هەر ئێستا لەم بەشەی کە لەگەڵ عێراقدایە، کێشەکە بە هەردوو روویەوە بەگەرمی لە رۆژەڤە، ئەوەی کە کورد لە عێراق ماوەی هەشتا ساڵە بەدەستییەوە دەناڵێ و قوربانی بۆ دەدات، ئێستا پاش نەمانی رژێمی بەعس، زۆر ئاڵۆزتر و پڕ کێشە تر بووە، ئەو ناوچانەی، کە رژێمی رابردوو داگیری کردبوو، نکۆڵی لە کورد بوونی نەدەکرد، بۆ نمونە: لە سەردەمانی گفتوگۆی نێوان شۆرشی کورد و رژێمی رابردوو، لە گفتوگۆکەیدا، (تاریق عەزیز)، کە کاربەدەستێکی بەرزی رژێمی بەعس بوو، روو لە کوردەکان دەکاو دەڵێ:(کەرکووک هەتا دڵۆپە نەوتێکی تێدا بێ، بەتەمای مەبن، چ رۆژێکیش نەوتی تێدا نەما، وەکو قەپێلکە شقاتە فرێ دەدەینەوە بەردەمتان)، لەم قسەیەی تاریق عەزیز بەدەردەکەوێ، کە رژێمی بەعس لەسەر زاری ئەو بەرپرسە، بە کوردەکان دەڵێ:(ئێمە دەزانین کەرکووک خاکی کوردە، بەڵام هەتا نەوتی تێدابێ و دەسەڵاتمان هەبێ ناتاندەینەوە، کەی نەوتی تێدا نەما هی خۆتانە!!)، کەچی ئەگەر ئەمرۆ گوێ لەسەرانی عەرەبی عێراقی و راگەیاندنەکانیان رابگرین، ئەوە بە روونی بەدەردەکەوێ، کە ئەم (شۆرش گێرانەی دژی بەعس)زمانحاڵیان بە کورد دەڵێ:(هەتا ئەگەر کەرکووک نەوتیشی تێدانەما هەرهی ئێمەیە!!) واتە ئەم دەسەڵاتانەی ئێستابە قەپێلکە شقاتەیی و بە بەتاڵیش بە هی ئێمەی نازانن و ناماندەنەوە!، ئەمەی ئێستا عەرەبی عێراقی لە بارەی کەرکووکەوە دەیڵێن: لە داهاتوویەکی نزیکەوە، لە هەموو پارچەکانی کوردستان، داگیرکەران لەبارەی زۆری شاری ترەوە دەڵێن: واتە زۆر ناوچە و شاری تری کوردستان، دواجار دەکرێنە کێشە و کورد دەیان ساڵی تر، پێیانەوە دەهەژێتەوە و ناحەسێتەوە.

* لە رەوشێکی ئاوادا کورد بەزۆر و زەبری چەک، زەحمەتە بتوانێ ئەم هەموو ناوچەو شارانەی کەرکووک ئاساکە داگیرکراون، بەدەست



دوو خوداوەندی سۆمەرییەکان ١-خوداوەندی خۆر ٢- خوداوەندی ئەدەد- نوزی کەرکووکی ئێستا

ریکلام

Kurdistan Hewlêr

TV گەلی کوردستان- کەناڵی هەولێر
بەشی دۆبلاژ

زنجیرەی دۆبلاژکراوی کوردی

پەیمـــانی براکـــان

پێشکەش دەکات




لە ٥/١٠ ەوە
شەوانەو سەعات: ١٠

بەدرخان
Bedirxan
www.bedirxan.net
bedrxan@yahoo.com

■ خاوەن ئیمتیازو بەڕێوەبەری بەرپرس:
حەمید ئەبوبەکر بەدرخان (٠٧٥٠٤٥٥٥٨٧٨)
■ بەڕێوەبەری نووسین:
عەبدولڕەحمان مەعروف (٠٧٥٠٤٦٣٨٥٤١)
■ ستافی کارا:
حەسەن یاسین، نازم دڵبەند، کازم عومەر دەباغ، هێمن جەمیل، هەوراز محەمەد، محەمەد فەتاح، مەسعود ئیبراهیم، حەسیبە بابۆڵی.
■ نەخشەساز:
ئاسۆ حەسەن ئەحمەد (٠٧٥٠٤٤٧١٨٢١)

بەدرخان یەکەم هەفتەنامەی ئەهلی ئازادە، دوای راپەڕین ژمارە سفری لە ٢٢/١٠/٢٠٠٠ لە سلێمانی دەرچووەو هەموو ٨ و ٢٢ی مانگێک دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی بەدرخان لە باشووری کوردستان دەریدەکات

■ راوێژکاری مێژوو: د. عەبدوڵلا عەلیاوەیی
■ راوێژکاری زمانەوانیی: د.وریا عومەر ئەمین
■ راوێژکاری رووناکبیریی: د. هیمداد حوسێن
■ راوێژکاری کلتووری: خالید جوتیار
■ راوێژکاری هونەری: محەمەد زادە
■ بەشی کۆمپیوتەر: ئەیوب یوسف ئەبوبەکر

ناونیشان:
کوردستان، هەولێر، شەقامی ئاراس، باڵەخانەی سەرداری
نۆرماڵ: ٠٦٦ ٢٥١ ٠٦٧٩
مۆبایل: ٩٦٤ ٧٥٠ ٤٥٥ ٥٨٧٨ +
سلێمانی، باڵەخانەی رەحیمی مەلا عەلی
مۆبایل: ٩٦٤ ٧٧٠ ١٥٩ ٨٥٥٤ +